سامان ساڵح فەرەج

# نۆهەمین کابینەی
## حکومەتی هەرێمی کوردستان

### ناساندن، شیکردنەوە، تۆماری ١٠٠ رۆژی یەکەم



٢٠٢٠

به ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

# نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ناساندن، شیکردنەوە، تۆماری ١٠٠ رۆژی یەکەم

**سامان ساڵح فەرەج**

٢٠٢٠

" ... ڕانابوێرم بە فەقیری، ناکەم خزمەتی وەزیری،
نانی دەستێنم بە شێری، بە شیر نەبێت قەت پێك نایە،
سوێندم خواردووە بە وەڵڵایە، ناچمە سەفەری لەحسایە،
یاغی دەبم لە بەغدایە... "

عەلی بەردەشانیی

## **پێشکەشە بە:**

خاکی کوردستان؛ کە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ تەمەنی مندا لێی دەڕوات و چاوەڕوانی خەباتگێڕی جەسوورە، بۆ کێشانی نەخشە فراوانە ڕاستەقینەکەی، تا ئاسۆی دەوڵەتێکی لێ هەڵدێت.

- ناوی کتێب: نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
ناساندن، شیکردنەوە، تۆماری ١٠٠ ڕۆژی یەکەم
- ناوی نووسەر: سامان ساڵح فەرەج
- بابەت: توێژینەوە - زانستە ڕامیارییەکان
- تایپ و هەڵەچنین: توێژەر
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەڕۆك: جەلیل حسێن
- شوێنی چاپ: سلێمانی، هەرێمی کوردستان
- نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٠
- چاپخانە: چاپخانەی بینایی
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ (سێ هەزار) دینار
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی ژمارە ( ١٦١٣ )ی ساڵی ٢٠٢٠ دراوەتێ.

ئەم کتێبە؛ لەسەر ئەرکی توێژەر چاپکراوە و هەموو مافێکی بۆ توێژەر پارێزراوە.

# ناوەڕۆك

**بابەت** **لاپەرە**

پێشەکی:.......................................................................................١

## بەشی یەکەم: ناساندن

یەکەم:پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجامەکان..........١٠
دووەم: پێکهێنانی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان..................١٦
سێیەم: زانیارییەکان لەبارەی چۆنایەتی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان..........................................................................................٢٩

## بەشی دووەم:

## کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەت و شیکردنەوە و نرخاندن

یەکەم: کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوارەکانی کارکردن.........................................................................................٣٦
دووەم: دەقی کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم............................................٣٨
سێیەم: میتۆدی نەخاندنی کارنامەی حکومەت لە ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەتدا.........................................................................................٥١

## بەشی سێیەم: تۆماری ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

یەکەم: دیاریکردنی ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم.......................................................................................٨٩
دووەم: تۆماری ١٠٠ رۆژی یەکەم، بە گوێرەی رۆژ بە رۆژ.................................٩٦
راسپاردەکان: ............................................................................................١٧٢
پاشکۆی ژمارە یەك: بڕیاری ژمارە حەوت (٧)ی پەرلەمانی کوردستان...........١٧٤
پاشکۆی ژمارە دوو: بڕیاری ژمارە نۆ (٩)ی پەرلەمانی کوردستان....................١٧٥
لیستی سەرچاوەکان: ..................................................................................١٧٧
پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی...........................................................١٩٠

# ناوەڕۆکی خشتەکان


| لاپەڕە | خشتە | ز |
| --- | --- | --- |
| ١٢ | خشتەی ژمارە: ١-١<br>ڕێژەی دەنگدەرو بەشداریی و ژمارەی لیستەکانی خوولی پێنجەمی پەرلەمان دەخاتەڕوو: | ١ |
| ١٥-١٤ | خشتەی ژمارە : ١-٢<br>ژمارەی لیستی سەرکەتووی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەی دەنگ و کورسییەکانیان دەخاتەڕوو: | ٢ |
| ٢٥-٢٠ | خشتەی ژمارە: ١-٣<br>پێکهاتەی نۆیەمین کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠١٩، دەخاتەڕوو: | ٣ |
| ٢٨-٢٦ | خشتەی ژمارە: ١-٤<br>پێکهاتەی وەزاریی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم و ناو و پشك و ڕێژەی پارتە سیاسییە بەشداربووەکان دەخاتەڕوو: | ٤ |
| ٣٠ | خشتەی ژمارە: ١ - ٥<br>جیاوازی تەمەن لە نێوان وەزیرەکانی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو: | ٥ |
| ٣٠ | خشتەی ژمارە: ١ - ٦<br>ڕێژەی بەشداریی پێکهاتەکان لە ئاستی سەرۆك و جێگر و وەزیر لەناو نۆیەمین کابینەی حکومەت دەخاتەڕوو: | ٦ |
| ٣١ | خشتەی ژمارە: ١- ٧<br>ڕێژەی بەشداریی ژن، لە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو: | ٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨ | خشتەی ژمارە: ١- ٨<br>ژمارە و رێژەی بڕوانامەی سەرۆك، جێگر، وەزیرەكان، لە نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەخاتەڕوو: | ٣١ |
| ٩ | خشتەی ژمارە: ١- ٩<br>رێژەی پۆستەكان بەرامبەر بە پارێزگەكان، لە نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەخاتەڕوو: | ٣٢ |
| ١٠ | خشتەی ژمارە: ١- ١٠<br>پسپۆڕیی وەزیر، بەرامبەر بە كار و سروشتی وەزارەتەكەی لە نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەخاتەڕوو: | ٣٢ |
| ١١ | خشتەی ژمارە ٢-١<br>نرخی نیشاندەرەكانی لەیزینی حكومەت لەسەر ئاستی چاكسازیدا دەخاتەڕوو: | ٦٠-٦٣ |
| ١٢ | خشتەی ژمارە ٢-٢<br>نرخی نیشاندەرەكانی لەیزینی حكومەت لەسەر ئاستی خزمەتگوزاریدا دەخاتەڕوو: | ٦٤-٧٠ |
| ١٣ | خشتەی ژمارە ٢-٣<br>نرخی نیشاندەرەكانی لەیزینی حكومەت لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی فیدڕاڵ دەخاتەڕوو: | ٧١-٧٣ |
| ١٤ | خشتەی ژمارە ٢-٤<br>نرخی نیشاندەرەكانی لەیزینی حكومەت لەسەر ئاستی ئازادی و دیموكراسی و پێكەوەژیان دەخاتەڕوو: | ٧٤-٧٦ |
| ١٥ | خشتەی ژمارە ٢-٥<br>نرخی نیشاندەرەكانی لەیزینی حكومەت، لەسەر ئاستی پەیوەندییەكانی هەرێم و نێودەوڵەتیی دەخاتەڕوو: | ٧٧-٧٩ |
| ١٦ | خشتەی ژمارە ٢-٦<br>نرخی نیشاندەرەكانی لەیزینی حكومەت، لەسەر ئاستی ئابووری و دارایی دەخاتەروو: | ٨٠-٨١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | خشتەی ژمارە ٢-٧<br>نرخی نیشاندەرەکانی لەیزینی حکومەت، لەسەر ئاستی کارگێڕیی: | ٨٢ |
| ١٨ | خشتەی ژمارە: ٣- ١<br>ناو و ژمارەی مانگ و ژمارەی ١٠٠ رۆژی تەمەنی یەکەمی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو | ٩٢ |

# لیستی هێما کورتکراوەکان

| ژمارە | کورتکراوە | ناوی تەواو |
|---|---|---|
| -١ | (پ. د. ک) | پارتی دیموکراتی کوردستان. |
| -٢ | (ی. ن. ک) | یەکێتی نیشتمانی کوردستان. |
| -٣ | (ب. گ) | بزووتنەوەی گۆڕان. |
| -٤ | (ی. ئ) | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان. |
| -٥ | (ک. ئ) | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان. |
| -٦ | (ج. ن. ن) | جوڵانەوەی نەوەی نوێ. |
| -٧ | (و. پ م) | وەزارەتی پێشمەرگە. |

تێبینی: هەندێک لەم کورتکراوانە نافەرمین و لە نوسین و وتندا بەکارناهێنرێت، لێرەدا وەک هەوڵێک بۆ بەکارخستن و هێنانەکایەی نوسیومن.

# ئەم توێژینەوەیە:

لە دوای (ڕاپەڕین - شۆڕش)ی ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، بۆ ماوەی ٢٨ ساڵە ١٩٩٢-٢٠٢٠ لە هەرێمی کوردستاندا حکومەت هەیە، لەم ماوەیەدا بە گوێرەی بە دواداچوونەکانمان، کەمترین نووسین لەسەر دەزگەی "حکومەت" وەك یەکێك لە سێ دەسەڵاتە فەرمییەکەی هەرێمی کوردستان هەیە، بەشی زۆری نووسینەکانی کە لەسەر هەرێمی کوردستان دەنووسرێن، زۆرتر بۆ لایەنی سیاسیی و مێژوویی و پارتە سیاسییەکان دەچن، کەمتر خۆیان لە بابەتی حکومەت و دەزگە کارگێڕیی و کارەکانیان و کاریگەرییان لەسەر ژیانی هاوڵاتی دەدەن.

ئەم توێژینەوەیە؛ تۆمارێکی زانستییە و لە ناو لاپەڕەکانی مێژوودا جێی خۆی دەکاتەوە، بەشێوەی لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی زانیاریی و شرۆڤەو هەڵسەنگاندن نووسراوە، وایدەبینم بۆ کتێبخانەی کوردی، بەرهەمێکی گرنگ دەبێت!

مەبەست لەم توێژینەوە ئەوەیە؛ ناساندن بۆ حکومەت و پێکهاتەی کەسی و دەزگەیی و کارنامە و چۆنێتی کار و ستراتیژی حکومەت بخاتەڕوو. هەروەك دەیەوێت ڕووداو و گۆڕانکاریی و جووڵە و هاوکێشە سیاسییەکانی فەرمانڕەوایی؛ کە ڕۆژانە ئەنجام دەدرێن، لە یادنەکرێت و لە نێو کات و تەپوتۆزی ڕۆژگار و جەنجاڵییەکاندا ون نەبن بەڵکو ببنە ڕۆژژمێرێکی زانستیی بۆ بواری فەرمانڕەوایی و سیاسیی و کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە؛ یەکەمجارە توێژینەوەیەك لە هەرێمی کوردسان لە ساڵی ١٩٩٢ وە، بەمشێوەیە جەخت لەسەر ١٠٠ ڕۆژی دیاریکراوی کابینەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات و پابەندبێت بە بنەمای ڕاستی ڕووداوەکان و

وەك خۆی بیانگوازێتەوە و دوور لە مەبەستی سیاسی و حیزبی، بۆ خوێنەری بخاتەڕوو.

ناساندنی حکومەت لەڕووی کەسی و دەزگەیی و پێکهاتەو جۆراوجۆرێتییەوە، کارێکی باشە بۆ ئەرشیفی نەتەوەکەمان، چونکە هەتا ئێستاش دەزگەیەکی حکومیی، ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوە، ناوەندێکی توێژینەوە، یان لایەنی دیکە لە هەرێمی کوردستان بە حکومەت خۆیشییەوە، نییە، کە بەبێ سەرئێشەو بە شێوەیەکی زانستیی تۆماری ناو و زانیاریی سەرجەم کەس و پۆست و مێژووی دەستبەکاربوون و ئاڵوگۆڕ و بڕوانامەکان و زانیاری تری پەیوەست بە حکومەتی لەلاهەبێت و توێژەر بتوانێت دەستی بخات بۆ مەبەستی زانستی و بە دواداچوون، بەشێك لەمەبەستی توێژینەوەکە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە زانستییەیە.

# پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، باس لە کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنیدا دەکات، وەك ئاماژەیەك بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو ئامانجانەی کە لە کارنامەکەدا نووسراوە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە لە کارەکانی حکومەتەوە لەم ماوەیەدا کەوتۆتەوە.

نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٩-٢٠٢٣) وەك یەکێك لە کابینەکانی حکومەت "دەسەڵاتی جێبەجێکردن" و بەرپرسی سەرەکیی لە سیاسەتی گشتیی حکومەت لە هەرێمی کوردستان، لەدوای ئەوەی کە لە ٢٠١٩/٧/١٠ لە پەرلەمانی کوردستان، متمانەی پێبەخشرا، کارنامەیەکی بۆ جێبەجێکردن لە ماوەی چوار ساڵی کاری قانونیی خۆیدا خستەڕوو، کە لە ژێر حەوت ناونیشانی سەرەکیدا کارەکانی ریزکردبوون، هەر لە: تەوەری چاکسازیی یەوە هەتا بواری کارگێڕیی، کە نیشاندەری بەرنامە و ئامانجی پارتە سیاسییە پێکهێنەرەکانی حکومەت بۆ ئەو قۆناغەی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان دەردەخات.

کارنامەی حکومەت، پوختەی پەسندکراوی پەیامی پارتە سیاسییەکانە، کە وەك نەخشەرێگەیەك لە پێش هەڵمەتی هەڵبژاردن، بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن و لە قۆناغی بانگەشەدا بۆ هاوڵاتیان و رای گشتیی و لایەنگر و ئەندامانی پارتەکانیان دەیخەنەڕوو، تا ببێتە جێگەی سەرنج و وەرگرتنی دەنگی پەسەند لە دەنگدەران.

لەدوای تەواوبونی پرۆسەی هەڵبژاردن و یەکلاکردنەوەی لایەنی سەرکەوتوو، پەرلەمانی هەڵبژێردراو حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە گرنگەکانی قۆناغەکە رادەسپێرێت و لەسەر بنەمای کارنامەیەکی شیاو بۆ بەرژەوەندیە باڵاکانی وڵات و هاوڵاتیان متمانەی پێدەدات: حکومەت لە بەرامبەر کارنامەکەیدا کە، دەرخەری لەپێشینەیی کابینەکەیەتی بەرپرسە لە بەردەم هاوڵاتی و رای گشتیی و پەرلەماندا، دەبێت لەماوەی قانونیی خۆیدا لانیکەمی کارنامەکەی بە گوێرەی ئەوەی کە نووسراوە جێبەجێ بکات.

لە جیهاندا و لە بواری کولتووری گفتوگۆ لەبارەی نرخاندنی کارەکانی حکومەت و نیەت و توانای حکومەت بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی، ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی کابینەی حکومەت، وەك بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندنی توانا و بەرنامەی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی دەخرێتە بەرچاو، ئێمەش لێرەدا کار لەسەر ئەم لایەنە دەکەین.

-**گرنگیی توێژینەوەکە:** کاتێك کە باس لە هەر توێژینەوەیەك دەکرێت، رادەی گرنگیی و بایەخی زانستییەکەی لەوەدایە کە بۆشاییەکی ناسەوانیی - مەعریفی، پڕبکاتەوە و زانیاریی لە بارەی شتێکەوە بە دەستەوە بدات تا لەو بوارەدا تاریکاییەك رۆشنبکاتەوە و ببێت بەخشتێك لە کۆی خشتە پێکهێنەرەکانی بینای زانیاریی ئەو بوارەو بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لەسەر بنەمای پێڕەوی زانستیی، واتە هەر توێژینەوەیەك بەشێکە لە کۆی زنجیرەیەك زانیاریی پێشتووتری خۆی و دەبێتە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی زانیارییەکانی دوای خۆیشی، بۆیە لێرەدا گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی زانستی زانیارییەکانی رێکخستووە بۆ بابەتێکی دیاریکراو و لەکاتێکی دیاریکراودا بەپێڕەوی زانستیی.

لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ناساندن و باسکردنی پێکهاتەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خستنەڕو،

شیتەڵکردنی بڕگەکانی کارنامەی حکومەت و تۆماری ڕۆژانەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، کە لە پێش ئەم توێژینەوەیەدا کاری لەمجۆرە نەکراوە.

- **کێشەی توێژینەوەکە:** هەر توێژینەوەیەك بۆ وەڵامدانەوەیەکی زانستیی (ئەرێیی یان نەرێیی) پرسێك یان بابەتێکی ناڕۆشن ئەنجامدەدرێت و وەڵامێکی لێکۆڵراوە و بە زانیارییە، بۆ پرسێکی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراودا، پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لەوەی کە:

ئایا نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانیویەتی لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی تەمەنی خۆیدا لانیکەمی نیەت و بەرنامەی خۆی بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی جێبەجێکات؟

یاخود پرسێکی لاوەکیی دیکە بکەین کە: ئایا کارنامەی حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا کە متمانە لە پەرلەمان وەردەگرێت، هەر نووسراوێکی سیمبوڵیکە بۆ تێپەڕاندنی ڕێکاری قانونیی، یان بەرنامەی سەرەکیی و لەپێشینەیی حکومەتە بۆ جێبەجێکردن و پێویستە حکومەت لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێی بکات؟

- **گریمانەی توێژینەوەکە:** وەك وەڵامێکی خێرا بۆ پرسی توێژینەوەکە، گریمانەی ئەوە دەخەینەڕووو کە: کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، دوور لە ڕەچاوکردنی تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێکهاتەی حکومەتەکە نووسراوە و کەمترین ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی تێدایە و چەندین وشەی لاستیکی و ناڕونی تێدایە و زۆرتر لایەنی پیشاندانی توانا و گەشبینی تێدایە، وەك لە ڕەچاوکردنی واقیع و بارودۆخ و پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- **میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە بە پێڕەوی زانستیی، میتۆدی نیشاندەری لەیزینی سەرەکیی (Key Performance Indicator)

( مؤشرات الأداء الرئيسى)مان بەکارهێناوە تا لە ئەنجامی شیتەڵکردنی  بڕگە بە بڕگەی کارنامەی حکومەت، ئەنجامێکی زیرەکانەمان بە ژمارە، لێیەوە دەستبکەوێت و بتوانین نرخاندن بۆ لەیزین (أداء)ی حکومەت لە ماوەی دیاریکراودا کە، ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتە بکەین.

- **هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** دەکرێت هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە بۆ دوو لایەن بگێڕینەوە:

١- پاڵنەری کەسیی: بە گوێرەی ئەوەی کە ماستەر نامەکەم لێکۆڵینەوەیەك بوو لە بارەی؛ فراوانبوونی دەزگەکانی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان... ، هەر لە سەردەمی بەرەی کوردستانییەوە هەتا هەشتەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، لێکۆڵینەوە لەم کابینەیەی حکومەتیش بۆ من بایەخی زانستی خۆی هەبوو، تا بچێتە پاڵ هەوڵە زانستییەکانی دیکەم لەمبوارەدا و هیچ دەزگە و کابینەیەکی حکومەت نەبێت کە لە ڕووی نوسینەوە جێبمێنێت و بە زمانی شیرینی کوردی لەسەری نەنووسرێت.

٢- هۆکاری بابەتیی: لەڕووی بابەتییەوە زۆر گرنگە کە، کتێبخانەی کوردی بە زمانی شیرینی کوردی لەسەر هەر دیاردەیەکی سیاسیی و فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان  نووسینی هەبێت، بە تایبەت ئێمەی کورد لەماوەی ساڵانی ژێر دەستەییدا و بە ئێستایشەوە، کەمترین نووسینمان لە بارەی ڕووداوەکانی ژیانی خۆمانەوە هەیە، گەر هەشبێت لەکاتی خۆیدا نییە و زۆرجار لەبەر تێپەڕینی زۆریی کات بەسەر ڕووداوەکاندا، هەندێك لە ڕاستییەکان وندەبن و ئەم کابینەیەی حکومەتیش شیاوی چەندین نووسینی زانستی لەمە باشترە.

-**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو ئاستدا دابەشدەبێت:

١- سنووری بابەتیی: مەبەست لە سنووری بابەتیی بریتییە لەو دەزگەیەی کە ئێمە توێژینەوەکەمان لە بارەیەوە کردووە، واتە بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لە: دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لەناو دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشدا تەنها "کابینەی حکومەتی هەرێم- ئەنجومەنی وەزیران" دەگرێتەوە.

٢- سنووری کاتیی: بریتییە لە ماوەی دامەزراندنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠١٩/٧/١٠ هەتا ٢٠١٩/١٠/١٧، واتە ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم.

- **ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:** لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

١- نەبوونی توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەو دەردەست لە مبارەیەوە، لەبەر تازەیی بابەتەکە.

٢- نەبوونی تۆماری دەزگایەکی حکومەتیی کە سەرجەم رووداو و کار و چالاکییەکانی حکومەتی تێدا تۆمار کرابێت.

٣- کەمیی کات بۆ توێژەر بەهۆی دیاریکراوی سنووری کاتیی توێژینەوەکەو کارەکانی توێژەر لە هەمانکاتدا.

٤- پەرش و بڵاویی سەرچاوەکان.

- **پەیکەری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بریتییە لە: ناساندن و وەك دەروازەیەك لە سەرەتاوە باسی پێکهاتنی حکومەت و پێکهاتە کەسیی و سیاسییەکەی حکومەت دەکات و چەندین خشتەی تێدایە کە زانیاریی لە بارەی حکومەتەوە لەلایەنە جیاوازەکانەوە دەخاتەڕوو.

بەشی دووەم: بۆ نرخاندنی کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەت تەرخانکراوە و تەوەرەکانی کارنامەکە، بڕگە بە بڕگە شیتەڵکراوە و بە میتۆدی نیشاندەری

لەیزینی سەرەکیی، نرخاندن بۆ کارەکانی حکومەت لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم کراوە و هەر بەشێکیش ئەنجامگیریی خۆی هەیە.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە بریتییە لە: ساغکردنەوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەت بە گوێرەی قانون و رۆژی متمانە وەرگرتن، دواتر تۆماری رۆژ بە رۆژی هەموو کار و چالاکیی و بڕیار و کۆبوونەوەی حکومەت لەماوەی ١٠٠ رۆژدا کراوە.

لە کۆتاییدا وایدەبینم کە، ئەم کارە هەنگاوێکی سەرەتاییە،هیچ هەنگاوێکی سەرەتایی بێ کەموکورتیی نابێت، هیوادارم لە دوای منەوە کەسانی دڵسۆز مامۆستایان و توێژەر و نووسەران، هەڵە و کەموکورتییەکانمان بۆ راست بکەنەوە.

# بەشی یەکەم

# ناساندن

# سەرەتا:

لەبەشی یەکەمدا، ناساندن بۆ پێکهاتەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم لە زۆربەی لایەنەکانەوە دەکەین، تا لەرێگەی ناساندنەوە، بتوانین لە توانای حکومەت بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی بڕوانین، هەروەها زانیاریی لەبارەی پێنجەمین خوولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە دەدەین کە ئەم حکومەتە بەرهەمی ئەو خوولەی هەڵبژاردنە لە ٢٠١٨/٩/٣٠دا.

کابینەی حکومەت "ئەنجومەنی وەزیران" لە هەرێمی کوردستان، کۆڵەکەی سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستانەو سەرچاوەی کۆبوونەوەی هێزی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی هەرێمی کوردستانەو زۆرینەی دەسەڵاتەکانی لەلا کۆبۆتەوە.

لێرەدابۆ ناساندنی بنەڕەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان واباشە هەندێك روونکردنەوە بدەین. سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان کە سیستەمێکی پەرلەمانیە، تێیدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لە دوو ئاست پێکدێن:

١- سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکایەتی هەرێم.

٢- سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکایەتی حکومەت "ئەنجومەنی وەزیران".

هەردوو ئاستی دەسەڵات، بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دێنە هەژمار، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینەی جێبەجێکردن و بەرپرسیارێتی لەبەردەم پەرلەماندا، لە ئەستۆی ئەنجوومەنی وەزیراندایە و بەرپرسی راستەوخۆیە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی هەرێمی کوردستان لە بواری جێبەجێکردندا.

لەماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا ١٩٩٢-٢٠١٩ لە هەرێمی کوردستان بە دوو قۆناغی جیاواز فەرمانڕەوایەتیکراوە، یەکەمیان لە ١٩٩٢-٢٠٠٥ واتە هەتا نووسینی دەستوری نوێی کۆماری فیدراڵی عێراق" دووەمیش ٢٠٠٦ کە کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی تێدا دامەزرێنرا هەتا ئێستا ٢٠١٩ کە لەدوای یەکگرتنەوەوە پێنج کابینە دامەزراوە.

یەکێك لە دیاردە هەرە ئاشکراکانی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بریتییە لە بەرێکردنی کاروباری رۆژانەی خەڵك بەبێ گەڕانەوە بۆ پلان و بەرنامەی کار"بێ پلان" و کارنەکردن لەسەر کارنامەی نووسراوی حکومەت، کە لەماوەی رابردوودا بابەتێك کە جێی مشتومڕ و لێپرسینەوە نەبووبێت "کارنامەی متمانەپێدراوی حکومەت" بووە، کە لە رەفتاری سیاسیی پارتە بەشداربووەکانی حکومەتدا پابەندبوونێکی تەواو پێوەی نییە، بەجۆرێك کە یەکێك لە بەرنامەکانی یەکەمین کابینەی حکومەت بریتیی بوو لە: دامەزراندنی دەزگەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڵام خۆی وەك دەزگەیەکی باڵا، تەمەنی تەنها (یەك ساڵ) بوو، کابینەی دوای ئەویش سەرباری باسی یەکخستنی هێزی پ.م، بەڵام شەڕی ناوخۆی لێهاتەبەر و لەم کابینەیەشدا "نۆیەمین کابینە" دروشم و کارنامەکەی روونە، ئەم توێژینەوەیە وەک دەروازەیەک دەبێت بۆ پاشەڕۆژ بڕوانین، تا بزانین چی لێدێتە بەرهەم.

## بەشی یەکەم: ناساندن

لەم بەشەدا زانیاری لە بارەی پرۆسەی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٨/٩/٣٠ و ئەنجامەکان و ناساندن و پێکهێنانی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم و چەند زانیارییەکی تایبەت بە پێکهاتەی کەسیی و تەمەن و جۆری کۆمەڵایەتی و "جێندەر"... تاد لە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، دەخەینەڕوو.

### یەکەم: پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجامەکان

دوای پڕۆسەی راپرسی گشتیی- ریفراندۆم، بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، لە ٢٥/ئەیلولی/٢٠١٧، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان-ئەوکات، وازی لە پۆستەکەی هێناو دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بە گوێرەی قانونی ژمارە "دوو"ی ساڵی ٢٠١٧، هەڵپەسێردرا و دەسەڵاتەکانی بە گوێرەی پسپۆڕیی، بەسەر پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریی، (دامەزراوە دەستوورییەکان)ی هەرێمی کوردستان دا، دابەشکران([1]).

لە ئەنجامی دروستبوونی بۆشایی دامەزراوەیی و درەنگکەوتنی کاتی ئاسایی و قانونیی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە مەرسومی ژمارە "یەك"ی ساڵی ٢٠١٨، بە گوێرەی قانونی ژمارە "دوو"ی ساڵی ٢٠١٧ی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی

---

[1] پێگەی پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەم، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٩/٧/٢٧ سەردانیکراوە:
https://www.parliament.krd/%D8%AF%DB%95%D8%B1%D8%A8%D8%A7%D8%B1%DB%95%DB%8C-

هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێمدا، رۆژی ٣٠/ ئەیلول/ ٢٠١٨ی بۆ هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دیاریکرد([٢]).

پرۆسەی هەڵبژاردن، لەکاتی دیاریکراودا ٣٠/ئەیلول/٢٠١٨ بەڕێوەچوو، لە بری جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان بە ئامێری زیرەك (ئەلیکترۆنی)، کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە پێش هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان کاری پێکرابوو وە نارەزایی زۆری پارتە سیاسییە سەر نەکەوتووەکانی لێکەوتەوە، جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان بە "دەستیی" جێبەجێکرا و لە کۆتاییدا بە گوێرەی دوائەنجام کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند؛ رێژەی دەنگدەر و بەشداریی لە هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەمجۆرەی خوارەوە بوو.

[٢] هەمان سەرچاوە.

**خشتەی ژمارە: ١-١**
**ڕێژەی دەنگدەر و بەشداریی و ژمارەی لیستەکانی خوولی پێنجەمی پەرلەمان دەخاتەڕوو**

| ز | ژمارە | زانیاری و ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|
| ١ | ٣.٠٨٥.٤٦١ | ژمارەی کۆی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لە هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨/٩/٣٠ |
| ٢ | ١.٨٤٥.٩٧٩ | ژمارەی ئەوانەی بەشدارییان کردووە لە هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨/٩/٣٠ |
| ٣ | %٥٩ | ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨/٩/٣٠ |
| ٤ | ٢٩ | ژمارەی لیستی پارت و قەوارە و هاوپەیمانێتییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٨/٩/٣٠ |

سەرچاوە: خشتەکە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە، بەسوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی پێگەی پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەم، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٩/٧/٢٧ سەردانیکراوە:
https://www.parliament.krd/%D8%AF%DB%95%D8%B1%D8%A8

لە دوای یەك مانگ و پێنج رۆژ لە هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لە ٥/ تشرینی یەکەم/ ٢٠١٨، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: دەسەڵاتی دادوەریی لە مەرسومێکدا بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە بۆ بەستنی یەکەمین کۆبوونەوە و لەبەر رۆشنایی ئەو مەرسومەی دەسەڵاتی دادوەرییدا کە (بەگوێرەی قانونی ژمارە ٢ ی ٢٠١٧ و پسپۆڕییەکەی ئەم دەسەڵاتەی پێدرابوو، نەك ئەوەی بانگهێشتکردن کاری ئەو بێت) پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: کە لە ٦/ تشرینی دووەم/٢٠١٨، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی دەبەستێت([٣]).

بەمشێوەیە؛ لە دوای ٣٦ رۆژ، لە هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و ساغکردنەوە و بڕیار لێدانی سەرجەم تانەو داواکانی کە لەسەر هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٨/٩/٣٠ هەبوون، پەرلەمانی کوردستان، لە ٦/ تشرینی دووەم/٢٠١٨، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام پەرلەمان، بەناوی رێڤینگ محەمەد محەمەد عەلی، کە لە لیستی پ.د.ك بوو، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا.

بە گوێرەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارەی لیستە سەرکەوتووەکان و دەنگەکانیان بەمجۆرەی خوارەوەیە کە لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو:

---

[٣] بڕوانە وەقایعی کوردستان، ژمارە ٢٣١، ٢٠١٨/١١/٦و هەروەها پێگەی ئەنجوومەنی ناوەندی ی.ن.ك، یەکەمین کۆبوونەوەی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٨/١٠/٢٥ وەرگیراوە:
https://pukcc.net/%DB%8C%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D9%87%

**خشتەی ژمارە : ٢-١**

**ژمارەی لیستی سەرکەتووی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەی دەنگ و کورسییەکانیان دەخاتەڕوو**

| ز | ناوی لیستی سیاسی سەرکەتوو | ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ك) | ٦٨٨٠٧٠ | 45 |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ك) | ٣١٩٩١٢ | 21 |
| ٣ | بزووتنەوەی گۆڕان (ب.گ) | ١٨٦٩٠٣ | 12 |
| ٤ | جوڵانەوەی نەوەی نوێ (ج.ن.ن) | ١٢٧١١٥ | 8 |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان (ك.ئ.ك) | ١٠٩٤٩٤ | 7 |
| ٦ | هاوپەیمانی بەرەو ئیسڵاح -یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان (ی. ئ.ك) | ٦٧٧١٢ | 5 |
| ٧ | لیستی سەردەم-حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان (حسدك) | ١٥٤٣٤ | 1 |
| ٨ | لیستی ئازادی | ٨٠٦٣ | 1 |
| ٩ | پارتی گەشەپێدانی تورکمان | ٣٣١٨ | 2 |
| ١٠ | پارتی چاکسازیی تورکمانی | ٣١٢٥ | 1 |
| ١١ | لیستی میللەت | ٨٨٥ | 1 |
| ١٢ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١٥٤٥ | 1 |
| ١٣ | هاوپەیمانی یەکێتیی نەتەوەیی | ٨٠٨٨ | 3 |
| ١٤ | لیستی رافیدەین | ٢٦٢٦ | 1 |
| ١٥ | ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی و ئاشووری | ٢٩٦٣ | 1 |
| ١٦ | لیستی ئەرمەن | ٦١٥ | 1 |

سەرچاوە: پێگەی پەرلەمانی کوردستان مێژووی هەلبژاردنی خوولی پێنجەم، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٩/١٠/٢٦ وەرگیراوە:
https://www.parliament.krd/%D8%AF%DB%95%D8%B1%D8%A8%D8%A7%D8%B1%DB%95%DB%8C-

ئەوەی لە زانیارییەکانی نێو ئەم خشتەیەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە و دەتوانین شیکردنەوەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە:

١- لە کۆی ٢٩ لیستی بەشداربووی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەم تەنها ١٦ لیست توانیویانە دەنگ بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانیی مسۆگەر بکەن.

٢- لە کۆی ١٦ لیستی سەرکەتوو، کە کورسی پەرلەمانی یان بەدەستهێناوە "هەشت" لیستی پێکهاتەکان بوون کە ئەوانیش "چوار" لیستی تورکمان و "چوار" لیستی پێکهاتەی مەسیحیی یەکان بوون کە خۆیان لە کلدانی و سریانی و ئاشوورییدا دەبینییەوە.

٣- لە کۆی "هەشت" لیستی تورکمان و پێکهاتەی مەسیحیی، تەنها ٢٣ هەزار و ١٦٥ کەس کە مافی دەنگانی هەبووە، دەنگیان داوە بە لیستە سەرکەوتووەکان، کە ئەم ڕێژەیە دەکاتە ١.٢%ی هەموو ئەوانەی کە لە خووڵی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا دەنگیان داوە، هەروەها دەکاتە: ٠.٧٥%ی کۆی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان کە مافی دەنگدانیان هەبووە لە ٢٠١٨/٩/٣٠.

٤- هەروەها ٧٣%ی کۆی دەنگدەری خەڵکی هەرێمی کوردستان، لە ٣٠/ئەیلول/٢٠١٨، دەنگیان بەو حیزب و لایەنانەداوە کە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێکهێناوە.

٥- هەروەها ٦٤.٧%ی دەنگدەری هەرێمی کوردستان، دەنگیان بە هەرسێ لایەنی سەرەکیی پێکهێنەری کابینەی حکومەت؛ پ.د.ك و ی.ن.ك و ب.گ.(بزووتنەوەی گۆڕان) داوە کە ژمارەی دەنگەکان دەکاتە: ١ ملیۆن و ١٩٤هەزار و ٨٨٥ دەنگ.

## دووەم: پێکهێنانی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پرۆسەی پێکهێنانی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێك لە درێژترین قۆناغەکانی پێکهێنانی حکومەت بووە لە هەرێمی کوردسان لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠١٩، کە لە دوای هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ هەتا ١٠ی تەمموزی ٢٠١٩ی خایاند، واتە لەدوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٨/١١/٦ بۆ ٢٠١٩/٧/١٠ کە زیاتر لە نۆ مانگ دەکات.

ئەم ماوەیە، گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان، ناکۆك و پڕ لە هەواڵی خراپ و پەیوەندی خراپی نێوان هەر دوو پارتی سەرەکیی هەرێمی کوردستان، پ.د.ك و ی.ن.ك و توندوتیژیی لە راگەیاندن و لێدوانەکان بوو.

لەم ماوەیەدا؛ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، کە پێشتر بە هۆی ناکۆکیی سیاسیی و ڕێگریکردن لە سەرۆکی پێشوتری پەرلەمان، لەسەر پشکی بزووتنەوەی گۆڕان و دەرکردنی وەزیرەکانی ئەو بزوتنەوەیە لەسەر کارەکانیان لە هەشتەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بەرەو باشبوون رۆیشت، بزووتنەوەی گۆڕان وێڕای ئەوەی تەنها ١٢ کورسی لە کۆی ١٠٠ (کورسیی گشتیی) (جگە لە کۆتاکان کە ١١ کورسییە) لە هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەدەستهێنابوو، کە دەکاتە لە(١٢%)، پشکێکی زیاتری بە بەراورد لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە لەناو کابینەی حکومەتدا وەرگرت،کە (٣٤،١٧%)ی پۆستەکانی حکومەت کە دەکاتە چوار "٤" وەزیر لە نۆیەمین کابینەدا، پێویستە ئەوەش روونبکرێتەوە کە، هیچ پێوەرێکی قانونمان بۆ ئەوە نییە کە، هەر پارتێکی سیاسیی رێژەکەی لە پەرلەماندا چەندبێت، دەبێت هێندەش لە کابینەی حکومەتدا وەربگرێت. ئەم رێژەیە جگە لە پۆستی

جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری چاکسازیی کە هەتا تەواوبوونی ماوەی ١٠٠ رۆژی تەمەنی حکومەت و دواتریش بزووتنەوەی گۆڕان ئەو پۆستەی وەرنەگرتووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ی.ن.ك، بە ٢١ کورسی پەرلەمانەوە "٦" وەزیر و جێگری سەرۆکی حکومەتی، بەرکەوتووە، کە وەزیریکیان، وەزیری هەرێمە، کە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان، پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ چاکسازیی وەربگرێت رێژەکەی لەناو کابینەی حکومەت بەرزدەبێتەوە بۆ (٨٣،٢٠%).

لەناو راگەیاندن و رای گشتیی کوردستان، ئەم بابەتە والێکدەدرایەوە کە، هەوڵێك بێت لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ پەراوێز خستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دروستکردنی کابینەی نوێی حکومەت بە بێ ی.ن.ك. لەم چوارچێوەیەشدا بەرپرسانی پ.د.ك چەند لێدوان و هەنگاوێکیان بە پاڵپشتی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵهێناو بەبێ رێککەوتن لەگەڵ ی.ن.ك، چەند کارێك ئەنجامدرا، لە کاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستانیش، دەیانزانی کە ئەوکارە، سەرناگرێت و ئەگەر کارێکی لەو جۆرەش بکرێت، ئەوا پەرتبوونی ماڵی کورد و لەناوچوونی هەرێمی کوردستانی لێدێتە بەرهەم.

لەم چوارچێوەیەدا لە ١٦ی نیسان/ ٢٠١٩، فازیل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پ.د.ك، بە کەناڵی تەلەفزیۆنی NRT راگەیاند: "یەکێتی وەڵامی ئێمەی نەداوەتە و بەبێ ئەوان ئێمە حکومەت پێکدەهێنین و پۆستەکانیان بە بەتاڵی دەهێڵینەوە"([٤]). وەك نەریتێکی باوی سیاسیی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەپێش هەموویشیاندا پ.د.ك و ی.ن.ك، سڵ لە هیچ کارێك ناکەنەوە بۆ شکاندنی یەکتری، جا ئەگەر چی ئەوکارە نەمان و لاوازبوونی هەرێمی

---

[٤] کەناڵی تەلەفزیۆنی NRT لە 16/4/2019 وەرگیراوە.

کوردستانیشی لێبکەوێتەوە" نمونەی لەوجۆرەش زۆرن لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا هەر لەشەڕی ناوخۆوە بۆ هەموو ڕووداوەکانی دیکە.

لە چوارچێوەی ئەو کارانەی  کە پ.د.ك و بزووتنەوەی گۆڕان کردیان، چەند کارتێکیان پیشانی ی.ن.ك دا و بەرپرسانی ی.ن.ك یش چەندینجار هەڕەشەی سەرنەکەوتنی حکومەت و دووئیدارەییان وەك بژاردەیەك دەخستەڕوو، لە لێدوانێکدا ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی ی.ن.ك، دەڵێت: "ئەوە ئەرز و ئەوە گەز، با پارتی و گۆڕان پێکەوە حکومەت پێکبهێنن، ئەوە کەی کێشەیە"([5]). ئەمەش وەکجۆرێك لە بێ منەتی لەوەی کە ناتوانرێت حکومەتی هەرێم بەبێ ی.ن.ك، پێکبهێنرێت. لەو کارانەی کە لەوماوەیەدا بەبێ ی.ن.ك ئەنجامدرا، وەك:

١- هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لە پ.د.ك و تورکمان، کە بە گوێرەی ڕێککەوتنی دابەشکردنی پۆستەکان سەرۆکی پەرلەمان پشکی ی.ن.ك، بوو، بەڵام پ.د.ك سەرۆکی پەرلەمانی دانا تا ی.ن.ك رازی بوون بێنە ناو حکومەت[٦].

٢- هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، لە  رۆژی ٢٨/مایسی/٢٠١٩.

٣- راسپاردنی بەربژێری سەرۆکی حکومەت "مەسرور بارزانی، لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ پێکهێنانی نۆیەمین کابینەی  حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەرەنجام و دوای ئەو هەموو ماوەیە و بوونی ململانێیەکی توند، رۆژی ٢٨/مایسی/٢٠١٩ لەدانیشتنی ژمارەی "شەش" ی ئاسایی خوولی بەهارەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن،بەپێی حوکمی خاڵی (٥ و ٦)ی بڕگەی

---

[٥] ئارێز عەبدوڵڵا،  پێگەی نیشان پرێس، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ وەرگیراوە https://nishan.org/%d8%a8%d8%a7-%d9%be%d8%a7%d8%b1%d8%aa%db%8c-

[٦] رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە ٢٣٣، ٢٠١٩/٢/١٨.

(یەکەم)ی ماددەی (٤) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩، "یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسندکردنی دەستوور"([٧])، نێچیرڤان ئیدریس بارزانی، لەناو پێنج کاندید دا لە کۆی دەنگی ٨١ پەرلەمانتاری ئامادەبوو ٦٨ دەنگی بەدەستهێناو بوو بە دووەمین سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوای مەسعود بارزانی، ٢٠٠٥- ٢٠١٧ کە بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لەو پۆستەدا بوو.

لە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرِێزێری پ.د.ك، وەك براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، مەسرور مەسعود بارزانی، بۆ پێکهێانی نۆیەمین کابینەی حکومەت راسپاردو لە دوا کاتی دیاریکراوی خۆیدا کە بە گوێرەی قانون بریتییە لە: یەك مانگ، دوای راسپاردن، کابینەکەی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد و لەدانیشتنی ژمارە ١٣ی ١٠/تەمموز/٢٠١٩، لە پەرلەمانی کوردستان، نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم متمانەی پێبەخشرا، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا پێکهاتەکەی دەخەینەڕوو.

---

[٧] نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان هەلبژێردرا، لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە وەرگیراوە:
https://kurdistantv.net/ku/2019/05/28/kurdistan/%D8%B3%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%DB%86%D9%83%D8%A

## خشتەی ژمارە: ٣-١

## پێکهاتەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠١٩، دەخاتەڕوو:

| ژ | ناو | ساڵی لە دایکبوون | پۆست | بڕوانامە | شوێنی خوێندن و بڕوانامە | شوێنی نیشتەجێبوون | باری خێزانی | ژ. منداڵ | لایەنی سیاسی | پاشخانی سیاسی و بنەماڵەیی - خێزانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | مەسرور مەسعود موستەفا بارزانی | ١٩٦٩/٣/٢ | سەرۆکی حکومەت و وەزیری سامانە سروشتیەکان بەوەکالەت | ماستەر، زانستە رامیاریەکان | ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا | هەولێر | خێزاندارە | ٤ منداڵ ٣ کوڕو کچێک | پارتی دیموکراتی کوردستان | کوڕی سەرۆکی پێشوی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی و ئامۆزای سەرۆکی هەرێمی ئێستای کوردستان، نێچیرڤان بارزانی یەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پ.د.ک. |
| ٢ | قوباد جەلال حیسامەدین تاڵەبانی | ١٩٧٧ | جێگری سەرۆکی حکومەت | بڕوانامەی ئەندازەی میکانیك | بەریتانیا - لەندەن | هەولێر | خێزاندارە | ٢ منداڵ، یەك کوڕ و یەك کچ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | کوڕی سەرۆکی پێشووتری عێراق و سکرتێری پێشووی کۆچکردووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مام جەلال تاڵەبانی یە و کچەزای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پێشووتری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان (ساڵی شەستەکان) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ی.ن.ك. |
| ٣ | فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا | ١٩٤٦ | وەزیری داد | بەکالۆریۆس لە ماف | بەغداد | دهۆك | خێزاندار | - | پارتی دیموکراتی کوردستان | لە ساڵی ١٩٩٢ لە پەرلەمانی کوردستان وەك ئەندام پەرلەمان - سکرتێری پەرلەمان، کاری کردووە هەتا ساڵی ٢٠١٥ و دواتر وەك راوێژکاری حکومەت کاری کردووە تا پۆستی وەزیری دادی وەرگرتووە و ماوەیەکیش لە ئەنجومەنی حوکم ئەندامی شاندی پارتی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٤ بووە. |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | رێبەر ئەحمەد خالید | ١٩٦٨ | وەزیری ناوخۆ | ماستەر لە ئاسایشی نیشتمانی ٢٠٠٧ | بەغداد | هەولێر | خێزاندار | - | پارتی دیموکراتی کوردستان | پێشتر پلەی لیوا بووە و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی هاوبەش لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٢ تا ئێستا. |
| ٥ | شۆڕش ئیسماعیل عەبدوڵلا | ١٩٥٧ | و. کاروباری پێشمەرگە | بەکالۆریۆس لە قانون و رامیاری | سلێمانی | سلێمانی | خێزاندار | - | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٢٠٠٨ تا بوونی بە وەزیر لەم کابینەیەدا. |
| ٦ | ئاوات جەناب نوری ساڵح | ١٩٥٨ | و. دارایی و ئابووری | بەکالۆریۆس لە قانون | - | سلێمانی | خێزاندار | ٣ کوڕ | بزووتنەوەی گۆڕان | پێشتر لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاری کردووە و جگە لە پۆستی قایمقامی سلێمانی، تا پۆستی بریکاری وەزیری گواستنەوە لە ١٩٩٨-١٩٩٩ رۆشتووە، لە قۆناغی دوو ئیدارەیی دا، کوڕەزای شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیرە و پلەی باڵای حیزبی لەناو بزووتنەوەی گۆڕان هەیە. |
| ٧ | سامان حسێن محەمەد بەرزنجی | ١٩٧٨ | و. تەندروستی | دکتۆرا لە تەندورستی کۆمەڵ | هەولێر - زانکۆی پزیشکی هەولێر | هەولێر | خێزاندار | دوو کچ و یەك کوڕ | پ.د.ك | کادری پارتی دیموکراتی کوردستانە و پێشتر بەڕێوەبەری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی تەندروستی پارێزگەی هەولێر بووە. |
| ٨ | ئالان حەمە سەعید ساڵح محەمەد | ١٩٨١ | و. پەروەردە | ماستەر لە زانستە رامیارییەکان و خوێندکاری دوکتۆرا لەهەمان بوار | زانکۆی سلێمانی | سلێمانی | خێزاندار | سێ منداڵ | پ.د.ك | ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پ.د.ك لە سنووری سلێمانی- هەڵەبجە و پێشتر بەرپرسی لقی ٢١ی پ.د.ك بووە. |
| ٩ | دانا عەبدولکەریم حەمە ساڵح عەبدولڕەحمان | ١٩٧٣ | و.ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | بەکالۆریۆس - ئەندازیاری شارستانی | - | سلێمانی | خێزاندار | یەك کوڕ و یەك کچ | بزووتنەوەی گۆڕان | پێشتر کادری ی.ن.ك بووە و لە خوولی یەکەمی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر لیستی ی.ن.ك ئەندامی ئەنجومەنەکە بووەو لێپرسراوی پڕۆژەکانی پارێزگەی سلێمانی بووە و لەناو بزوتنەوەی گۆڕان، بەرپرسی ژووری حکومەت بووە. |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ساسان عوسمان عەونی حەبیب | ١٩٧٠ | و. شارەزانی و گەشت و گوزار | ماستەر لە کارگێڕی کار و ئیکۆنۆمی | فەرەنسا - هەولێر، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی و ئەمیانس | هەولێر | خێزاندار | سێ منداڵ | پ.د.ك | بەرپرسی دەستەی رێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی پ.د.ك لە ٢٠١٧ وە. |
| ١١ | ئارام محەمەد قادر ئەمین | ١٩٧٢ | و.خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی | دکتۆرا- ئەدەبیات، زانکۆی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | خێزاندار | - | ی.ن.ك | جێگری بەرپرسی مەکتەبی شەهیدانی ی.ن.ك، برای عەدنان حەمەی مینا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی. لە ساڵی ٢٠١٨ کاتێك د. بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وازی لە ی.ن.ك هێنا و هاوپەیمانی نیشتمانیی بۆ دیموکراتی و دادپەروەری دروستکرد، د.ئارام، یەکێك بوو لە دەستەی دامەزرێنەری هاوپەیمانێتییەکە. |
| ١٢ | دارا رەشید مەحمود | ١٩٧٦ | و.پلاندانان | ماستەر | زانکۆی پزیشکی هەولێر | هەولێر | خێزاندار | - | ی.ن.ك | کادری یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە و لەناو وەزارەتی تەندروستی بەڕێوەبەری گشتی دیوان بووە و لە ٢٠١٣ تا ٢٠١٨، لە هەولێر سەرۆکی سندوقی کۆمەك بە تووشبووانی شێرپەنجە بووە. |
| ١٣ | کوێستان محەمەد عەبدوڵلا مەعروف | ١٩٦٥ | و. کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | بەکالۆریۆس - ماتماتیك | - | سلێمانی | خێزاندار | دوو کوڕ | بزووتنەوەی گۆڕان | پێشتر کادری ی.ن.ك بووە لە مەکتەبی رێکخستن، لەدوو خوولی پەرلەمان ٢٠٠٨-٢٠١٣ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، جارێك لەسەر لیستی سەوز و جارێك لەسەر لیستی بزووتنەوەی گۆڕان. |
| ١٤ | محەمەد سەعید عەلی (حەمەی حەمە سەعید) | ١٩٦٢ | و. رۆشنبیریی و لاوان | ناوەندیی | - | هەڵەبجە - سلێمانی | خێزاندار | - | ی.ن.ك | لەساڵی ٢٠٠٣-٢٠١٢ لێپرسراوی مەڵبەندی نۆی شارەزووری ی.ن.ك بووە و ئەندامی سەرکردایەتی ی.ن.ك و پێشمەرگەی دێرینە. |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | عەبدوڵلا مەحمود سان ئەحمەد (عەبدوڵلای حاجی مەحمود) | ١٩٧٠ | و.شەهیدان و ئەنفالکراوان | ناوەندیی | - | سلێمانی - هەڵەبجە | خێزاندار | - | حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان | برای محەمەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانە. بە خوولی پێنجەمەوە، ئەندامی سێ خوولی پەرلەمانی کوردستان بووە و بەرپرسی دەستەی کارگێڕی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانە. |
| ١٦ | بێگەرد دڵشاد شوکروڵلا تاڵەبانی | ١٩٧٨ | و. کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | بەکالۆریۆس- بایۆلۆجی | سلێمانی - زانکۆی سلێمانی | سلێمانی | خێزاندار | دوو منداڵ | ی.ن.ک | کادری ی.ن.ک و لە خوولی چوارەم و پێنجەم ئەندام و دواتر سکرتێری پەرلەمان بووە و بەرپرسی مەکتەبی چاودێری و بە داواداچوونی بووە لە ٢٠١١-٢٠١٣ لە ناو ی.ن.ك ، پێشتریش ئەندامی سکرتاریەتی ل.خ.ك بووە. |
| ١٧ | کەمال موسلیم سەعید قەرەنی | ١٩٦٧ | و. پیشەسازی | بەکالۆریۆس – قانون ٢٠٠٢ و بەکالۆریۆس لە جیۆلۆجی ١٩٨٩ | زانکۆی سلێمانی | هەولێر | خێزاندار | سێ منداڵ، کوڕێك و دوو کچ | بزووتنەوەی گۆڕان | کادری بزووتنەوەی گۆڕانە و پێشتر ی.ن.ك بووە. لەکابینەی هەشتەم وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بووە بۆ ماوەی ساڵێك و سێ مانگ. |
| ١٨ | ئانو جەوهەر عەبدولەسیح عەبدوکا | ١٩٨٤ | و.گواستنەوە و گەیاندن | ماستەر لە سیاسەت و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و خوێندکاری دکتۆرا لە هەمانی پسپۆڕیی لە زانکۆی کوردستان/ هەولێر | هەولێر | هەولێر | خێزاندار | - | سکرتێری گشتی رەوتی شالامایە بۆ کاروباری مەسیحییەکان و سەرۆکی هاوپەیمانی یەکێتیی نەتەوەیی - مەسیحی. | لە بنەماڵە رەسەنەکانی عەنکاوا و کەنیسەی کلدانی کاسۆلیکی هەولێرە. |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | پشتیوان سادق عەبدوڵلا | ١٩٦٩ | و. ئەوقاف و کاروباری ئاینی | دکتۆرا - قانون | هەولێر | هەولێر | خێزاندار | - | پ.د.ك | ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پ.د.ك و بەرپرسی لقی دووی پ.د.ك و لە کابینەی هەشتەم وەزیری پەروەردە . دوای دەرکردنی وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕانیش لەکابینەی هەشتەمی حکومەتی هە رێم، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی -یشی بە جێگرەوە- وەکالەت، بەڕێوەبردووە. |
| ٢٠ | کەمال محەمەد ساڵح خەلیل | ١٩٦٧ | و.کارەبا | بەکالۆریۆس - ئەندازیاری کارەبا | | دهۆك | خێزاندار | - | پ.د.ك | کادری پ.د.ك و لە ساڵی ٢٠١٠ بەڕێوەبەری گشتی کارەبای دهۆك بووە. |
| ٢١ | ئایدن مەعروف سەلیم | ١٩٧٠ | و. هەرێم | ماستەر - پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ٢٠٠٥-٢٠٠٦ | زانکۆی غازی - تورکیا | هەولێر | خێزاندار | چوار منداڵ | بەرەی تورکمانی | ئەندامی هەردوو خوولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و ل. نووسینگەی بەرەی تورکمانی بووە لە هەرێمی کوردستان تا ٢٠١١ و کادری پێشکەتووی بەرەی تورکمانی یە. |
| ٢٢ | ڤالا فەرید ئیبراهیم | ١٩٧٦ | و.هەرێم | دکتۆرا – قانونی گشتی | زانکۆی سەلاحەدین هەولێر | هەولێر | خێزاندار | - | پ.د.ك | ئەندامی هەردوو خوولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و کادری پ.د.ك ە و لەکاتی رێکنەکەوتنی ی.ن.ك و پ.د.ك وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی چەند مانگێك دەستبەکاربووە (تا مانگی تەمموزی ٢٠١٩). |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | خالید سەلام سەعید شوانی | ١٩٧٥ | و.هەرێم | ماستەر لە قانونی دەستوری و خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی مەنسورە | زانکۆی مەنسورە-بەغدا | کەرکوك / سلێمانی | خێزاندار | - | ی.ن.ك | کادری ی.ن.ك و راوێژکاری سەرۆك کۆماری عێراق د. فوئاد مەعسوم، لە ٢٠١٤-٢٠١٦ و پێشتر ئەندام پەرلەمانی عێراق بووە لەسەر لیستی ی.ن.ك و سەرۆکی لیژنەی قانونیی لە پەرلەمانی عێراق بووە. |

سەرچاوە: خشتەکە لەلایەن توێژەر ئامادەکراوە بەسوود وەرگرتن لە ماڵپەڕی حکومەت، کابینەی حکومەت، وەزیرەکان، ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان،
www.gov.krd/Kurdish/government

لە ئەنجامی زانیارییەکانی خشتەکەوە چەند شتێکمان لەبارەی پێکهاتەی کەسیی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووندەبێتەوە کە، ئەگەر لەگەڵ کارنامەکە بەراوردی بکەین، دەتوانین خوێندنەوە بۆ هەندێك لایەن بکەین، وەك: سەرجەم ئەندامانی نۆیەمین کابینەی حکومەت خێزاندارن، بەڵام لە تەواوی کارنامەکەی حکومەتدا تەنها بە یەك وشەیش بەشێوەیەکی گشتیی، باسی "خێزان" نەکراوە و هیچ نیشاندەرێکی کار و خزمەت لەو بوارەکدا گەڵاڵە نەکراوە، هەروەها لە کۆی ئەندامانی کابینەی حکومەت کە لەم خشتەیەدا تۆمارکراون و زانراوە، "دە" کەسیان ٢٦ منداڵیان هەیە، بەڵام دیسانەوە بەشێوەیەکی گشتی، بە یەك وشە باسی "منداڵ" نەکراوە، هەرچەندە باسی پەروەردە و فێرکردن دەکرێت، بەڵام هیچ بەرنامە و سیاسەتێك بۆ منداڵ لەناو کارنامەکەدا بەشێوەی سەربەخۆ نییە.

هەروەها لەڕووی جۆرێتی پسپۆڕییەوە زۆرترین ئەندامانی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، هەڵگری بڕوانامەن لە بوارەکانی قانون و رامیاریی، لەکۆی هەر ٢٣ یان، ١١ "یازدە" یان پسپۆرییەکەیان لە قانون و رامیارییدایە.

لەدوای زانین و خستنەڕووی پێکهاتەو زانیارییە کەسییەکانی سەرۆك و جێگر و وەزیرەکانی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ناوی وەزارەت و پشك و ڕێژەی پارتە بەشداربووەکان خشتەیەك بۆ ئەو مەبەستە دەخەینەڕوو.

**خشتەی ژمارە: ٤-١**

**پێکهاتەی وەزارەت بۆ نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم و ناو و پشك و ڕێژەی پارتە سیاسییە بەشداربووەکان دەخاتەڕوو**

| ز. | کابینەی حکومەت | ناوی پارتی سیاسی | پشکی پارتی سیاسی به ژمارە و ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | سەرۆکی حکومەت | پ.د.ك | پ.د.ك سەرۆکی حکومەت و نۆ وەزارەتی لە ناو نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. %٤١،٦٦ |
| ٢ | وەزارەتی داد | پ.د.ك | |
| ٣ | و. ناوخۆ | پ.د.ك | |
| ٤ | و. تەندروستی | پ.د.ك | |
| ٥ | و. پەروەردە | پ.د.ك | |
| ٦ | و. شارەوانی و گەشتوگوزار | پ.د.ك | |
| ٧ | و.ئەوقاف و کاروباری ئاینی | پ.د.ك | |
| ٨ | و. سامان سروشتییەکان | پ.د.ك | |
| ٩ | و. کارەبا | پ.د.ك | |
| ١٠ | و. هەرێم | پ.د.ك | |
| ١١ | جێگری سەرۆکی حکومەت | ی.ن.ك | ی.ن.ك جێگری سەرۆکی حکومەت و شەش وەزارەتی لە ناو نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی |
| ١٢ | و. کاروباری پێشمەرگە | ی.ن.ك | |
| ١٣ | و.خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | ی.ن.ك | |
| ١٤ | و. ڕۆشنبیری و لاوان | ی.ن.ك | |
| ١٥ | و.کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو | ی.ن.ك | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | و.هەرێم | ی.ن.ك | کوردستان هەیە. %٢٩،١٦ |
| ١٧ | و. پلاندانان | ی.ن.ك | |
| ١٨ | و. دارایی و ئابووری | بزوتنەوەی گۆڕان | بزوتنەوەی گۆڕان چوار وەزارەتی لە ناو نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. %١٦،٦٦ |
| ١٩ | و. ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | بزوتنەوەی گۆڕان | |
| ٢٠ | و.کارو کاروباری کۆمەڵایەتی | بزوتنەوەی گۆڕان | |
| ٢١ | و. پیشەسازی | بزوتنەوەی گۆڕان | |
| ٢٢ | و.شەهیدان و ئەنفالکراوان | حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان | حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان یەك وەزارەتی لە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. %١٦،٤ |
| ٢٣ | و. گواستنەوەو گەیاندن | مەسیحی-هاوپەیمانی نەتەوەیی | پێکهاتەی مەسیحی یەك وەزارەتی لەناو نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. %٤،١٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤ | و. هەرێم | | تورکمان / بەرەی تورکمانی | تورکمان یەك وەزارەتی لە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. %٤،١٦ |

سەرچاوە: خشتەکە لەلایەن توێژەرەوە بەسود وەرگرتن لە ماڵپەڕی سەرەکی حکومەتی هەرێم gov.krd ئامادەکراوە.

بەگوێرەی زانیاریەکانی ناو خشتەکە، بۆمان روندەبێتەوە کە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە سەرۆک و جێگرو١٨ وەزیری وەزارەت و ٣ وەزیری هەرێم واتە: وەزیری بێ وەزارەت پێک دێت، لەکاتێکدا وەزارەتێکی بێ وەزیریشمان هەیە کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە کە سەرۆکی حکومەت بەشێوەی کاتی پۆستەکەی وەرگرتوەو هەتا تەواوبوونی ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی کابینەی حکومەتیش پۆستی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەر بە بەتاڵی ماوەتەوە.

## سێیەم: زانیارییەکان لەبارەی چۆنایەتی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ زیاتر ناسین و وردبوونەوە لە پێکهاتەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەچەند خشتیەکدا کە بە سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە سێ، کە ئامادەکراوە بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکان کە لە پێشووتردا ئاماژەی پێدراوە دروستکراون، خاڵ خراوەتە سەر زانیارییە ورد و جێی بایەخەکان کە کاریگەرییان لەسەر توانای حکومەت بۆ جێبەجێکردن و بەردەوامبوون و سەرکەوتنی حکومەت لە کارەکانی هەیە؛ وەك: جیاوازیی تەمەن، رەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون و بەشداری پێکهاتەکان لە حکومەت و چەند بوارێکی دیکەدا.

هەر لەڕێگەی ئەم زانیاریانەی لەخشتەکاندا هاتون نۆیەمین کابینەی حکومەتەکە سێ وەزیری ژنی تێدابێت، هەروەک رێژەی پێکهاتەکان و جیاوازی نێوان تەمەن و رێژەی بەشداری نەتەوەکان دەخەینەڕوو.

خشتەی ژمارە: ٥- ١

جیاوازیی تەمەن، لە نێوان وەزیرەکانی  نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو:

| ز | زانیاری | وەزارەت |
|---|---|---|
| ١ | ٣٥ساڵ | ئانو جەوهەر، بچووکترین تەمەن، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن لەسەر لیستی پێکهاتەی مەسیحی (کلدانی سریانی ئاشووری) لە هەرێمی کوردستان. |
| ٢ | ٧٣ ساڵ | فەرسەت ئەحمەد، زۆترین تەمەن، وەزیری داد، لەسەر لیستی پ.د.ك |

خشتەی  ژمارە: ٦-١

ڕێژەی بەشداریی پێکهاتەکان لە ئاستی سەرۆك و جێگر و وەزیر لەناو نۆیەمین کابینەی حکومەت دەخاتەڕوو:

| ز | نەتەوە / پێکهاتە | ڕێژە % |
|---|---|---|
| ١ | کورد | ٩١.٣٠ % نەتەوەی کورد |
| ٢ | مەسیحی  (کلدانی سریانی ئاشووری) | ٤.٣٤%  ڕێژەی دانیشتوانی پێکهاتەی مەسیحی لە کوردستان دا، لە  تورکمان زیاترە، بەڵام ڕێژەی بەشدارییان لە نۆیەمین کابینەی حکومەتدا یەکسانە. |
| ٣ | تورکمان | ٤.٣٤% |

خشتەی ژمارە: ٧-١

ڕێژەی بەشداریی ژن، لە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو:

| ز | کابینەی نۆیەم | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|
| ١ | پێکهاتەی ژن، لە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، سێ وەزیر | %١٣.٠٤ |

خشتەی ژمارە: ٨-١

ژمارە و ڕێژەی بڕوانامەی سەرۆك، جێگر، وەزیرەکان، لە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو:

| ز | جۆری بڕوانامە | ڕێژەکەی | ژمارەکەی |
|---|---|---|---|
| ١ | دکتۆرا | %١٧.٣٩ | ٤ دکتۆرا |
| ٢ | ماستەر | %٣٤.٧٨ | ٨ ماستەر |
| ٣ | بەکالۆریۆس | %٤٧.٨٢ | ١١ بەکالۆریۆس |
| ٤ | دبلۆم | %٠ | نییە |
| ٥ | ناوەندیی | %٨.٦٩ | ٢ ناوەندیی |

خشتەی ژمارە: ٩-١

ڕێژەی پۆستەکان بەرامبەر بە پارێزگەکان، لە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو:

| ز | پۆست | پارێزگە |
|---|---|---|
| ١ | هەولێر | %٤٧.٨٢ |
| ٢ | سلێمانی | %٣٠.٤٣ |
| ٣ | دهۆك | % ٨.٦٩ |
| ٤ | کەرکوك | % ٤.٣٤ |
| ٥ | هەڵەبجە | % ٨.٦٩ |
| تێبینی: هەر سێ وەزیری کە بە دانیشتووی هەڵەبجە و کەرکوك، تۆمارکراون، ماڵیان لە سلێمانی یان هەولێر هەیە. | | |

خشتەی ژمارە: ١٠-١

پسپۆڕیی وەزیر، بەرامبەر بە کار و سروشتی وەزارەتەکەی لە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو:

| ز | ڕێژەی پسپۆڕیی | ژمارەی وەزیر |
|---|---|---|
| ١ | %٣٣.٣٣ | حەوت (٧) وەزیر، لە کۆی ٢١ وەزارەت واتە: ٣/١ی وەزیرەکان پسپۆڕییان لەگەڵ سروشتی کاری وەزارەتەکانیان هاوتایە. |

**ئەنجام:**

لەدوای خستنەڕووی زانیارییەكانی پەیوەست بە پێكهاتەو سروشتی دامەزراندی نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێم لە ٢٠١٩/٧/١٠دا دەگەینە چەند ئەنجامێك، لەوانە:

١- لە كۆی ١٠٠ كورسی گشتیی لە پەرلەمانی كوردستان پارتە پێكهێنەرەكانی حكومەت خاوەنی ٧٩ كورسین.

٢- لە كۆی ١٠٠ كورسی گشتیی لە پەرلەمانی كوردستان ٢١ كورسی پارتە بەشدار نەبووەكان بەرهەڵستكار- ئۆپۆزسیۆنی حكومەتن.

٣ – ١١ كورسی پێكهاتەكان بەشێوەیەكی گشتیی پشتیوانی حكومەتن.

٤- نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێم، كابینەیەكی بەتاڵە لە هێزە ئیسلامییەكانی كوردستان.

٥- نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێم، هەمەڕەنگیی لە ڕووی: جۆری كۆمەڵایەتی بەشداری ژنان تێدایە و یەكەمین كابینەیە كە سێ وەزیری ژنی تێدابێت.

٦- نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێم، دوو وەزیری پێكهاتكانی مەسیحی، توركمانی تێدایە.

٧- سەرجەم ئەندامانی نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێم، هاوسەرگیرییان كردووە و خێزاندارن و تێیدایە دوو خێزانیشی هەیە.

٨- ١٢ لە ئەندامانی نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێم، خوێندنیان لە هەرێمی كوردستان بووە.

٩- سەرجەم ئەندامانی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، کادر و ئەندامی باڵای پارتە سیاسییەکانیانن و لەسەر بنەمای حیزبیی بوون بە سەرۆك، جێگر، وەزیر، لە ناو کابینەی حکومەتداو کەسی بێ لایەنی تێدا نیە.
١٠- لەڕووی جوگرافییەوە نوێنەری هەر پێنج پارێزگەی باشووری کوردستانی تێدایە: هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، بەپێچەوانەی نوێنەرایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە کە، بە فەرمیی تەنها گوزارشتە لە نوێنەرانی سێ پارێزگەی هەرێمی کوردستان: هەولێر، سلێمانی، دهۆك و سەرباری ئەوەی هەڵەبجەش لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە کراوە بەپارێزگە بەڵام بازنەی سەربەخۆی لە هەڵبژاردندا نەبوو.
١١- لەڕووی ئاینییەوە لە پێکهاتەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمدا، هەردوو ئاینی موسڵمان بەڕێژەی ٩٥.٦٥% و مەسیحیی بەرێژەی ٤.٣٤%ی تێدایە.

# بەشی دووەم

# کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەت و

# شیکردنەوە و نرخاندن

## بەشی دووەم:

## کارنامەی  نۆیەمین کابینەی حکومەت و شیکردنەوە و نرخاندن

### سەرەتا:

لەم بەشەدا، کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەت دەبێتە تەوەری باس و شیکردنەوە و نرخاندن، لێرەدا لەچەند بڕگەیەکدا هەوڵدەدەین باسی کارنامەی حکومەت و نیشاندەرەکانی، واتە؛ ئەو خاڵانەی کە حکومەت وەك ئامانج بۆ کارکردن دایناوە، کە بریتییە لە سیاسەتی گشتی حکومەت-Public Policy شیبکرێنەوە و دواتر لەبەرامبەردا نرخاندنیان بەشێوەی زانستی بۆ بکرێت.

### یەکەم: کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوارەکانی کارکردن

مەبەست لە کارنامەی حکومەت، بریتییە: لەو نەخشە ڕێگەیەی کە، وەك بەڵگەنامەیەکی فەرمیی، گوزارشت لە ئاراستەی سیاسەتی حکومەت دەکات، هەروەها ڕوانگە و نییەتی حکومەت دەردەخات لە ڕووی دیاریکردنی گرنگیدان بە پرسە لەپێشینەکان (اولويات)، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخ و بەربەستە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و سەرجەم دەزگەکانی حکومەت و بەگوێرەی کات و نیشاندەری جێبەجێکردنی کارەکان کە، لەبەردەم رای گشتیی و پەرلەماندا لێی بەرپرسن([8]).

---

[8] عادل عەبدولمەهدی، کارنامەی کابینەی حکومەت، شوباتی ٢٠١٩، لەسەر ئەم بەستەرە: www.pmo.iq › pdf › program19-22

زۆرجار وەك كولتوورێك لە بواری هەلسەنگاندنی كاری حكومەتەكاندا، ١٠٠ رۆژی یەكەمی تەمەنی حكومەتەكان، دەكرێتە پێوەر بۆ رادەی كارایی و سووربوون و سێرەگرتن (تركیز) لەسەر بەرنامە نووسراوەكانی بە گوێرەی لە پێشینەیی (أولويات). كە لەبەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا هەر ١٠٠ رۆژەكە بە شێوەی زنجیرەی لەدوای یەكی رۆژژمێریی، هەموو كار و چالاكییەكانی ١٠٠ رۆژی یەكەمی تەمەنی نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێم، تۆماركراوە.

نۆیەمین كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لە ١٠ی تەموزی ٢٠١٩، لە پەرلەمانی كوردستان متمانەی وەرگرت، دوای سوێند خواردنی سەرۆكی حكومەتی هەرێم و جێگر و وەزیرەكان، هێڵە گشتییەكانی كارنامەكەی، كە گوزارشتە لە؛ بەرنامەی بڕیار لێدراوی حكومەت، بۆ كاركردنی لەماوەی قانونیدا كە لە هەرێمی كوردستان چوار ساڵە، خرایەڕوو.

خاڵێكی جێی سەرنج لێرەدا ئەوەیە كە، هەتا تەواوبوونی ماوەی ١٢٠ رۆژ زیاتریش لە تەمەنی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، جگە لە هێڵە گشتییەكانی كارنامەكە كە لە ٢١٣٩ وشە و لە شەش لاپەڕەی ئاسایی(A4) پێكهاتووە، هیچیتر بڵاونەكراوەتەوە([٩])، تەواوی كارنامەكە و هەنگاوە كردارییەكان و چۆنێتی رێكار (میكانیزم)ی جێبەجێكردنی نیشاندەرەكان، بۆ رای گشتی و پەرلەمانی كوردستان، نەخراونەتەڕوو، لە پەرلەمانی كوردستانیش تەنها وشەیەك لەسەر كارنامەكە و بڕگە و ناونیشان و چۆنێتی رێكاری جێبەجێكردنی نە لەلایەن پەرلەمانتارانی پارتە بەشدارەكانی ناو حكومەت و نە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنیشەوە لەسەر كارنامەكە و بەندو بڕگەكانی گفتوگۆ نەكرا.

---

[٩] هێڵە گشتییەكانی كارنامەی حكومەت، لە ماڵپەڕی فەرمیی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر بەستەری خوارەوە:

https://gov.krd/government/agenda/

پاش ئەو ماوەیە (١٠٠ رۆژی تەمەنی یەکەمی نۆیەمین کابینەی حکومەت) لە مانگی "دیسەمبەر١٢"دا، وردتر لە (١٢/٧) لە رێگەی تۆمارێکی ڤیدیۆیی وتارێکی سەرۆك وەزیرانی هەرێم، مەسرور بارزانی، دەرەنجامی کاری ١٠٠ رۆژی یەکەمی خوێندەوە کە لەم توێژینەوەدا بە گوێرەی رۆژ ژمێری رۆژانەی حکومەت تۆمارکراوە.

هەڵسەنگاندنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، لەسەر بنەمای کارنامەکەی دەبێت و هەر زانیاریی و شیکاریی و نرخاندنێکیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت بۆ ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەت.

لە حاڵی دووەمدا؛ دەقی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك لە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە، بەبێ دەستکاریی رێنووس و مانا، دەخەینەڕوو:

## دووەم: دەقی کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

### هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری نۆیەمین کابینە[10]

ئەم بەرنامەیە لەسەر بنەمای رێککەوتنە سیاسییەکان و پوختەی بەرنامەی گشت لایەنە بەشداربووەکانی ناو کابینەی نۆیەم رێکخراوە و بۆچوون و پلانی تێکرای بەشداربووانی ئەم کابینەیە لە خۆ دەگرێت. جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیەش بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی ناو ئەم کابینەیە دەبێت.

---

[10] هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم، لەپێگەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٩/١١/٧ وەرگیراوە: https://gov.krd/government/agenda/

**هێڵەگشتییەکان لە چەند سەرەبابەتێکدا پۆلێن کراون بەم شێوەی خوارەوە:**

لە ئاستی چاکسازیدا:

یەکەم: کاردەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە موچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و رێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری رێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەک کە لەم کەرتە کرابێت، ئەمەش لە رێگەی چەسپاندنی یاسا و دروستکردنی ئەنجومەنی ڕاژە و ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.

دووەم: کار دەکەین بۆ نەهیشتنی ڕووتین و هەروەها خێراکردنی ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاوڵاتیان و ڕێزگرتن لێیان لە دامودەزگا فەرمییەکاندا. بە کردەوە هەوڵ دەدەین بۆ بەخزمەتگوزارکردنی دامەزراوە حکومییەکان لە ئاست هاوڵاتیاندا. لە پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەرچی زووترە پەرە بە خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنیەکان دەدەین.

سێیەم: نابێ بەرپرسانی باڵای حکومەت پێگەی کارگێریی خۆیان بۆ بازرگانی و دەوڵەمەندبوون بەکاربهێنن. بە پشت بەستن بە یاسا بەرکارەکانی هەرێم، نابێ بەرپرسان کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان بکەن و لێپرسینەوە لە هەر سەرپێچییەک لەم بوارەدا دەکەین.

چوارەم: ئەنجامدانی ئیفاد و سەفەر و بەستنی کۆنگرە و کۆنفراس، بە پێی پێویستی دەبێت و رێگە لە بە هەدەردانی سامان و خەراب بەکارهێنان و بەلارێدابردنێک لەم بوارانەدا دەگرین.

پێنجەم: بە هەموو توانامانەوە، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندڵیەکی دارایی و کارگێڕی دەبینەوە و ڕێگردەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵک و مومتەلەکاتی هەرێم، ئەمەش لە ڕێگەی کاراکردن و پشتیوانی کردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە و داواکاری گشتی.
شەشەم: کاردەکەین بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە داراییەکانی هەرێمدا، بە تایبەت لە بواری داهاتە نەوتییەکانی هەرێم و داهاتە ناوخۆییەکان. بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە کاردەکەین بۆ دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان بە پێی یاسای پەیوەندیدار.
حەوتەم: بە پێی ستاندەرە جیهانییەکان، چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراک دەکەین و ڕێکاری یاسایی بۆ هەر سەر پێچیەک کە لەم لایەنە ژیاریەدا بکرێت دەگرینە بەر. بۆ ئەم مەبەستانەش دامەزراوەی خۆراک و دەرمانی هەرێم سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێنین.
هەشتەم: چاکسازی لە سیستەمی باج دەکەین و دەبێ دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر ببێت و هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ ڕێکخستنی باج.
نۆیەم: کار دەکەین بۆ ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری (احتکار) بە پێی یاسای بەرکار و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ململانێی بازرگانی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکانی پشکداری.

دەیەم: پشتیوانی کاری چاودێریی پەرلەمانی دەکەین و بۆ ئەم مەبەستەش پابەند دەبین بە هەموو رێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاساو پەیرەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پەرلەمانی. هەروەها بە پێی بنەماکانی کاری پەرلەمان، رێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرین.

یازدەیەم: سندوقی خانەنشینی بە پێی یاسای پەیوەندیدار لە هەرێم کارا دەکەین، بۆ ئەوەی ئەم سندوقە گەرانتی مافەکانی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بکات.

دوازدەیەم: بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم، لە پێناو بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێم، پێداچوونەوە بە میکانیزمی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەین و هەوڵ دەدەین بە هاوکاری بسپۆرانی ناوخۆ و دەرەکی ئەم هێزانە لە ستانداردە سەربازییەکان نزیک بکەینەوە.

سیانزەیەم: کار دەکەین بۆ سەروەرکردنی یاسا و رێز گرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و نابێ لە کوردستاندا کەس لە سەرووی یاسا بێت. هیچ کەسێک رێگەی پێنادرێت بە هۆی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبی لە دەست یاسا رابکات و خۆی لە دەرەوەی یاسا ببینێتەوە, هەروەها کاری جدی دەکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەک لە ناو کۆمەڵگەکەماندا.

**لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:**

- یەکەم: کاردەکەین بۆ باشترکردنی کەرتی تەندروستیی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاوڵاتیان و هەوڵی

جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی بە پێی پێوەری گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەدەین. هەروەها کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی ڕەشنووسی یاسای مافی نەخۆش و ڕێکخستنەوەی ماف و ئەرکی پزیشکان بۆ پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەک.

• دووەم: کار دەکەین بۆ چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا، لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و کەمکردنی بەهەدەردان و دابەشکردنێکی پێشکەتوو و گونجاوی کارەبا. هەروەها کار دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەیەکی گونجاوی نرخی کارەبا و دامەزراندنی میکانیزمێکی کاریگەر و سەردەمیانە بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا لە بەکاربەران.

• سێیەم: کار دەکەین بۆ چاککردن و بەرزکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کەرتی گشتی و دانانی ڕێکاری ڕاکێشانی بەشداریی سەرمایەدارانی هەرێم و دەرەکی بۆ بەشداری لە ئاواکردنی قوتابخانەی نوێ لەو شوێنانەی پێویستە. هەروەها کار دەکەین بە پێداچوونەوە بە مەنهەجی پەروەردەیی و گونجاندنی ناوەرۆکیان بە پێی ستانداردە باوەکان.

• چوارەم: کار دەکەین بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەویی هەرێم بۆ بواری خواردنەوەی هاوڵاتیان و بە جۆرێک ئاوی پاک بگەیەنرێتە هەموو هاوڵاتیان و تا بکرێت ئاوی ژێرزەوی بەهەدەر نەدرێت.

• پێنجەم: کار دەکەین بۆ باشترکردنی ڕێگەوبانی هەرێمی کوردستان و سیستەمی هاتووچۆی هەرێم وهەوڵدەدەین وەبەرهێنانی بیانی و کەرتی تایبەت بۆ ئەم بوارە رابکێشین و ڕێگەوبانی هەرێم کە

ساڵانە هۆکاری زیانی گیانی و مالیی هاوڵاتیانمانە لە ستانداردە باوەکان نزیک بکەینەوە.

- شەشەم: کار دەکەین بۆ رەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاکانی وەک پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، تاکو بەم هۆیەوە دەرفەتی کار زیاد بکرێن و یاساکانی کار بە جۆرێک رێک بخرێن کە دەرفەتی کار بۆ گەنجانی هەرێم زیاتر بکرێت.
- حەوتەم: کاردەکەین بۆ زامنکردن و رێکخستنەوەی سەرجەم مافە یاساییەکانی کارمەند و کرێکارانی کەرتی تایبەت، بە جۆرێک مافی خانەنشینی و کاتژمێرەکانی کار و بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی و داهاتوویان پارێزراو بێت.
- هەشتەم: خزمەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەمئەندامانی سەنگەر و بریندارەکان و قوربانیانی هەڵمەتەکانی جینۆساید و زیندانییە سیاسیەکان، لە کارە بەراهییەکانی حکومەت دەبێت. هەروەها کار دەکەین بۆ پێداجوونەوە بە لیستەکانیان و پاکردنەوەیان لەو ناوانەی بە شێوازی نایاسایی زیادکراون.
- نۆیەم: بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە، گرنگیی تایبەت بە کاروباری خاوەن پێداوسیتیە تایبەتیەکان دەدەین.
- دەیەم: ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە و کار دەکەین بۆ پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کلتوری ژینگە پارێزی. کار دەکەین بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پیشکەوتووی ریسایکل و چارەسەریی زبڵ و خاشاک وکەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان.

- یانزدەیەم: لە سەر شێوازێکی دادپەروانە و هاوسەنگ کار دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار و قەزا و ناحیەکان و گرنگی تایبەت دەدەین بە هاندانی خەڵکی لادێکان بۆ مانەوەیان لە گوند و دێهاتەکانیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە بۆیان.
- دوازدەیەم: گرنگی تایبەت دەدەین بە فەراهەمکردنی پانتایی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی یاسادا و پاڵپشتی بوارە وەرزشی و هونەری و فەرهەنگی و کلتورییەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان.
- سێزدەیەم: کاردەکەین لە پێناو گرنگیدان بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەمەش لە رێگەی پێشخستن و بەرزکرنەوەی ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم لە ڕووی جۆری، هەروەها فەراهەمکردنی دەرفەتی لەبار بۆ خوێندن و توێژینەوەی زانستی. هەروەها کار دەکەین بۆ رێکخستنەوەی کاری زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان و پێداچوونەوە بە کوالێتی زانستی و نرخەکانیان.
- چواردەیەم: بە ئەلەکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت(حکومەتی ئەلکترۆنی)، چ لە ئاست کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لە ئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنییەکان بۆ هاوڵاتیان، لە ئەرکە لە پێشینەییەکانمان دەبێت و بەم هۆیەوە ڕێگە لە ڕووتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاوڵاتیان و دامەزراوەکان دەگیرێت و کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکرێتەوە.
- پانزدەیەم: گەنجانمان سەرمایەیەکی نیشتیمانیی گەورە و کاریگەری مرۆیین و ئایندەسازی وڵاتەکەمانن. بۆیە لە میانەی کار و بەرنامەی گشت وەزارەتەکان، کار دەکەین بۆ بەکارخستن و ئاراستەکردنی

تواناکانیان بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەتوو، کە ئایندەیەکی گەشتر بۆ وڵات فەراهەم بکات.

• شانزدەیەم: شوێنەوارە مێژووییەکانمان بەشێکن لە سەرمایەی مێژوویی و کلتوری وڵاتەکەمان و پاراستنیان ئەرکێکی لە پێشینەمان دەبێت و کاردەکەین بۆ بەهێزترکردنی ئالییەتی دۆزینەوە و سەرپەرشتی و پاراستنیان و هەروەها هەوڵی بەکارخستنی کاراتری ئەم شوێنەوارانە دەدەین بۆ بواری گەشتیاری ، بە پێی ستاندارده باوەکان.

**لە سەر ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:**

• یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنی فەرمیی دانوستان دەبێت لە گەل حکومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردستان، دەستەی دانوستان دروست دەکەن، بۆ دانوستان لەگەل بەغدا و بەدەستهێنانی مافە دەستورییەکانی گەلەکەمان.

• دووەم: دەستور بنچینەی هەر دانوستانێکی هەولێر لە گەل بەغدا دەبێت و دۆسیەکانی پەیوەست بە مادەی ١٤٠ و پێشمەرگە و بودجە و سامانە سروشتیەکان و قەرەبۆی ئەنفال و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و زیانلێکەوتوانی دەستی رژێمی بەعس و هەموو مافە دەستورییەکانی هاوڵاتیانی هەرێم لە نزیکترین کاتدا، بابەتی گفتوگۆمان لەگەل حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەبێت.

• سێیەم: هەوڵەکانمان بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشتی و کەرکوک بە تایبەتی، دەست پێ کردووە و جەخت لە پێویستیی خێراکردنی ئەم

پرۆسەیە دەکەینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هەرچی زووترە دۆخی سەربازیی سەپێندراو لەم ناوچانە کۆتایی پێ بهێندرێت و بگەڕێینەوە بۆ دۆخی پێش ٢٠١٤/٦/١٠ و ئەو ناوچانە لە لایەن پێکهاتە ڕەسەنەکانی ئەو دەڤەرانە بەڕێوەببردرێت و بە کردەوە دەست بە جێبەجێ کردنی قۆناغەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بکرێت.

• چوارەم: هەڕەشەی تیرۆر، هێشتا هەڕەشەیەکی گەورەی سەر هەموو عێراقە. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە بەردەوامیی ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریستان و ئامادەیی هاوکاریی تەواوی لە گەل حکومەتی فیدراڵ و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر هەیە. بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەیە بنبڕ بکرێت، حکومەتی هەرێم ئامادەیی هێزی پێشمەرگە بۆ هاوکاریی سوپای عێڕاق لە دوورخستنەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دووپات دەکاتەوە.

• پێنجەم: کاردەکەین لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە دەستووریەکانی هێزی پێشمەرگەی کورستان وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگریی عێراقی فیدراڵ، بە تایبەت لە بابەتەکانی موچە و دابینکردنی پێداویستیی سەربازییان.

• شەشەم: هەوڵ دەدەین هەرچی زووترە، دۆسیەی نەوت و گاز لەسەر بنەمای مادەی ١١١ و ١١٢ ی دەستوری عێڕاقی فیدراڵ چارەسەر بکەین و یاسای نەوت و گاز لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت. هەر وەها هەوڵ دەدەین دەستەی گشتیی چاودێریی داهاتەکانی فیدراڵی وەک لە مادەی ١٠٦ی دەستوردا هاتووە دابمەزرێت.

- حەوتەم: جەخت لە ڕەچاوکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە دامەزراوە فیدراڵییەکانی عێراق بە گشتی و لە وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و نەوت بە تایبەتی دەکەینەوە.
- هەشتەم: کاردەکەین بۆ چەسپاندنی هەرچی زیاتری بنەماکانی سیستەمی فیدرالی، بە ڕێگەی دروستکردنی ئەنجوومەنی (ئیتیحاد)ی و هەروەها جەخت لە سەر پرینسیپەکانی (تەوازون و تەوافوق و شەراکەت) لەگەل حکومەتی ئیتیحادی دەکەینەوە.
- نۆیەم: جەخت لەسەر دەرکردنی یاسای دادگای فیدرالی عێراق دەکەینەوە، بە جۆرێک یاساکە گەرەنتیی سەربەخۆیی دادگای فیدرالی بکات.

**ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان:**

- یەکەم: پێداگری لەو پێکەوە ژیانە ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوری و سریانی و ئەرمەنی و عەرەب و موسولمان و ئێزدی و مەسیحی وکاکە یی و مەندایی و زەردەشتی دەکەینەوە و ئەو تایبەتەمندییەی هەرێم دەپارێزین و بەهێزتری دەکەین.
- دووەم: پێداگری لە سەر چەسپاندن و بەهێزکردنی بنەما دیموکراسیەکان و ئازادیی و یەکسانی و دەستخستنی زانیاری بە پێی یاسا بۆ هاوڵاتیانی هەرێم دەکەینەوە و بەرگریکاری مافەکانیان دەبین و دژی هەر دەمارگیری و توندڕۆییەکی تایفی و ئایینی و ڕەگەزی و حیزبی دەوەستینەوە.
- سێیەم: دژی هەر جیاکارییەکی ڕەگەزی و بە پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەت دەوەستینەوە. پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتووی خۆیانەوە

ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن.

- چوارەم: هاوڵاتیانی کوردستان ئازادن هەر بیروباوەڕێکی سیاسی لە چوارچێوەی ژیانی سیاسیی هەرێمدا هەڵبژێرن و نابێ لە کوردستاندا هیچ کەس لەسەر بیر و باوەری سیاسی و سەرپێبوونی حیزبی سزا بدرێت و پێویستە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مافە زەوتکراوەکانی ئەوکەسانە بگەڕێندرێتەوە کە لەمڕووەوە زیانمەندبوونە.

**پەیوەندییەکانی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:**

- یەکەم: دامودەزگا فەرمییە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبەن، بۆ ئەم مەبەستە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە سەر بنەمایەکی یاسایی نوێ رێکدەخرێتەوە.
- دووەم: جەخت لەسەر پەیوەندییەکی باش لەگەل وڵاتانی دراوسێ دەکەینەوە، بە جۆرێک بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزی دوولایەنە، پەرە بە ئاستی پەیوەندییەکان لە گشت بوارەکاندا بدرێت.
- سێیەم: پشتگیریی چارەسەریی ئاشتیانەی گشت کێشەکانی ناوچەکە دەکەین و پێگەی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەیەک بەکار دەهێنین، کە بەشێک بێ لە ڕەوتی چارەسەری.
- چوارەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات نوێنەرایەتیە هەنوکەییەکانی لە دەرەوەی هەرێم بەهێز بکات و نوێنەرایەتی نوێ بە پێی پێویست لە وڵاتان بکاتەوە و زەمینەیەکی لەباریش دەرەخسێنین بۆ ئەوەی وڵاتانی زیاتر کۆنسولگەرییەکانیان لە هەرێم بکەنەوە.

**له ئاستی ئابووری و داراییدا:**

- یەکەم: کاردەکەین بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێم فرە چەشن و فرەرەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەسترێت، بۆ ئەم مەبەستە پەرە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدەین و هەوڵ بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەم کەرتانەدا دەدەین.
- دووەم: کشتوکاڵ بوارێکی سەرەکیی گرنگیدانمان دەبێت و کار دەکەین بۆ پێشخستنی ئەم کەرتە بە ئامراز و مەکائنی پێشکەوتوو و فراوانکردنی جۆریی و چەندیی بەرهەم بە پێی بنەما زانستییەکان. کار دەکەین بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان و دروستکردنی بەنداوە وەرزی و هەمیشەییەکان گلدانەوەی ئاوی پێویست بۆ بواری کشتوکاڵ و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لە هەریم. جەخت لەسەر پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و پشتیوانیی جوتیارانی هەرێم دەکەینەوە و کار دەکەین بۆ رەخساندنی بازاری گونجاوی ناوەوە و دەرەوە بۆ بەرهەمەکانیان.
- سێیەم: کار دەکەین بۆ رێکخستنەوەی سیستەمی بانکی لە هەرێم و بەکارخستنی ئەو سیستەمە بۆ خزمەتگوزارییە کەسی و گشتیەکان و بەکارهێنانی ژمارە بانکیەکان و کارتە ئەلەکترۆنیەکان بۆ ئالوگۆڕی دراوی و خەرجییەکان و رێژەی مامەڵە بە پارەی کاش کەم بکرێتەوە.
- چوارەم: هانی وەبەرهێنان دەدەین لە هەموو بوارەکاندا ، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەموو لایەک دەرەخسێنین. لە سەر ئەو بنەمایانەش کاردەکەین بۆ دارشتنەوە و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا.

**له ئاستی کارگێری:**

- یەکەم : کار دەکەین بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لە گەل سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆرکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت.
- دووەم: کاری جدی دەکەین بۆ تەرشیقی هەیکەلیەتی دام و دەزگاکانی حکومەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بە شێوەیەک کە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو بێت، ئەمەش بە پێی پلانێکی تۆکمە و ئامادەکردنی نەخشەرێگایەکی زەمەنی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا.

## سێیەم: میتۆدی نرخاندنی کارنامەی حکومەت لە ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەتدا

لێرەدا بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێگەیەکی زانستییانە بۆ نرخاندن (Assessment)، میتۆدی: نیشاندەرەکانی لەیزینی ([11]) سەرەکی، Key Performance Indicator (KPI's) مؤشرات الأداء الرئيسي، مان بەکارهێناوە.

### ١- لەبارەی میتۆدی نیشاندەرەکانی لەیزینی سەرەکی

ئەم میتۆدە - ڕێگە، یەکێك لەو ڕێگە بەربڵاوانەیە کە بە زۆریی لە بواری نرخاندنی دەزگەکاندا بۆ زانینی رادەی بەرە و پێشچوونی کارەکانی دەزگەکە و نزیکبوونەوە، یان دوورکەوتنەوە، لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی دەزگەکان بەکاردێت. یان دەتوانین بڵێین: یەکێکە لە ڕێگەکانی پێوانەکردنی سەرکەوتنی کاری دەزگەکان کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە رادەی توانای دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی "ئامانجەکەی" و ئەو ستراتیژانەی گرتویەتیەبەر، بزانرێت([12]).
هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئەم میتۆدەش لێرەدا لەسەر ئەو بنەمایەیە کە: دەیەوێت ئاستی پابەندبوون و بە ئەنجامگەیاندنی کاری نوێەمین کابینەی

---

[11] لەیزین لەزمانی کوردیدا، لەشێوە زاری کرمانجی ژووروودا بە مانای اداء یان Performance دێت.
بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان، مامۆستا گیوی موکریانی، لاپەڕە 1199، لەییز واتە: گەمە، یاری، هەڵپەڕین، جۆلانەکردن.

[12] شادي الخطيب، اريد معرفة كل ما يتعلق بمؤشر قياس الأداء الرئيسي، لە پێگەی ادارة كوم، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە:
https://edara.com/Consultation/Details

حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمای کارنامەکەی شیبکاتەوە و بزانێت تا "چەند" (نەك چۆن)، ئامانجەکەی بەدیهێناوە.

بەکارهێنانی ئەم میتۆدە، لە بواری زانستە رامیارییەکان و نرخاندنی دەزگە گشتییەکان، نوێیەو بۆ پێوانەکردنی کارەکانی کەرتی گشتی - حکومەت، میتۆدێکی کارایە بۆ مەبەستی زانینی جێبەجێکردنی کارەکانی حکومەت، کە دەتوانین بڵێین؛ لەڕووی ئامانجەوە لەگەڵ رێبازی ئەرکداریی - المنهج البنائي الوظيفي([13])، نزیکیان هەیە، هەرچەند رێبازی ئەرکداریی، باس لە گرنگیی بوونیادی دامەزراوەی سیستەمی سیاسیی دەکات، وەك یەکەیەکی ئەرکدار، بۆ نمونە: کاری وەزارەتێك وەك بەشێك لە جەستەی حکومەت. لێرەدا میتۆدی نیشاندەرەکانی لەیزینی سەرەکیی سێرە (ترکیز) لە کارەکانی دەزگەکە لەسەر بنەمای کارنامەکەی (ئەوەی بڕیارە ئەنجامی بدات) دەگرێت و شیدەکاتەوەو ئەنجامەکەی دەنرخێنێت.

گرنگیی بەکارهێنانی میتۆدەکە لەوەدایە کە، ئەنجامێکی زیرەکانە "ژمارەیی"مان دەداتێ لە بارەی (پەیوەندییەکانی نێوان و هۆکار و دەرەنجام) علاقات السبب والنتيجة -Cause-Effect Relationships، واتە: حکومەتی هەرێم لە ماوەی ١٠٠رۆژی یەکەمی تەمەنیدا، چی دەکات (هۆکار) تا کاریگەریی هەبێت لەسەر دروستکردن و بەرهەمهێنانی شتێك، بەمانایەکی دیکە حکومەت لەڕێگەی دەسەڵاتەکانییەوە چی پەیوەندییەکی کاریگەر لەنێوان کار و ئەنجامی کارەکانی دروستدەکات.

ئەم میتۆدە؛ دەتوانێت هاوکارمان بێت لە دەستکەوتنی ئەنجامی چەندێتی-ژمارەیی، لەڕێگەی نیشاندەرەکانەوە، کە لێرەدا خاڵەکانی کارنامەکەی حکومەت،

---

[13] د. كمال المنوفى، اصول النظم الساسية المقارنة، كويت، شركة الربيعان للنشر والتوزيع، ١٩٨٧، ص ١٠١.

وەك؛ نیشاندەر - ئامانج، وەردەگیرێت و لەبەرامبەردا "لەیزینی حکومەت- الأداء الحكومي"  وەك ئەنجامی نیشاندەرەکان دەبینرێت و نرخاندنی بۆ دەکرێت، لێرەدا بۆیە " نرخاندن-Assessment" مان بەکارهێناوە، نەك(هەڵسەنگاندن-Evaluation) چونکە بەدوای ئەنجامێکی چەندێتییدا بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەیەکەمان دەگەڕێین و خۆمان لە شیکردنەوە و دۆزینەوەی ئەنجامی چۆنێتی- Quality لاداوە، کە هەم جێگەی مشتومڕ و هەم ئەگەری لایەنداریی زۆرتری تێدایە، کە لێرەدا ئامانج و میتۆدی توێژینەوەکەمان بەدوای شیکردنەوەی چۆنێتیدا ناگەڕێت.

نیشاندەر: مەبەستمان بوونی ئاماژە یان هۆکارێکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیە بۆ ئەنجامدان، یان ئەنجامنەدانی کارێك، کە بە مەبەستەوە دەستنیشانکراوە و دەتوانرێت لە رێگەیەوە نرخاندن بکرێت، بۆ نموونە: حکومەت کە دەڵێت: گرنگیی بە کەرتی کشتوکاڵ دەدەم، پێویستە چەند نیشاندەرێکی هەبێت، وەك: زیادکردنی کەرەستەی پێشکەوتووی کشتوکاڵیی، وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتی کشتوکاڵ، ... . تاد. هەروەك  کە دەڵێت: رێگە لە بە فیڕۆچوونی سامانی گشتیی دەگرم. دیسانەوە ئەمەش هەر نیشاندەرە و لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم نیشاندەرانەدا، حکومەت کاردەکات، واتە دەلەیزێت و لێرەدا ئێمە کارمان نرخاندنی هەر "لەیزین - أداء"ێکی حکومەتە، لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنیدا بەگوێرەی کارنامەکەی.

بۆیە هەر لەبارەی میتۆدی نیشاندەرەکانی لەیزینی سەرەکیی، د.مەجید ئەلکەرخی، دەڵێت:"هەر شتێك بتوانین پێوانەی بکەین، دەتوانین چاکیشی بکەین، هەر شتێك بتوانین چاکی بکەین، دەتوانین گەشەی پێبدەین و بەسەریشیدا زاڵببین([١٤])".

---

[١٤] د. مجيد الكرخي، مؤشرات الأداء، على الرابط التالي:
https://www.slideshare.net/moslemelmasry/ss-45986094

هەروەها؛ پێناسەی نیشاندەری لەیزینی سەرەکی دەکات بەوەی کە: "پێوانەیەکە جەخت لەسەر پێوەری چەندێتی و چۆنێتی دەکات و لە جێبەجێکردندا دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێت کە بزانین بۆشاییەکان لەناو دەزگەکەدا لەکوێدان بە بەراورد بەوەی نەخشەی بۆ کێشرابوو"([15]).

ئێمە لێرەداکار لەسەر لایەنی چەندێتیی دەکەین و لەم پێناسەیەوە دەگەینە ئەوەی کە، کارێکی گونجاو دەبێت ئەگەر حکومەت لەدوای ماوەیەك لە کارەکانی، ساڵێك، یان دوو ساڵ، بەم میتۆدە پێداچوونەوە بە بەرنامە و ستراتیژی خۆیدا بکات، تا بزانێت چەند لە نیشاندەرەکانی جێبەجێکردووە و چەندیانی جێبەجێنەکردووەو نرخاندن بۆ لەیزنی دەزگەکانی جێبەجێکردنی خۆی بکات بەمەبەستی نەهێشتنی "لادان-الأنحراف" لە جێبەجێکردنی ئامانجی دەزگەکاندا. کە ئەم توێژینەوەیە و زانیارییە تۆمارکراوەکانی کارەکانی ڕۆژانەی حکومەت لە ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی تەمەنیدا، کە لە بەشی سێیەمدا ڕۆژ بە ڕۆژ تۆمارکراوە، سوودێکی زۆری بۆ ئەوکارەی حکومەت هەیە، ئەگەر لە داهاتوودا جێبەجێی بکات.

بەکارهێنانی میتۆدی نیشاندەرەکانی لەیزینی سەرەکیی، لەبواری زانستە رامیارییەکاندا لەسەر ئاستە جیاوازەکانی دامەزراوە فەرمییەکان و هەم لەبواری توێژینەوە زانستییەکانیشدا گەشەیکردووە، لەمبارەیەوە وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨دا نووسراوێکی ئاراستەی سەرجەم پارێزگەکان کردووە کە بۆ زانینی توانای چوستیی فەرمانبەرانی گرێبەست ئەم میتۆدە بەکاربهێنن، هەروەها لە توێژینەوەیەکی زانستیی د.ویساڵ نەجیب عەزاویی[16]، هەمان

[15] د. مجيد الكرخي، سەرچاوەی پێشوو.

[16] د.ویساڵ نەجیب عەزاویی: پێوانەکردنی جۆرێتی حوکم لەعێراقدا کە لە گۆڤاری؛ زانستە رامیارییەکان- کۆلێژی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی بەغداد، ژمارە ٤٢ی ساڵی ٢٠١١دا بڵاوبۆتەوە،

میتۆدی بۆ شیکردنەوەی (کارایی سیستەمی کاری حکومەت) لە عێراقدا بەکارهێناوە.
بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین کە؛ میتۆدی لەیزینی سەرەکیی، سەرباری تازەیی بوونی لە بواری توێژینەوەی حکومەتدا، بەڵام کارایە بۆ دیاریکردنی کەموکورتی و نرخاندنی لەیزینی حکومەت بۆ کارەکانی و لێرەدا ئێمەش بەسوود وەرگرتن لەو میتۆدە نرخاندن بۆ کارنامەی  نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم دەکەین بۆ زانینی لەیزینی راستەقینە لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی کابینەکەدا تا بزانرێت ئایا حکومەت ئامانجەکانی بەدیهێناوە؟ یاخود بەشێوەیەکی وردتر: تا چەندێك لەیزینی حکومەت بە گوێرەی نیشاندەرەکانی (کارنامەکەی)بووە و ئامانجەکانی بەدیهێناوە.

## ٢- شیکردنەوەی کارنامەی حکومەتی هەرێم

نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، لە رۆژی متمانە وەرگرتنی لە شەش لاپەڕەدا کە، لە نزیکەی ٢١٣٩ وشە پێکهاتبوو، کارنامەی حکومەتەکەی بەناوی: هێڵەگشتییەکانەوە خستەڕوو، لەلاپەڕەی یەکەمیدا نووسراوە: "ئەم بەرنامەیە لەسەر بنەمای رێککەوتنە سیاسییەکان و پوختەی بەرنامەی گشت لایەنە بەشداربووەکانی ناو کابینەی نۆیەم رێکخراوە و بۆچوون و پلانی تێکڕای بەشداربووانی ئەم کابینەیە لەخۆدەگرێت و جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەش بەرپرسیارێتی هاوبەشی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی ناو ئەم کابینەیە دەبێت"([١٧]).

[١٧] دەقی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەت، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://gov.krd/government/agenda/

لەمەوە دەتوانین بگەینە چەند راستییەك كە هاوكارمان دەبێت بۆ سەلماندنی زانستیی بوونی میتۆدەكەمان لەگەڵ ئەمبوارەدا، ئەو راستییانەش ئەمانەن:

١- كارنامەكە پلانە، كەواتە، بەپێی زانستی پلاندانان دانراوە و هێزی جێبەجێكردنی تێدایە.

٢- رێككەوتنی لەسەر كراوە. كەواتە، هێزی مادیی و مرۆیی حكومەت بەردەست و ئامادەیە بۆ جێبەجێكردنی و لێی تێگەیشتوون.

٣- بەرپرسیارێتی هاوبەش لەجێبەجێكردنیدا هەیە، كەواتە: لایەنی بەرپرس هەیە بۆ جێبەجێكردنی كارنامەكە.

لەم راستییانەی سەرەوەدا، بۆمان دەسەلمێت كە میتۆدەكەمان لەڕووی زانستییەوە گرفتی نییە بۆ نرخاندنی كارنامەكەی حكومەت بەشێوەیەكی گشتیی و هەروەها بۆ ماوەی ١٠٠ رۆژی یەكەمی تەمەنی حكومەت بە تایبەتی، كە لێرەدا كاری لەسەر دەكەین و تەوەری كارەكەمانە.

كارنامەی حكومەتی هەرێم بۆ حەوت ئاست دابەشكراوە، ئەوانیش بریتیین لە:([١٨]):

١- چاكسازیی. ٢- خزمەتگوزاریی. ٣- پەیوەندی نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی عێراقی فیدراڵ. ٤- ئازادی و دیموكراسی و پێكەوە ژیان. ٥- پەیوەندی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی. ٦- ئاستی ئابووری. ٧- ئاستی كارگێڕیی.

هەریەكێك لەم ئاستانەی كارنامەكەش لە چەند خاڵێكدا بۆ چەند نیشاندەرێك وردكراوەتەوە كە كۆی هەموویان (٥٩) پەنجاو نۆ نیشاندەرن، كەمترینی بۆ كارگێڕیی كە، (٢) دوو نیشاندەرە، زۆرترینیش بۆ خزمەتگوزاریی كە، ١٩ نیشاندەرە دانراوە.

---

[١٨] دەقی كارنامەی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەماڵپەڕی سەرەكی حكومەت وەرگیراوە:

https://gov.krd/government/agenda/

جگە لەمە، دەتوانین دابەشکاریی دیکەش بۆ کارنامەکە بکەین لەسەر هەردوو ئاستی فەرمانکردن بە ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی، واتە: کارنامەکە لەڕووی دارشتنەوە، دابەشکراوە بۆ ئەو کارانەی کە حکومەت دەڵێت: دەبێت بکرێن، لەگەڵ ئەو کارانەی کە حکومەت دەڵێت: نابێت بکرێن، ئەمەش واتە: سیاسەتی گشتیی حکومەت.

ئەم کارنامەیە؛ پلانی کاری حکومەتە و سیاسەتی گشتییەتی لەماوەی چوار ساڵدا، هەرچەند لە کۆی ٥٢ خاڵی کارنامەکە، تەنها لە "یەك" خاڵداو لە کۆتا خاڵدا، ئاماژە بە ماوە (کات –چوار ساڵ) دراوە، کە ئەمەش بە کەموکورتیی لە پلانی کاری حکومەتدا دێتە هەژمار. لەلایەکی دیکەوە، دەکرێت نەنووسینی رەگەزی "کات" لەناو کارنامەکەدا بە بێ ئاگایی لێك نەدرێتەوە، بەڵکو لە پشتەوەو لەناوەڕۆکدا مانای جیاواز هەڵبگرێت و نووسەران و دارێژەرانی کارنامەکە هەست بەوە دەکەن کە؛ توانای بەردەستی حکومەت، یان مەبەستی ئاشکرانەکراوی جێبەجێکارانی کارنامەکە ئەوە نەبێت کە نووسیویانە، بۆیە خۆیان بەرپرس و پێگیری بەردەم لێپرسینەوەی کات ناکەن.

بۆیە دیسان لێرەوە یەکێك لە نیشانەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی حکومەتمان لە هەرێمی کوردستان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش تەواونەکردنی "ئەرك- مهمە"یە لەکاتی خۆیدا ([19])، لێرەدا هێنانەوەی نمونەیەك سوودمەندە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئارگیۆمێنتەکەمان؛ ئەم کابینەیەی حکومەت، کە نۆیەمین کابینەیە ، وەك یەکەمین کابینەی حکومەت، لە وەرزی هاوین مانگی تەمموز ٢٠١٩/٧، متمانەی وەرگرت و دەستبەکاربوو، لە سەردەمی یەکەمین کابینەی حکومەتدا (١٩٩٢/٧/٤) کە لە هەرێمی کوردستان وەرزی دروێنەی گەنم و جۆ

[19] سامان ساڵح، فراوانبوونی دەزگەکانی جێبەجێکردن لەهەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە هۆکار و دەرەنجام، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە کارگێرییە و رامیارییەکان، زانکۆی چەرموو، ٢٠١٦.

بوو، کێشەی ساغ نەبوونەوەی بەرهەمی جووتیاران هەبوو، دیسان و لە هەمان ساڵدا ۲۰۱۹ کە نۆیەمین کابینەی حکومەت تێیدا دەستبەکاربوو، وەرزی دروێنەی گەنم و جۆ بوو، هەمان کێشەی ساڵی ۱۹۹۲ی سەردەمی یەکەمین کابینەی حکومەتی هاتۆتەپێش بە چارەسەرنەکراویی، لەکاتێکدا بەراورد بە جیاوازیی کات کە ۲۷ ساڵ دەکات لە نێوان هەردوو سەردەمەکە زۆر شت گۆڕاون، وەك:

١- حکومەت بەعس نەماوە.

٢- ژمارەی سایلۆ لە هەرێمی کوردستان زیادیکردووە، نمونە تەنها لەپارێزگەی سلێمانی سایلۆکانی: "سەیدسادق، پیرەمەگرون، پشدەر" دروستکراون.

٣- توانای مرۆیی و دارایی حکومەت بەراورد بە ساڵی ۱۹۹۲ زۆرتر زیادیکردووە.

٤- لەکارنامەی  نۆیەمین کابینەی حکومەت نیشاندەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەروبوومی جووتیاران دانراوە.

ئەمە راستییەکمان بۆ دەردەخات کە بۆخۆی ئەم توێژینەوەیەش یەکێك لەمەبەستەکانی دەرخستنی ئەو لایەنەیە کە؛ پێویستە لەکاتی دانانی کارنامەکانی حکومەت و دەزگاکانی دیکەدا، گرۆی پسپۆڕ و شارەزا تر لەوەی ئێستا کارنامەکان دادەنێن، بتوانن پلان و کارنامەکان بنووسن، هەتاوەکو کارنامەکان لە وشەی گەورە و بێناوەڕۆك و  ناونیشانەوە، بەرە و وردەکاری و پسپۆڕیی بچن.

ئەمە سەربارى ئەوەی بە هیچ شێوەیەکیش لە کارنامەکەدا "ڕەچاوی باری ناکاو"، نەکراوە و بەهیچ جۆرێك ئاماژە لەمبارەیەوە نییە. واتە: کاتێك حکومەت پلانێکی بۆ جێبەجێکردن لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی خۆی داناوە، تەنها "یەك" پلانە، پلان "ئەی - A" هەیەو "پلانی بی - B" بوونی نییە، لانیکەم لەسەر ئاستەکانی خوارەوەی حکومەتیش، ئەمەش یەکێکە لە دیاردەکانی حکومەتە

ساده و لاوازەکان، کە ئاستی دامەزراوەیی و پێکهاتەکانیان لاوازە و ستراتیژییەتی کاریان تەنها لە ئاستی نووسینی ناونیشاندایە.

هەروەها واباشە، ئاماژە بەوەشبدەین کە، لەناو کارنامەی حکومەتدا جگە لە فەرمان و ڕێگریکردنەکان، بۆ هەندێك لەو کارانەی کە پەیوەندی بە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێم و پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە هەیە، حکومەت، دەڵێت: "پابەندبوونمان هەیە" لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە؛ پابەندبوونەکانی حکومەتیش، لەم توێژینەوەیەدا وەك: نیشاندەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

لێرەدا بۆ جێبەجێکردنی میتۆدەکەمان؛ میتۆدی نیشاندەری لەیزینی سەرەکیی، لە حەوت خشتەدا بە گوێرەی ئاستەکانی کاری حکومەت کە لە کارنامەکەی حکومەتدا هاتووە، نیشانمانداوە و خشتەکەمان بۆ سێ بەش دابەشکردووە، ئەوانیش: "نیشاندەر، لەیزینی حکومەت- الاداء الحكومي، نرخی لەیزین" . بۆ نرخ پێدانی لەیزینی حکومەت (الاداء الحكومي) سوودمان لە زانستی (ماتماتیك- بیرکاریی) وەرگرتووە و ژمارەکانی (٠ و ١) "سفر و یەك" مان داناوە، (٠) بە مانای ئەوەی لەو بوارەدا هیچ نەکراوە (واتە: نرخی نییە) لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی کاری حکومەت و (١) یش بە مانای ئەوەی لەو بوارەدا هەنگاوێك لەڕووی سیاسیی و بەرنامەی کارەوە نراوە (واتە: نرخی هەیە) لە هەمان ماوەدا، واتە: ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەت.

## خشتەی ١-٢
## نرخی نیشاندەرەکانی کارنامەی حکومەت لە ئاستی چاکسازیدا دەخاتەڕوو:

| ز | نیشاندەرەکان | لەیزینی حکومەت- الاداء الحکومی | نرخی لەیزینی حکومەت لە ماوەی 100 رۆژی یەکەمی تەمەنیدا |
|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی ئەنجومەنی راژە. | - شیاوی باسکردنە، دروستکردنی ئەنجومەنی راژە، یەکێکە لەپرسە جێ ناکۆك و ماوە درێژەکانی نێوان ی.ن.ك و پ.د.ک ،کە لە ساڵی ١٩٩٢ بە دواوە و لە دروستکردنی یەکەم کابینەوە لەسەر پێکهێنانی رێکنەکەوتوون و یەکێك بووە لە تەوەرەکانی گفتوگۆی نێوان هەر دوو حیزب لە فەرەنسا لەساڵی ١٩٩٤ پێش دروستبوونی شەڕی ناوخۆ ، گرفتێکی بنەڕەتیی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی هەرێمی کوردستانە کە، بە هۆیەوە تووشی چەندین گرفت بووە لە گەورەترین گرفتەکانیش کە پێدەچێت لە جیهاندا گرفتی لەمجۆرە دەگمەن یان نەبێت، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی تەواوی کرداریی فەرمانبەرانی خۆی نازانێت یان نایەوێت بیزانێت و رایبگەیەنێت، کە لەهەردوو بارەکەدا نەنگییەکی گەورەیە، کە دەکرێت لەرێگەی ئەنجومەنی راژەوە چارەسەر بکرێت. | ٠ |
| ٢ | ئامادەکردنەوەی قانونی چاکسازیی. | - لەوماوەیەدا گفتوگۆ لەسەر قانونی چاکسازیی کراوە و ناکۆکیی لەسەر ئامادەکردنەوهی هەبووە، بەڵام لەدوای ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەت نێردرایە پەرلەمان و پەسەندکرا. | ١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | پەرەپێدان بە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان. | لەمبوارەدا حکومەت چەند هەنگاوێکی ناوە لەم ئاستانەدا، بۆ نموونە، وەك:<br>ا- بەستنەوەی دەروازە سنوورییەکان پێکەوە، بەشێوەی ئەلیکترۆنیی.<br>ب - دامەزراندنی سیستەمی سکاڵا ئۆنلاین.<br>پ- بە ئەلیکترۆنیکردنی تاقیکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران لە پلەی رائد بەرەو خوارەوە لە وەزارەتی ناوخۆ. | ١ |
| ٤ | رێگریکردن لە بەرپرسانی باڵای حکومەت کە پۆستە حکومییەکان بۆ مەبەستی بازرگانی و دەوڵەمەندبوون بەکاربهێن. | - هیچ رێکارێکی روون بۆ جێبەجێکردنی ئەم نیشاندەرە نییە. | ٠ |
| ٥ | رێگرتن لە بە هەدەردانی سامانی حکومەت لەرێگەی رێکخستنی گەشت و شاندکردن و کۆبونەوە و کۆنفرانسەکان بە گوێرەی پێوست. | - هیچ کارێك، سیاسەتێك، برپارێك، لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەت لەمبارەیەوە نەکراوە، نە حکومەت هیچ رێنماییەکی دەرکردووە کە بڵاوکرابێتەوە، نە هیچ وەزارەتێکیش لەراپۆرتی کار و چالاکی ١٠٠ رۆژەی خۆیاندا باسیانکردووە. | ٠ |
| ٦ | دروستکردنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان بەپێی قانونی پەیوەندیدار. | - دروستنەکراوە. | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | دامەزراندنی دامەزراوەی خۆراك و دەرمانی هەرێم سەر بەئەنجومەنی وەزیران. | -دروستنەکراوە و هیچ نیشاندەرێکیش بۆ دروستکردنی نەبووە. | ٠ |
| ٨ | چاکسازیی لە سیستەمی باج و دادپەروەری لە وەرگرتنی باج. | - رێکخستنەوەی رێکارەکانی پێدانی باج لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشکرا (شفاف) و یەکسان بەسەر هەموو لایەکدا جیبەجێبکرێت. | ١ |
| ٩ | رێگرتن لە قۆرخکاری بە پێی قانونی بەرکار و رەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ململانێی بازرگانی رەوا و هاندانی کۆمپانیای پشکداریی. | - لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەتدا، هیچ نیشاندەرێك لەو بوارەدا نییە. | ٠ |
| ١٠ | پشتیوانی لە کاری چاودێری پەرلەمانی و رێزگرتن لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی. | - لەوماوەیەدا کۆبوونەوەی هاوبەشی پەرلەمان و حکومەت هەبوون و دەکرێت وەك نیشاندەرێك لێی بڕوانرێت. | ١ |
| ١١ | کاراکردنی سندوقی خانەنشینی هەرێمی کوردستان. | - لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە راپۆرتی ١٠٠ رۆژی کارەکان ئاماژەی پێنەدراوە و هیچ وەزارەتێکی پەیوەندیداریش هیچی لەبارەوە نەکردووە. | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | پێداچوونەوە بە میکانیزمی رێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ. | - لەسەر ئاستی وەزارەتی پ.م و پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و هێزەکانی هاوپەیمانان کۆبوونەوەی بەردەوامی دەوری و هەنگاو لەبواری راوێژکاریی و راهێنان کراوە، بەڵام بەشێوەی کردەیی بۆ یەکخستنەوەی هێزی پ.م ی کوردستان و یەکخستنەوەی یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ هیچ نەکراوە و هەنگاوەکان لەبواری راوێژ و درێژەدان بە کارەکانی رابردوو بووە.<br>هەنگاوێکی جێی ئاماژە لەم ماوەیەدا بریتیی یە لە: قەدەغەکردنی کۆکردنەوەی ئابوونەی حیزبیی لەناو هێزی پ.م، بە گوێرەی بڕیاری کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجومەنی بەرگری وەزارەتی پ.م لە ٢٠١٩/٨/٢٠، کە ئەویش پەیوەندی بە یەکخستنی هێزی پێشمەرگەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە رێگرتن لە کاری حیزبیی لەناو هێزی پ.م هەیە. | ٠ |
| ١٣ | کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەك لەناو کۆمەڵگەدا. | - نە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و نە لە سەر ئاستی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەك، ناوخۆ و پ.م، هیچ هەنگاو و کارێك لەمبارەیەوە نەکراوە و بڵاو نەکراوەتەوە. | ٠ |

سەرچاوە: خشتەکە لەلایەن توێژەرەوە، بە بەکارهێنانی زانیارییەکانی ناو هەردوو سەرچاوەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراو دروستکراوە.
١- هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری مابینەی نۆیەم، پێگەی ئەنجومەنی وەزیران،gov.krd.
٢- وردەکاری راپۆرتی ١٠٠ رۆژی کابینەی نۆیەم، پێگەی کوردستان ٢٤، لەم بەستەرە:
https://www.kurdistan24.net/so/news/e94c958f-d763-4846-b34d-60f043c70b86

**خشتەی ٢ـ٢**

## نرخی نیشاندەرەکانی کارنامەی حکومەت لە ئاستی خزمەتگوزاریدا دەخاتەڕوو:

| ز | نیشاندەرەکان | لەیزینی حکومەت- الاداء الحکومی | نرخی لەیزینی حکومەت لە ماوەی 100 رۆژی یەکەمی تەمەنیدا |
|---|---|---|---|
| ١ | جێبەجێکردنی سیستەمی بیمە (دڵنیایی تەندروستی). | - لەماوەی ١٠٠رۆژدا هیچ نەکراوە. | ٠ |
| ٢ | قانونی مافی نەخۆش و ڕێکخستنەوەی ماف و ئەرکی پزیشکان. | - نە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و نە لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستیی، کە وەزارەتی پەیوەندیدارە، وەك ئامادەکردنی پرۆژە قانون لە مبوارەدا لەماوەی ١٠٠رۆژدا هیچ کار و پرۆژەیەك تۆمار نەکراوە. | ٠ |
| ٣ | چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا. | - لەمبوارەدا چەند هەنگاوێك نراوە، بۆ نمونە:<br>ا- گرێبەست بۆ دانانی ٤ وێستگەی نوێ لە هەرێم.<br>ب- دەستپێکردن بە دانانی سیستەمی پێوەری زیرەکی کارەبا.<br>پ- گۆڕینی وزەی بەرهەمهێنانی چەند وێستگەیەك کە تێچوون کەمدەکاتەوە و هەمان وزەش دەدات.<br>ت- بەگەڕخستنی یەکەیەکی بەرهەمهێنانی ١٥٠ مێگاواتیی. | ١ |
| ٤ | دانانی میکانیزمی کاریگەرو سەردەمیانە بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا. | - سەرباری ئەوەی کە حکومەت پارەیەکی زۆری لای بەکارهێنەرانی وزەی کارەبایە، بەڵام لەم ماوەیەدا وەزارەتی پەیوەندیدار هیچی نەکردووە.<br>- ئەمە لەکاتێکدایە کە حکومەتی هەرێم بڕی ٩٥٢ ملیار و ٦٧١ ملیۆن و ٨٥٢ هەزار دیناری، لای هاوبەشەکانی کارەبایە ([٢٠]). | ٠ |

[٢٠] وەزیری کارەبا لە دیمانەیەکی رۆژنامەی خەبات دا، رۆژنامەی خەبات، هەولێر، لاپەڕە ٤، ٢٠١٩/٩/٣.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥ | چاککردن و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کەرتی گشتی. | - لەمبوراەدا چەند هەنگاوێك نراوە هەم لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردەش، وەك:<br>ا- دامەزراندنی سەرجەم مامۆستایانی گرێبەست لە ساڵی ٢٠١٩ لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی کاری حکومەت.<br>ب- بە ئەلیکترۆنیکردنی پێنج وانەی سەرەکی لە قۆناغی ١ی بنەڕەتیی تا ١٢ی ئامادەیی، لەرێگەی خزمەتگوزاریی هەورەفێرگە.<br>پ- دامەزراندنی سیستەمی E-Parwarda و بەستنی ٤٠٠٠ قوتابخانە و خوێندنگە پێکەوە. | ١ |
| ٦ | سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان و گەیاندنی ئاوی پاك بۆ هەموو هاوڵاتییەك و بەفێڕۆنەدانی ئاوی ژێر زەوی. | - نە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران، نە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، کە وەزارەتێکی تایبەتمەندە و نە هیچ وەزارەتێکی دیکەش، بۆ نمونە: پلاندانان و شارەوانی. هیچ سیاسەتێك لە ماوەی ١٠٠رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەتدا لەمبوارەدا دانەنراوە. | ٠ |
| ٧ | باشترکردنی رێگەوبانەکانی هەرێم. | - لە بواری تەواوکردنی پرۆژە تەواونەکراوەکان و چاککردنەوە و دروستکردنی رێگەوبان، کابینەی نۆیەم هەنگاوێکی هەڵگرتووە، بۆ نمونە:<br>ا- ٤٢ ملیار دینار بۆ ٧٢ پرۆژەی نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی رێگەوبانەکان کە تێکچووبوون لەهەر چوار پارێزگەی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە تەرخانکراوە.<br>ب- دابینکردنی ٢٨٨ ملیار دینار بۆ ٢٣ پرۆژەی نوێ، لە چاککردن و دروستکردنی رێگەوبان. | ١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | رەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە بوارەکانی: گەشتوگوزار، پیشەسازیی، کشتوکاڵ، بۆ مەبەستی رەخساندنی هەلی کار بۆ لاوانی هەرێم. | - بە گوێرەی راپۆرتی ١٠٠ رۆژەی یەکەمی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەت، دەستەی وەبەرهێنان ١٥ مۆڵەتی بە سەرمایەی ٤٦٢ ملیۆن دۆلار لەسەر رووبەری ٤٩٦ دۆنم داوە.<br>- جێگەی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە هیچ مێژوویەك دیارینەکراوە کە ئایا لە ماوەی ١٠٠ رۆژدا، ١٥ مۆڵەت دراوە، یان لەماوەی ١٠ مانگی رابردووی ساڵەکەدا؟<br>ئەم گومان و تێبینییە، بۆ زۆر کاری تری وەزارەت و دەستەکانیش هەر وایە کە لە راپۆرتی کاری ١٠٠ رۆژی یەکەمی کابینەی نۆیەم نووسراون، لەکاتێکدا سێکتەری مۆڵەت پێدراویش دیاری نەکراوە. بەڵام لێرەدا لەسەر بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ دۆکیۆمێنتدا نووسیومانن و پشتمان بە گومان نەبەستووە و لە بەدواداچوونیشدا پێچەوانەی ئەمەمان دەستنەکەوت. | ١ |
| ٩ | رێکخستنەوەی سەرجەم مافە قانونییەکانی کارمەند و کرێکارانی کەرتی تایبەت وەك خانەنشینی، سەعاتی کار، بیمە، دڵنیایی تەندروستی. | - لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، هیچ هەنگاوێکی کردەیی لەمبوارەدا لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمدا نەنراوە.<br>- ئەمە لەکاتێکدا لە راپۆرتی ١٠٠ رۆژی یەکەمی کارەکانی حکومەت وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئاماژەی بە "پێداچوونەوە و تەواوکردنی رەشنووسی قانونی کار" داوە، بەڵام یەکێك لە کێشە ماوە درێژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩٢ وە تا ئێستا هەیە، دەرنەکردنی قانونی نوێی کارە لە هەرێمی کوردستان، سەرباری چەندینجار ئامادەکردنی رەشنوس بۆ قانونەکە.<br>بەگوێرەی راپۆرتی رێکخراوەکانی داکۆکی لە کرێکاران لە هەرێمی کوردستان، پێشێلکردنی مافی کرێکار لە هەرێم تا ئاستی کۆیلایەتی دەڕوات، بڕوانە راپۆرتی رێکخراوی ئاشتی لەمبارەیەوە ([٢١]). | ٠ |

[٢١] رەوشی مافەکانی کرێکاران لە کوردستان، رێکخراوی ئاشتی، لەسەر ئەم بەستەرە: http://ashti.krd/babat/97

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | خزمەتکردنی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەمئەندامانی سەنگەر و بریندارەکان و قوربانیانی هەڵمەتەکانی جینۆساید و زیندانی سیاسیی و پاکتاوکردنی لیستی ناوەکانیان لەوانەی بەشێوازی نا قانونیی زیادکراون. | - لەمبوارەدا دەکرێت بڕیاری تاپۆکردنی خانوی کەسوکاری شەهیدان و زیندانی سیاسیی، وەك هەنگاوێك تەماشابکرێت.<br>- لێرەدا پێویستە ئاماژە بە کێشەی زیندانییە سیاسییەکان بکرێت کە یەکێکە لە کێشە قورسەکان و لەگەڵ پرسەکانی تری نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ. | ١ |
| ١١ | دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. | - هیچ هەنگاوێکی کردەیی کە لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی کاری حکومەتدا لەمبارەیەوە نەکراوە، ئەگەر باس لە گێڕانەوەی مووچەی بڕدراوی ١٢ هەزار و ٦٨٩ خاوەن پێداویستی تایبەت بێت، ئەوە دەبێت بڵێین: ئەوە نەك خزمەت نییە، بەڵکو زەحمەت و سزادانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بوو کە، مووچەکەیان وەستێنرا و دواتر لیژنەی پشکنین چەندبارە پشکنینی بۆ کردنەوە و پارەیەکی زۆری پێخەرجکردن و پاشان چەند مانگێك چاوەڕوان بوون، دواتر مووچەکەیان بە کەموکورتی بۆ گێڕانەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی دەیان کەس لە هەرێمی کوردستان ماوەی چەندین ساڵە کەمئەندام بووە و تۆمار نەکراوە و لە هیچ شتێك سوودمەند نابێت. | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | پاراستنی ژینگەی کوردستان و کارکردن بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پێشکەوتووی ریسایکل و چارەسەری زبڵ و خاشاك و کەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان. | - لەمبوارەدا هیچ هەنگاوێك نییە کە ئاماژەبێت بۆ جێبەجێکردنی نیشاندەرەکانی کە حکومەت وەك ئامانج دایناوە. | ٠ |
| ١٣ | گرنگیدان بە ئاوەدانکردنەوەی شار و قەزا و ناحیەکان بە شێوەی دادوەرانە و هاوسەنگ و گرنگیدانی تایبەت بە هاندانی خەڵکی گوندەکان بۆ مانەوەیان لە دێهاتەکان و گەیاندنی خزمەتگوزاریی شایستە بۆیان. | - لەمبوارەدا لەسەرئاستی حکومەت چەند هەنگاوێك نراون کە دەکرێت وەك ئاماژە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی حکومەت تەماشابکرێت، وەك:<br>ا- پرۆژەی رێگەوبانەکان و پرد.<br>ب- پرۆژەی کارەبا.<br>هەروەها چەند هەنگاوێکی دیکە لەسەرئاستی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان. | ١ |
| ١٤ | گرنگیدان بە فەراهەمکردنی پانتایی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. | - لەمبوارەدا هیچ هەنگاوێکی بەرچاو و تۆمارکراو نییە تەنانەت فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان، وەك دەزگایەکی حکومەت کە رێکخەری قانونییە لەمبوارەدا، هیچ تۆمارێکی کاری لەناو راپۆرتی ١٠٠ رۆژەی یەکەمی کاری حکومەتدا نییە. | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥ | پاڵپشتی بواری فەرهەنگی و کولتووری و وەرزشی. | - لەمبوارەدا هیچ هەنگاوێکی بەرچاو و تۆمارکراو نییە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە تۆماری کاری چالاکییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاواندا چەند کار و چالاکییەك بەناوی وەزارەتەوە تۆمارکراون کە لەکاتی ئەنجامدانیان ئاماژە بەسپۆنسەری لایەنی ناحکومیی کراوە!. | ٠ |
| ١٦ | کاردەکەین لەپێناو گرنگیدان بە خوێندنی باڵا و بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم و رێکخستنەوەی کاری پەیمانگە ئەهلییەکان. | - بە گوێرەی ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان، زانکۆکان تاڕادەیەکی بەرچاو لەڕووی زانستییەوە سەربەخۆن و کار دەکەن ئەمبوارە چەند ساڵێکە گەشەی کردووە و توێژینەوە زانستییەکانی زانکۆکانی کوردستان لە گۆڤارە نێودەوڵەتییەکاندا، لەساڵانی رابردووەوە چەندجاری پێشتر زیادیکردووە.<br>بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ([٢٢]). | ١ |
| ١٧ | بەئەلیکترۆنیکردنی کاروباری حکومەت هەم لە کاری ناوخۆی حکومەت و هەم لە گەیاندنی خزمەتگوزاریی بە هاوڵاتیان. | - لە مبوارەدا هەنگاو بۆ بەئەلیکترۆنیکردنی کاروبارەکان نراوە.<br>وەك:<br>ا - بەستنەوەی دەروازە سنوورییەکان بە شێوەی ئەلیکترۆنی پێکەوە.<br>ب - تاقیکردنەوەی سەربازیی لە وەزارەتی ناوخۆ.<br>پ- بە گەڕخستنی سیستەمی (e-parwarda) لە و. پەروەردە و خزمەتگوزاریی هەورە فێرگە. | ١ |
| ١٨ | بەکارخستن و ئاراستەکردنی توانی گەنجان. | - لەمبوارەدا هیچ پرۆژەیەکی حکومیی کە بەرنامەی حکومەت بێت بۆ گەنجان لە بواری بەکارخستن و ئاراستەکردنی گەنجان لەو ماوەیەدا نەبووە. | ٠ |

[٢٢] ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، https://www.mhe-krg.org/ku

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩ | بەهێزكردنی ئالیەتی دۆزینەوە و سەرپەرشتی و پاراستنی شوێنەوارەكان و بەكارخستنی بوارەكە بۆ بواری گەشتیاریی. | - هیچ پرۆگرامێكی حكومیی و تایبەت لەلایەن دەزگا تایبەتمەندەكانەوە بۆ ئەمبوارە لەو ماوەیەدا و لەراپۆرتی كاری ١٠٠ رۆژی یەكەمی كابینەی نۆیەمیشدا، تۆمار و بڵاو نەكراوەتەوە. | ٠ |

سەرچاوە: خشتەكە لەلایەن توێژەرەوە، بە بەكارهێنانی زانیارییەكانی ناو هەردوو سەرچاوەی كە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراو دروستكراوە.

١- هێڵە گشتییەكانی بەرنامەی كاری مابینەی نۆیەم، پێگەی ئەنجومەنی وەزیران،gov.krd.

٢- وردەكاری راپۆرتی ١٠٠ رۆژی كابینەی نۆیەم، پێگەی كوردستان ٢٤، لەم بەستەرە:

https://www.kurdistan24.net/so/news/e94c958f-d763-4846-b34d-60f043c70b86

## خشتەی ٣-٢
## نرخی نیشاندەرەکانی کارنامەی حکومەت لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵ:

| نرخی لەیزینی حکومەت لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنیدا | لەیزینی حکومەت- الاداء الحكومي | نیشاندەرەکان | ز |
|---|---|---|---|
| ٠ | - لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتدا، هیچ هەنگاوێك لەمبارەیەوە نەنراوە، لەکاتێکدا کابینەی نۆیەم زۆرترین گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ هەبووە.<br>- نمونە تەنها پێنج رۆژ لەدوای دەستبەکاربوونی حکومەت سەردانی بەغدادیان کرد. | دروستکردنی دەستەی دانوستان، بۆ گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدڕاڵ. | ١ |
| ١ | - لەمبوارەدا کابینەی نۆیەم هەر لەیەکەم سەردانی بۆ بەغدا یەکێك لە تەوەرەکانی کاری بریتی بوو لە کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکان و لەناو کابینەی حکومەتیشدا وەزیری تایبەتمەندی بۆ دانراوەو ئامادەیی بۆ هەماهەنگی خراوەتەڕوو. | ئاساییکردنەوەی رەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بۆ دۆخی پێش ٢٠١٤/٦/١٠. | ٢ |
| ١ | - لەمبوارەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێك لەلایەنە سەرەکییەکانی بەرەی دژە تیرۆرە و وەزارەتی پێشمەرگە لە حکومەتی هەرێم کۆبوونەوەی بەردەوامی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هەبووە و هەیە بۆ مەبەستی رووبەڕووبونەوەی تیرۆر. | رووبەڕووبوونەوەی مەترسیی تیرۆر و ئامادەیی هێزی پ.م بۆ ئەو ئەرکە و هاوبەشیی لەگەڵ سوپای عێراق. | ٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | دەستەبەرکردنی مافە دەستووریيەکانی هێزی پ.م. | - لەمبوارەدا حکومەتی هەرێم هەوڵیدا و چەند هەنگاوێکیشی لەڕێگەی وەزارەتی پ.م ناوە سەردانی بەغداد کراوە، بەڵام حکومەتی بەغدا لە پرسەکەدا جددی نییە. | ١ |
| ٥ | چارەسەرکردنی دۆسیەی نەوت و گاز لەسەر بنەمای مادەکانی ١١١ و ١١٢ی دەستوری عێراق. | - پرسی نەوت و گاز، لە نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق، بۆتە قەیرانێکی قووڵ و لەئێستادا بابەتەکە لەسەر دانەوەی نەوتی هەرێمە بە بەغدادە (نەک چارەسەر)و ئەم بابەتەش وەك پێویست نەڕۆشتۆتە پێشەوە و بۆتە قەیرانی گەرمی نێوان هەردوولا، کە بەم بیانووەوە حکومەتی عێراق، دوور لە بنەمای دەستووری بودجەی حکومەتی هەرێمی بڕیوە و مەرجداری کردووە بە تەسلیمکردنی نەوتی هەرێمی بە کۆمپانیای سۆمۆ، کە ئەم ڕێککارە هیچ بنەمایەکی دەستووری نییە، چونکە قانونی نەوت و گاز لە عێراق نییەو لەبەرامبەریشدا هەتا ماوەی ١٠٠ رۆژی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم هیچ رێککەوتنێکی بنبڕ بۆ چارەسەری قەیرانەکە نەکراوە. | ٠ |
| ٦ | هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەستەی گشتیی چاودێری داهاتە فیدراڵییەکان. | - لەمبوارەدا هیچ هەنگاو، یان پرۆژە قانونێك لەلایەن فراکسیۆنی پارتە سیاسییەکانی کوردستان، پێشکەش بە پەرلەمانی عێراق نەکراوە. | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | ڕەچاوکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە دامەزراوە فیدراڵییەکانی عێراق بەگشتی و بە تایبەت وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوە و نەوت. | - لەمبوارەدا هیچ کار و هەنگاوێك نەنراوە. هەتا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠ پۆستی کورد لە دامەزراوەکانی عێراق بە پڕنەکراوەیی ماونەتەوە([٢٣]). | . |
| ٨ | هەوڵدان بۆ دروستکردنی بنەماکانی سیستەمی فیدراڵی لەڕێگەی دروستکردنی ئەنجومەنی فیدراڵیی. | - لەمبوارەدا هیچ کار و هەنگاوێك نەنراوە و هیچ پڕۆژە قانونێك کە لەم ماوەیەدا بڵاوکرابێتەوە لەلایەن فراکسیۆنی پارتە سیاسیەکانی کوردستان پێشکەش نەکراوە. | . |

سەرچاوە: خشتەکە لەلایەن توێژەرەوە، بە بەکارهێنانی زانیارییەکانی ناو هەردوو سەرچاوەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراو دروستکراوە.

١- هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری مابینەی نۆیەم، پێگەی ئەنجومەنی وەزیران،gov.krd.

٢- وردەکاری راپۆرتی ١٠٠ رۆژی کابینەی نۆیەم، پێگەی کوردستان ٢٤، لەم بەستەرە:

https://www.kurdistan24.net/so/news/e94c958f-d763-4846-b34d-60f043c70b86

[٢٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لێدوانی د. موسەنا ئەمین، لەسەر ئەم بەستەرە: https://www.westganews.net/dreja.aspx?=hewal&jmara

## خشتەی ٤ـ٢
## نرخی نیشاندەرەکانی کارنامەی حکومەت لەسەر ئاستی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان:

| ز | نیشاندەرەکان | لەیزینی حکومەت- الاداء الحکومی | نرخی لەیزینی حکومەت لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنیدا |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | پێداگریی کردن لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان. | - نیشاندەری ئەمبوارە جێگەی سەرنجە، چونکە هەر بۆخۆی دیاریکردنی ئەرکی حکومەت لەمبوارەدا جێگەی مشتومڕە، چونکە هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا، دەستووری نییە کە نەخشیی سەرجەم ماف و ئازادییەکان لە وڵاتدا دەکات. بۆیە سەرجەم کار و بارەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییەکان بە قانونی ئاسایی یان رێنمایی، رێکدەخرێن.<br>- لەڕووی پێکەوە ژیانەوە، کە دیوێکی دیکەی ماف و ئازادییەکانە بە تایبەت بۆ پێکهاتەکان، حکومەت هەنگاوی ناوە، چونکە لەم کابینەیەدا دوو وەزیری نوێنەری پێکهاتەی مەسیحی و تورکمان لە کابینەی حکومەت هەیە و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش لە دەسەڵاتی قانون دانان، هەر سەر بە تورکمانە. ئەمە لەکاتێکدایە رێژەی پێکهاتەی مەسیحی لە هەرێمی کوردستان، لە تورکمان زیاترە. | ١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢ | پێداگری کردن لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان. | -لایەنێکی دیکەی پەیوەست بە ماف و ئازادییەکان، پەیوەستە بە مافی ژنان، لە راپۆرتی کاری ١٠٠ رۆژی یەکەمی حکومەتی هەرێم، هیچ کار و چالاکییەکی دەستەی خانمانی تێدانییە کە دەستەیەکی باڵایە لە ناو حکومەتدا و ساڵانە بودجەی بۆ تەرخاندەکرێت ئەنجوومەنێکی راوێژکاریی هەیە.<br>- هەروەها لایەنێکی دیکەی پەیوەست بە بابەتی پێکەوەژیان لایەنی کولتوورییە کە، زۆرتر لە بابەتی ئایینیدا خۆی دەبینێتەوە، لایەنی بەرپرسیش لەمبوارە لە ناو حکومەتدا وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی یە کە هیچ کارێکی لەو بوارەدا لە راپۆرتی کاری ١٠٠رۆژی یەکەم، تۆمارنەکردووە.<br>- هەروەك لە کارنامەکەی حکومەتدا هاتووە، پێدەچێت بابەتی ئازادی و ماف و پێکەوە ژیان لەلای حکومەت، هەر لە چوارچێوەی پێداگریدا لێی بروانرێت و لەمبوارەدا سیاسەتی حکومەت بۆ پێکەوە ژیان رەهەندێکی دەرەکیی هەیە، بەجۆرێك کە وەك "پیاهەڵدان- ترویج"ێك بۆ سیستەمی حوکمرانی هەرێمی کوردستان بەکاریدەهێنن، لە کاتێکدا لە ناوخۆدا پێویستیی بە پێکەوە ژیان و ماف و ئازادییەکان لە رەهەندی دەرەوە زیاترە. | ٠ |
| ٣ | پێداگری لەسەر چەسپاندن و بەهێزکردنی بنەما دیموکراسییەکان و ئازادی و یەکسانی و دەستخستنی زانیاری بەپێی قانون بۆ هاوڵاتیانی هەرێم، بەرگریکاری مافی هاوڵاتیان دەبین دژی هەر دەمارگیریی و توندرۆیی و تایفی و ئاینی و ڕەگەزی و حیزبی. | - دەتوانین وەڵامی نیشاندەری یەکەم (خاڵی پێشوو) لە مبوارەدا بکەینە بنەما بۆ وەڵامدانەوەی ئەم خاڵەیش، چونکە لە هەرێمی کوردستان دەستوور نییە، پرسەکان لاستیکی و ناجێگیرن.<br>- هەروەها تایبەت بە بابەتی پێدانی زانیاریی، سەرباری ئەوەی قانونی "رووناکیی" بۆ رێکخستنی پێدانی زانیاریی لەهەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام کارا نییە و لەهەمانکاتدا لە سەرەتای نۆیەمین کابینەدا رێنمایی نوێ، بۆ بڵاوە پێنەکردنی زانیاریی لەلایەن فەرمانبەرانەوە دەرچوو، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەو قانونە بدرێت. | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | دژی هەر جیاکارییەکی رەگەزیی و پەراوێزخستنی رۆڵی ئافرەت دەوەستینەوە. | - لەمبوارەدا هیچ رێککار و سیاسەت و بەرنامەیەکی حکومەتی لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی کاری حکومەتدا نییە.<br>- هیچ برە بوودجەیەك لە مبوارەدا تەرخاننەکراوە. | ٠ |
| ٥ | نابێت هیچ کەس لە هەرێمی کوردستان لەسەر بیر و باوەڕێکی سیاسی لە چوارچێوەی ژیانی سیاسی هەرێمدا سزابدرێت و مافەکانی هەرکەسێك بە هۆی بیر و باوەڕەکانیەوە لێی زەوتکرابێت بۆی دەگەڕێندرێتەوە. | - لەمبوارەدا هیچ دیاردەیەکی روون نییە لە هەرێم کە ئاماژە بۆ سزای خاوەن بیروباوەڕی سیاسی جیاواز بدات، بەڵام لە داکەوت (واقیع) دا حیزبە باڵا دەستەکان رێگەکانی گەیشتن بەمافەکانیان لەهەر هاوڵاتییەك تەنیوە، بۆ نموونە: لە دامەزراندنی پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانە و هۆبەیەکی ناو فەرمانگەکانەوە تا پۆستە باڵاکان، مەرجدارکراوە بۆ کادری سیاسیی حیزبیی و پێوەرەکانی دیکە پشت گوێخراون.<br>- هەر لەمبارەیەوە دەتوانین بڵێین؛ هێشتا بەشێك لە زیانمەدانی شەڕی ناوخۆ ماون کە قەرەبوو نەکراونەتەوە، ئەمە سەربارێی نادیاریی چارەنووسی ژیانی چەندین کەس لەلایەن هەردوو حیزبی باڵادەستی پێکهێنەری حکومەتی هەرێم، (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) پارتە ئیسلامیەکان. | ٠ |

سەرچاوە: خشتەکە لەلایەن توێژەرەوە، بە بەکارهێنانی زانیارییەکانی ناو هەردوو سەرچاوەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراو دروستکراوە.

١- هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری مابینەی نۆیەم، پێگەی ئەنجومەنی وەزیران،gov.krd.

٢- وردەکاری راپۆرتی ١٠٠ رۆژی کابینەی نۆیەم، پێگەی کوردستان ٢٤، لەم بەستەرە:
https://www.kurdistan24.net/so/news/e94c958f-d763-4846-b34d-60f043c70b86

## خشتەی ٥ـ٢
## نرخی نیشاندەرەکانی کارنامەی حکومەت، لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم و نێودەوڵەتیی:

| نرخی لەیزینی حکومەت لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنیدا | لەیزینی حکومەت- الاداء الحكومي | نیشاندەرەکان | ز |
|---|---|---|---|
| ١ | - لەمبوارەدا دەبێت لەسەر دوو ئاستی نیشاندەرەکان قسەبکەین، لەڕوانگەی کاری دەزگە پەیوەندیدارەکانی هەرێم کە خۆی لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەدا دەبینێتەوە. لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی کاری حکومەت فەرمانگەکە ٢٦ کاری کۆبوونەوە و پێشوازی و بەشداریی لە سەرئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامداوە. | دامودەزگە پەیوەندیدارەکانی هەرێم پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبەن. | ١ |
| ٠ | - ئەگەر لەسەر ئاستی قانون قسە بکەین، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەزگەی تایبەتە بە رێکخستنی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا ئەم فەرمانگەیە سەرباری ئەوەی بەرپرسەکەی پۆستی وەزیری لەناو کابینەی حکومەتدا هەیە، بەڵام هیشتا قانونی لە پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆ دەرنەکراوە و لەم ماوەیەشدا هیچ کارێك لەوبارەیەوە نەکراوە. | رێکخستنەوەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەسەر بنەمایەکی قانونیی. | ٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | پەرەپێدانی پەیوەندی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزی دوولایەنە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە گشت بوارەکاندا. | - لێرەدا پێویستە روونبکرێتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەمبوارەدا ئەم ئەرکە جۆرێك لە زۆر لەخۆکردن و ناچاریی تێدایە، چونکە عێراقیش و هەر سێ وڵاتی داگیرکەری کوردستان کە دراوسێی هەرێمن: تورکیا، ئێران، سوریا، لە هیچ دۆخێکی گرنگ و ستراتیژیی لەمبارەیەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دانوستان ناکەن و بە هەمیشەیی پەیوەندییەکی نا هاوسەنگ هەیە، بۆیە کە لێرەدا (٠) دانراوە، هێندەی گوزارشتە لە نەهێشتنەوەی رۆڵی سروشتی بۆ دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم لەمبوارەدا، هێندە نیشاندەری نەبوونی توانای حکومەت نییە. | ٠ |
| ٤ | پشتگیری چارەسەری ئاشتییانەی گشت کێشەکانی ناوچەکە دەکەین و پێگەی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەیەك بەکاردەهێنین کە بەشێکبین لە ڕەوتی چارەسەر. | - ئەم خاڵەی کارنامەکە، لەگەڵئەوەی ناڕوون و گشتییە، بەڵام لێرەدا پێویستە روونبکرێتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێك لە دۆخە سیاسییەکەی پەیوەستە بەم خاڵەوە، واتە بوونی وەك هەرێمێك لەناوچەکەدا، بە جۆرێك کە نەبێتە مەترسیی بۆ سەر هیچ بەرژەوەندییەکی وڵاتانی ناوچەکە، هەر بۆیە لێرەدا (٠) دراوە بەم ئەرکە چونکە کۆی خاڵەکە، لاستیکی و نادیار و پێناسەنەکراوە و زۆربەی ئەو پرسانەی لەمبوارەدا حکومەت رۆڵی تیادا دەبینێت سروشتەکەیان بە جۆرێکە نهێنی و باسنەکراوبێت بۆ رای گشتیی و لە دۆخی حکومەتی هەرێمدا هەر بەمجۆرە لەگەڵ ئەوپرسانەدا دەتوانرێت مامەڵەبکرێت. | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥ | هەوڵدان بۆ بەهێزکردنەوەی نوێنەرایەتییەکانی ئێستای حکومەتی هەرێم لە دەرەوە و کردنەوەی نوێنەرایەتی نوێ و زەمینە رەخساندن بۆ کردنەوەی زیاتری کونسوڵگەری وڵاتان لە هەرێمی کوردستان. | - لەمبوارەدا هیچ کارێك تۆمارکرا نەکراوە لەلایەن حکومەتەوە لەم ماوەیەدا. | ٠ |

سەرچاوە: خشتەکە لەلایەن توێژەرەوە، بە بەکارهێنانی زانیارییەکانی ناو هەردوو سەرچاوەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراو دروستکراوە.

١- هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری مابینەی نۆیەم، پێگەی ئەنجومەنی وەزیران،gov.krd.

٢- وردەکاری راپۆرتی ١٠٠ رۆژی کابینەی نۆیەم، پێگەی کوردستان ٢٤، لەم بەستەرە:

https://www.kurdistan24.net/so/news/e94c958f-d763-4846-b34d-60f043c70b86

## خشتەی ٦ـ٢
## نرخی نیشاندەرەکانی کارنامەی حکومەت، لەسەر ئاستی ئابووری و دارایی:

| نرخی لەیزینی حکومەت لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنیدا | لەیزینی حکومەت- الاداء الحكومي | نیشاندەرەکان | ز |
| --- | --- | --- | --- |
| ٠ | - لەمبوارەداو لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتدا، جگە لە چەند رێنمایی و هەنگاوێکی بچووك نەبێت لە کەرتی کشتوکاڵدا کە ئەویش بۆ هاندانی ئەو پرۆژانە بووە کە هەیەو نەچۆتە ئاستی هەنگاو و سیاسەتی نوێوە، هیچی بەرچاو کە گۆڕانکاریی دروستبکات، لە قانون، پۆڵەسی نوێ، نەکراوە. | فرەچەشنکردنی سەرچاوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و گرنگیدان بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و گەشتیاریی. | ١ |
| ٠ | - لەمبوارەدا هیچ شتێکی نوێ نەکراوە، لەراپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانیشدا کە بۆ ١٠٠ رۆژی یەکەمی کارەکانی کابینەی حکومەت نووسراوە لەمبوارەدا هیچ شتێك نەکراوە، تا ئاماژەی پێبکرێت. | پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ بە مەکینە و ئامراز و پێشکەوتوو فراوانکردنی جۆرێتی و چەندێتی بەرهەم بەپێی بنەما زانستییەکان. | ٢ |
| ١ | - بە گوێرەی راپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، حکومەتی هەرێم بڕی ٣٣ ملیار و ٣٢٢ ملیۆن و ٥٣٠هەزار دیناری بۆ دروستکردنی ١٢ بەنداو خەرجکردووە. | دروستکردنی بەنداوی وەرزیی و هەمیشەییەکان گلدانەوەی ئاوی پێویستی بۆ بواری کشتوکاڵ. | ٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی لەڕێگەی پشتیوانی جووتیارانی هەرێم و ڕەخساندنی بازاڕی گونجاوی ناوخۆ و دەرەکیی بۆ بەرهەمەکانیان. | - لەمبوارەدا پێویستە ئاماژە بە لایەنێکی دیاریکراو بکرێت، ئەویش بریتییە لە؛ ڕێککاری قەدەغەکردنی هێنانی بەرهەمی دەرەکیی کە هاوشێوەی بەرهەمی ناوخۆیی بێت لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆدا، هەروەها زیادکردنی گومرکیش لەسەر بەرهەمی دەرەکیی هەندێکجار بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆی زیاد دەکرێت.<br>* لەکارنامەکەی حکومەت و لەمبوارەدا، باسی زیادکردنی "ڕووبەری سەوزایی کراوە"، کە هیچ پەیوەندی ڕاستەخۆی بە بواری ئابووری و داریی و کشتوکاڵیشەوە نییە. | ١ |
| ٥ | ڕێکخستنەوەی سیستەمی بانکیی لە هەرێم و بەکارخستنی ئەو سیستەمە بۆ خزمەتگوزارییە کەسی و گشتییەکان. | - لەمبوارەدا کە وەزارەتی دارایی و ئابووری لایەنی تایبەتمەندە لەماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم هیچ شتێکی نەکردووە. | ٠ |
| ٦ | هاندانی وەبەرهێنان لە سەرجەم بوارەکاندا. | - لە بواری هاندانی وەبەرهێناندا دەستەی وەبەرهێنان چەند کارێکیان کردووە، وەك:<br>ا- بەشداریی لە دوو پێشانگەی نێودەوڵەتیی بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان.<br>ب- کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی.<br>پ- کۆبوونەوە لەگەڵ بانکی جیهانیی. | ١ |
| ٧ | داڕشتنەوە و هەموارکردنەوەی قانونی وەبەرهێنان. | - لە بواری داڕشتنەوە و پێشنیازی هەمواری قانونی وەبەرهێنان لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی کاری حکومەت، دەستەی وەبەرهێنان کە لایەنی تایبەتمەندە هیچ ئاماژەیەکی بەوبوارە نەداوە. | ٠ |

سەرچاوە: خشتەکە لەلایەن توێژەرەوە، بە بەکارهێنانی زانیارییەکانی ناو هەردوو سەرچاوەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراو دروستکراوە.

١- هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری مابینەی نۆیەم، پێگەی ئەنجومەنی وەزیران،gov.krd.

٢- وردەکاری ڕاپۆرتی ١٠٠ ڕۆژی کابینەی نۆیەم، پێگەی کوردستان ٢٤، لەم بەستەرە:

https://www.kurdistan24.net/so/news/e94c958f-d763-4846-b34d-60f043c70b86

## خشتەی ٧-٢
## نرخی نیشاندەرەکانی کارنامەی حکومەت، لەسەر ئاستی کارگێڕیی:

| ز | نیشاندەرەکان | لەیزینی حکومەت- الاداء الحکومی | نرخی لەیزینی حکومەت لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی تەمەنیدا |
|---|---|---|---|
| ١ | کارکردن بۆ چەسپاندنی لامەرکەزییەتی ئیداریی پارێزگەکان کە گونجاوبێت لەگەڵ سیستەمی قانونی و کارگێڕیی هەرێمی کوردستان. | - لەمبوارەدا و لە ڕاپۆرتی کاری ١٠٠ رۆژی یەکەمی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتدا، وەزارەتی ناوخۆ کە لایەنی تایبەتمەندە تەنها باسی لە لیژنەیەك کردووە کە بەفەرمانی وەزاری ژمارە (١٣٤٩٧) لە ٢٠١٩/٨/٧ پێکهاتووە، بەڵام لە راپۆرتی کاری حکومەت ئاماژە بە ئەنجامی لیژنەکە ناکات و تەنها باسی مەبەستی کاری لیژنەکە دەکات کە بریتییە لە؛"پێداچوونەوەی دەسەڵاتی پارێزگە و سەرپەرشتیاری ئیدارەکان، بۆ مەبەستی لامەرکەزیەتی ئیداریی". | ٠ |
| ٢ | تەرشیقکردنی (بچووککردنەوەی) پەیکەریی کارگێڕیی دامودەزگەکانی حکومەت لە خوارەوە بۆ سەرەوەبە شێوەیەك بۆ هەرێمی کوردستان گونجاوبێت. | - جگە لەوەی لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی کابینەی نۆیەم لەمبوارەدا هیچ نەکراوە، ئەوەش جێگەی ئاماژەپێدانە کە تەنها لەم خاڵەدا لەکارنامەی حکومەتدا ئاماژە بە (چوارساڵ) دراوەو لە خاڵەکانی پێشوودا هیچ ئاماژەیەکی پێنەدراوە. | ٠ |

سەرچاوە: خشتەکە لەلایەن توێژەرەوە، بە بەکارهێنانی زانیارییەکانی ناو هەردوو سەرچاوەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراو دروستکراوە.

١- هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری مابینەی نۆیەم، پێگەی ئەنجومەنی وەزیران،gov.krd.

٢- وردەکاری راپۆرتی ١٠٠ رۆژی کابینەی نۆیەم، پێگەی کوردستان ٢٤، لەم بەستەرە:
https://www.kurdistan24.net/so/news/e94c958f-d763-4846-b34d-60f043c70b86

## دەرەنجام:

لەم بەشەداو لە دوای خستنەڕووی کارنامە و میتۆدی نرخاندن و دەرخستنی نرخی لەیزینەکانی حکومەت لە حەوت خشتەدا بۆ هەر یەکێك لەئاستە سەرەکییەکانی کارنامەکەی حکومەت، گەیشتینە چەند ئەنجامێك؛ لەوانە:

لە کۆی ٥٩ نیشاندەر، لە حەوت ئاستدا کە ئەمانەن: "چاکسازیی، خزمەتگوزاریی، پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان، پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیی، ئابووری و دارایی، کارگێڕیی"، نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی کارەکانیدا لە ٢٠ "بیست" نیشاندەردا: کار، بودجە، پرۆژە قانون، بەرنامەی جێبەجێکردووە و لە ٣٩ "سی و نۆ" یاندا بە گوێرەی راپۆرتی پوختەی کارو چالاکی ١٠٠ رۆژی یەکەمی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، هیچی نەکردووە، کە بە گوێرەی میتۆدی لەیزینی نیشاندەری سەرەکیی، ئەم ئەنجامە واتە: لادان- انحراف، لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا هەیە و پێویستی بە پێداچوونەوە و گۆڕانکاریی و سەرلەنوێ داڕشتنەوە هەیە.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێم، رەنگدانەوەی قورسایی پارتە سیاسییەکانی ناو کایەی ململانێ سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەو ئەم کابینەیەی حکومەتیش واتە: نۆیەمین کابینە، هەر سێ حیزبی سەرەکیی هەرێمی کوردستان: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان و چەند پارتێکی تری کوردستانی تێیدا بەشدارن، کارنامەکە بەرەنجامی رێککەوتنی هەمەلایەنی پێکهێنەرەکانی حکومەتە، کە ئەگەر لە روانگەی دروشمەکانی هەر سێ پارتی سەرەکییەوە لێی بڕوانین، ئەوا؛ لەیزینی حکومەت

بۆ "نرخ" دەبێت لە بەرامبەر نیشاندەرە گرنگەکانی کە دەبێتە مایەی بەدیهێنانی دروشمەکانی پارتە سیاسییەکان، کە دەتوانین بەمجۆرە ناوی پارتی سیاسی و دروشمەکانیان ڕێکبخەین:

| ناوی پارتی سیاسیی | دروشم و بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پێنجەمین خوولی پەرلەمانی کوردستان |
|---|---|
| ١ پارتی دیموکراتی کوردستان | بەرەو کوردستانێکی بە هێز |
| ٢ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ئارامیی، هەلی کار، خزمەت |
| ٣ بزووتنەوەی گۆڕان | چاکسازیی راستەقینە |

بەگوێرەی دروشمی پارتە سیاسییەکان بێت دەبوو نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاری لەسەر ئەو بوارانە بکردایە کە دەبنە مایەی: بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان، ئارامیی، هەلی کار، خزمەت و چاکسازیی راستەقینە، بەڵام کاتێك کە لەیزینی حکومەت دەنرخێنیت دەبینین کە نیشاندەرە سەرەکییەکانی کە دەبنەهۆی بەدیهێنانی دروشم و ئامانجەکان هیچیان نەکراون، وەك:

١- دامەزراندنی ئەنجومەنی راژە.

٢- دروستنەکردنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان.

٣- ڕێگریی کردن لە قۆرخکاریی لە بواری وەبەرهێنان و بازرگانیی دا.

٤- کاراکردنی سندوقی خانەنشینی.

٥- ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پ.م و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٦- کۆنترۆڵکردنی چەك لە هەرێمی کوردستان بە جۆرێك کە مافی بەکارهێنانی چەك تەنها لەلای حکومەت بێت.

٧- دەرنەچواندنی قانونی دڵنیایی تەندروستی (بیمە).

٨- نەبوونی پرۆژە بۆ رەخساندنی هەلی کار و رێکنەخستنی مافی کرێکاران.

٩- غیابی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی.

١٠- دروستنەکردنی دەستەی دانوستان بۆ پرسەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغداد، لە کاتێکدا پێویستە ئەوە روونبکرێتەوە کە لەناو نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم و بۆ یەکەمجارە وەزیرێك بۆ پرسی گفتوگۆی نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق تەرخانبکرێت، کە رەنگە دروستکردنی دەستەکە بۆ یەکریزیی لایەنی کوردستانیی خاڵێکی باش بێت، چونکە مەرج نییە هەموو هێزە کوردستانییەکان لە ناو کابینەی حکومەتدا بەشداربن، بەوپێیەی پرسی نێوان هەرێم و عێراق، پرسێکی نیشتمانییە و پەیوەندیدارە بە سەرجەم لایەنەکانەوە.

١١- نەگەیشتنە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق لە بارەی بەپرسی نەوت و غازەوە.

١٢- پڕ نەکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکانی کورد لە بەغداد کەپشکی رەوای کوردن لە حکومەتی فیدڕاڵ.

١٣- ئەنجامنەدانی هیچ کارێك بۆ فرە سەرچاوەکردنی دارایی هەرێم.

١٤- ئەنجامنەدانی هیچ کارێك لە بواری سیستەمی بانکیدا([أ]).

١٥- رێکنەخستنی مافی کرێکاران و هەموار نەکردنی یان دەرنەچواندنی قانونێکی نوێی کار لە هەرێمی کوردستان.

١٦- بچووك نەکردنەوە - تەرشیقنەکردنی پەیکەری کارگێڕیی حکومەت لەهیچ ئاستێکدا، کە دەکرێت ئەمە وەك میتۆدێکی بەهێزکردن و کاراکردنی حکومەت بەکاربهێنرێت.

١٧- ئەنجامنەدانی هیچ کارێکی جدی لە بواری نا ناوەندێتیی- لامەرکەزیی کارگێڕیی – ئیداریی، پارێزگەکان([ii]).

ئەگەر بهاتایەو ئەم ١٧ نیشاندەرە سەرەکییە، لەلایەن حکومەتەوە لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمدا بەرنامە و بناغەی کاری بۆ دابنرایە، یان جێبەجێ بکرایە، ئەوا دەردەکەوت کە "کارنامە" ڕۆڵێکی گرنگی وەك سیاسەتی گشتیی نووسراوی حکومەت، لە ژیانی گشتیدا هەیە، ئەوکات هاوڵاتی، رای گشتیی، پەرلەمان و دەزگەکانی تری چاودێری نا فەرمیی، وەك: پارتە ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی توێژینەوە، ڕوونتر دەیانتوانی لەبارەی سیاسەتیی گشتیی حکومەت قسە بکەن و حیزبە بەشدارەکانیش بەرپرسیارێتی سیاسیی و قانونییان باشتر دەردەکەوت، بەڵام لە ماوەی کاری حوکمڕانیدا، "کارنامەی حکومەت" وەك سیاسەتی گشتی نووسراوی پەسەندکراو، بەهۆی لادانەکانی دەزگەی جێبەجێکردنەوە وندەبێت.

پێویستە لێرەدا ئاماژەش بەوە بدەین کە نۆیەمین کابینەی حکومەت لەدوای دروستبونی ئۆپۆزسیۆنی کاراوە لە هەرێمی کوردستان، هەرگیز ئۆپۆزسیۆنێکی لەمجۆرە لاوازو پەرتەوازەی نەبوە.

---

([i]) لە بارەی پەرەپێدانی سیستەمی بانکیی لە هەرێمی کوردستان، پێویستە هەندێك شت روونبکەینەوە کە، مەرج نییە بەهۆی پەرەپێدانی سیستەمی بانکییەوە هەرێمی کوردستان بچێتە سەرهێڵی پێشکەوتن، چونکە هێشتا هیچ توێژینەوەیەکی زانستیی و سیاسیی بە داوێن و دلسۆزانە نەکراوە تا روونی بکاتەوە بۆمان بزانرێت، کە ئایا ستراتیژی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان لەگەڵ پەرەپێدانی سیستەمی بانکیدا دەگونجێت یان نا؟، چونکە رەنگە رۆژانێك کورد بەهۆی خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانییەوە لەلای وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی و سەرمایەداریی کە هەر خۆیشیان خاوەنی تۆڕە بەهێزەکانی سیستەمی بانکین بکەوێتە مەترسیی و سەرچاوە داراییەکانمان بلۆك بکرێن، بەڵام لەسەر ئاستی تاك دەکرێت مامەڵە لەگەڵ سیستەمی بانکیدا وەك رێکارێکی مۆدێرن بکرێت، هەرچەندە کێشەکانی ئەوەیش لەلایەنی خوێندەواریی، متمانە، کات، بیرۆکراتیەت، کولتووریی و کۆبوونەوەی بانکەکان تەنها لەناو شارە گەورەکاندا،

کەمنین، کە لێرەدا پێشنیازی ئەوە دەکەم کە بە شێوەیەکی بێلایەنانە راپرسی بۆ توێژینەوەیەك لە بارەی: خواستی خەڵك بۆ کاراکردنی سیستەمی بانکیی، یان وەرگرتنی پارەی راستەوخۆ لە حکومەت و کەرتەکان دیکە، بکرێت و وەڵامێکمان بۆ ئەو لایەنەش دەست بکەوێت.

(ii) جێی خۆیەتی لە بارەی نا ناوەندێتیی- لامەرکەزیی یەوە، بوترێت کە هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان، هیچ نیەتێکی پاك و روون و زانستی لە بارەی نا ناوەندێتی و دابەشکردنی دەسەڵات لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە نییە، بە جۆرێك کە حکومەت لە نا ناوەندێیتی کارگێڕیی، وەك بەشێك لە رێکاری ئاسانکاریی کاری حکومەت دەڕوانێت و پارتە سیاسییە رکابەرەکانییش وەك: دەرچەیەك بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی ناوەندێک بەکاریدەهێننن. دەتوانین لەم نێوەندەدا، کاریگەریی خراپیی دابەشبوونی جوگرافیی دەسەڵات و کاریگەری دووحیزبی سەرەکیی (پ.د.ك و ی.ن.ك) لە هەرێمی کوردستان باسبکەین، کە پرسە گرنگەکان بە حیزبیی و بەرتەسك دەکەن و لە کاتی پێویستیی بۆ پاراستنی بەرژوەندیی و دەسەڵاتی خۆیان نەك بەرژەوەندی خەڵك بەکاریدەهێنن، هەر بۆ نمونە: ئەو لامەرکەزیی یەی ئێستا کە ی.ن.ك و پێشتریش بزوتنەوەی گۆڕان بۆ سلێمانی، لە هەولێر- پ.د.ك، داوا دەکەن، خۆیان قبوڵیان نییە لە سلێمانی هەمان لامەرکەزیی، بدەنە پارێزگەی هەڵەبجە.

# بەشی سێیەم:
# تۆماری ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## سەرەتا:

لەم بەشەدا؛ تۆماری ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، لەسەر بنەمای بەکارهێنانی رۆژمێری ساڵی زاینی کە لە هەرێمی کوردستان بە فەرمیی کاری حکومەت و دەزگەکانی هەرێمی کوردستانی پێ بەڕێوە دەڕوات. "سەرباری هەبوونی ساڵنامەی کوردیی، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك تەنها دەسەڵاتی کوردیی کە لەسەر گۆی زەوی هەیە بەکاری ناهێنێت" هەرچەند وەك رووکەش لەسەر نووسراوەکانی بەشێك لە دەزگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنووسرێت.

## یەکەم: دیاریکردنی ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم

پەرلەمانی کوردستان، بڕیاری ژمارە حەوت (٧)ی لە دانیشتنی ژمارە هەشت (٨)ی رۆژی ٢٠١٩/٦/١١، دەرکرد، ناوەڕۆکی دەقی بڕیارەکە، تایبەتە بە ([٢٤])؛

یەکەم: ناوزەدکردنی رێزدار؛ مەسرور مەسعود موستەفا بارزانی، بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١١ کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی "وەقایعی کوردستان" دا بڵاودەکرێتەوە.

فەرمانەکە بە واژۆی د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (پێشوو) دەرچووە و پشت بەست بە حوکمی برگە سێ (٣)ی مادەی ٥٦ ی

---

[٢٤] پەرلەمانی کوردستان، بڕیاری ژمارە حەوت (٧) لە ٢٠١٩/٦/١١، هەولێر، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە:
https://www.parliament.krd/media/1823

قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە یەك (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، دەبێت لە ماوەی یەك مانگ لە دەرچوونی بڕیارەکەوە کەسی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت، کابینەکەی پێکهێنێت و لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان سوێندی قانونیی بخوات.

بە گوێرەی بڕیارەکە؛ دەبێت مەسرور بارزانی، وەك راسپێردراوی لیستی زۆرینەی پەرلەمان لە "پ، د، ك" لە ماوەی ٣٠ رۆژ؛ واتە: (یەك مانگ) کابینەی حکومەت پێکهێنێت، کە بەگوێرەی ژماردنی رۆژەکان دەبێت کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٠/ی تەممووزی/٢٠١٩ لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان سوێندی قانونیی بخوات و متمانەی پێ بدرێت، هەرچەند لە ناوەڕۆکی بڕیارەکەدا هیچ ئاماژەیەك بە ناوی ژمارەی کابینەی "نۆیەم" نەدراوە، ئەمەش بە کەموکورتییەکی بڕیارەکە دادەنرێت لەڕووی هونەری بڕیار نووسینەوە.

ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ناوەڕۆکی بڕیارەکە و وتاری سەرۆکی حکومەت لە دوای وەرگرتنی متمانە لە پەرلەمان لە رۆژی ٢٠١٩/٧/١٠ دا بکەین، ئەویش، واتە: مەسرور بارزانی، هیچ ئاماژەیەکی بە ماوەی قانونیی "چوار ساڵ" بۆ کابینەکەی نەدا. لەمەوە دەکرێت نیەتێك بخوێنرێتەوە کە وا دەردەکەوێت کە سەرۆکی حکومەت، بەنیاز نییە تەنها بۆ یەك کابینە، سەرۆکایەتی حکومەت بکات، بەڵکو بۆ چەند کابینەی داهاتووش بەردەوام دەبێت. هەرچەند ئەم نەریتە "بەردەوامی لە دەسەڵات" (الأستمرارية فى السلطة)دا. یەکێکە لە دیاردەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ وە، لە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم تا ئێستا، لە نۆ کابینەی حکومەت و لە ماوەی ٢٩ ساڵی دروستکردنی کابینەکانی حکومەتی هەرێمدا، سەرۆکایەتیکردنی حکومەت لە نێوان پێنج کەسدا، دووانی سەرەکیی "کۆسرەت رەسوڵ و نێچیرڤان بارزانی" و سێ نا سەرەکیی "د. فواد

مەعسوم، د. رۆژ نوری شاوەیس و د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح"دا ئاڵوگۆڕی پێکراوە و دووبارە بوونەوەی وەرگرتنەوەی پۆستە باڵاکان بە تایبەت لە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم بۆتە دیاردە و پۆستی سەرۆك هەرێمیش لە ماوەی ١٥ ساڵی تەمەنیدا، تەنها یەکجار ئاڵوگۆڕی پێکراوە([25]).

هەرچەند دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە لە بڕیاری ژمارە نۆ-ی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٩/٧/١٠ لە دانیشتنی ژمارە ١٣ لە متمانەدان بە کابینەی حکومەتدا ژمارەی کابینەی حکومەت دیاریکراوە کە دەڵێت: "کابینەی وەزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان"([26]).

لە بارەی دیاریکردنی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کێشەیەك لە داکەوت (واقیع)دا روویداوە ئەویش بریتییە لەوەی کە، لە لایەن سەرۆکی حکومەت و گروپی حکومەت، کاتێکی جیاواز بۆ ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەت دیاریکراوە، چونکە بەگوێرەی بڕیاری ژمارە "حەوت" ی پەرلەمانی کوردستان و قانونی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، کە ماوەی یەك مانگ، دوای راسپاردن دانراوە بۆ سەرۆکی راسپێردراو تا کابینەکەی پێکبهێنێت، ئەوا لە ٢٠١٩/٦/١١ بۆ ٢٠١٩/٧/١٠ ماوەی سی (٣٠) رۆژی تەواوی رۆژ ژمێری زاینی دەکات، هەروەها لە رۆژی چوارشەممە ٢٠١٩/٧/١٠ کە پەرلەمانی کوردستان لە دوا کاتی قانونیی مۆڵەت پێدراو بۆ پێکهێنانی حکومەتدا، متمانەی بە نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم کە لە

---

[25] سامان سالح، فراوانبوونی دەزگەکانی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی لە هۆکار و دەرئەنجامەکان، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، پێشکەشی کۆلێژی کارگێری و سەرچاوە مرۆییەکانی زانکۆی چەرمو کراوە، لە ساڵی ٢٠١٦.

[26] بڕیاری ژمارە ١٣ی پەرلەمانی کوردستان، عێراق، لەسەر ام بەستەرە: https://www.parliament.krd/media/2601

سەرۆك و جێگر و ٢١ وەزیر پێکهاتووە بەخشی، بۆ رۆژی هەینی ١٧/ ئۆکتۆبەر ٢٠١٩/١٠، ماوەی ١٠٠ سەد رۆژی تەواو دەکات. بۆ زیاتر روونبوونەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣- ١)، ژمارە و ناوی مانگەکان و لە مانگەکانیشدا ژمارەی رۆژەکانی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نیشاندەدات:

خشتەی ژمارە: ٣- ١

ناو و ژمارەی مانگ و ژمارەی ١٠٠ رۆژی تەمەنی یەکەمی کابینەی نۆیەم دەخاتەڕوو

| ز | ناو و ژمارەی مانگەکان | ماوەی رۆژانی تەمەنی کابینەی نۆیەم | ژمارەی رۆژ لە و مانگەدا |
|---|---|---|---|
| ١ | تەمموز/ جولای ٢٠١٩/٧ | ٧/١٠ بۆ ٢٠١٩/٧/٣١ | ٢٢ رۆژ |
| ٢ | ئاب/ ئەوگەست ٢٠١٩/٨ | ٨/١ بۆ ٢٠١٩/٨/٣١ | ٣١ رۆژ |
| ٣ | ئەیلول/ سێپتەمبەر ٢٠١٩/٩ | ٩/١/ بۆ ٢٠١٩/٩/٣٠ | ٣٠ رۆژ |
| ٤ | تشیرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر ٢٠١٩/١٠ | ١٠/١ بۆ ٢٠١٩/١٠/١٧ | ١٧ رۆژ |
| | | | ئەنجام: ١٠٠ سەد رۆژ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە رۆژمێری ساڵی زاینی ٢٠١٩

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، لەلایەن سەرۆکی حکومەت و گروپی حکومەت و لە پێگەی فەرمی حکومەتیشەوە، ڕۆژ و کاتێکی دیکە، وەك مێژووی کۆتا ڕۆژی سەد ١٠٠ ڕۆژەی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم دیاریکراوە کە، بریتییە لە ٢٠١٩/١٢/٤، بە گوێرەی ڕۆژ ژمێری کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕۆژە، واتە؛ ١٢/٤ دیسەمبەر چل و حەوت (٤٧) ڕۆژی تەواو، دوای ماوەی ١٠٠ سەد ڕۆژی یەکەمی ڕاستەقینەی تەمەنی حکومەت دەکات.
هەر لەم بۆنەیەدا، مەسرور بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی تەمەنی کارکردنی حکومەت لە تەلەفزیۆنی کەناڵ ٢٤ وتارێکی ڤیدیۆیی تۆمارکراوی پێشەشکرد، کە تێیدا، هاتبوو کە: "ئەمڕۆ شەممە ٧/١٢/٢٠١٩ مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٠٠ ڕۆژی کارکردن بەسەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گوتارێکی تەلەڤزیۆنی پێشکەشی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات"([27]). هەر لەمبارەیەوە سەرۆکی حکومەت لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام، وێنەیەکی خۆیی لەکاتی تۆمارکردنی وتارەکەیدا بڵاوکردۆتەوە و نووسیویەتی: "لە کاتی ئامادەکاریی بۆ پێشکەشکردنی گوتارێکم بە بۆنەی تێپەڕبوونی ١٠٠ ڕۆژی کارکردن بەسەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمشەو (واتە: شەوی٢٠١٩/١٢/٧) کاتژمێر هەشت پەخشدەکرێت. تێیدا ئەو پێشکەوتنانەی تا ئێستا بەدیهاتوون و هەنگاوەکانی داهاتوو بەرەو کوردستانێکی بەهێز دەخەینەڕوو"([28]).
لەمبوارەدا هیچ بەڵگە و نیشانە و بیانوویەك لە وتاری سەرۆکی حکومەت و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن و تەنانەت ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکانیش، بە

[27] لە پێگەی کەناڵ ٢٤ لەسەر بەستەری خوارەوە لە ٢٠٢٠/٣/٢٣، وەرگیراوە:
/www.kurdistan24.net/so/news
[28] لە پێگەی کەناڵ ٢٤، هەمان سەرچاوە، وەرگیراوە.

بەشدارەکانی حکومەت و نەیارەکانی حکومەتیشەوە بۆ راستکردنەوە، یان هەڵسەنگاندنی ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەت، کە چۆن دوای ٤٧ رۆژ، ژمارەی سەدهەمین رۆژ تەواو دەبێت نەخرایەڕوو.

هەر وەك بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەکەمان زانیاری ئەوە دەخەینەڕوو کە هەر لە پێگەی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە وتارێکدا بە ناونیشانی "رامانێك لە ١٠٠ رۆژی حوکمڕانی مەسرور بارزانی دا" لەلایەن ئەکرەم ئێدلبی، نووسراوە، وتارەکە هەڵسەنگاندنێکە بۆ ماوەی کاری ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتارەکە لە ٢٠١٩/١٠/١٧ بڵاوکراوەتەوە([٢٩]).

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر ژمارەی رۆژەکان بە گوێرەی پێوەری سەرۆکی حکومەت، بە پێچەوانەوە بۆ دواوە بژمێرین و بگەڕێنەوە لە ١٢/٤ وە، ئەوا بە ژماردنی رۆژەکان دەگەینە ٢٠١٩/٨/٢٥، واتە بە گوێرەی ئەوە دەبێت لە ٨/٢٥ کابینەی نۆیەم متمانەی وەرگرتبێت، کە هیچ نیشاندەرێکمان نییە بۆئەوەی ١٠٠ رۆژەکە لەوێوە بژمێردرێت.

[٢٩] لە پێگەی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠٢٠/٣/٢٣ لەسەر ئەم بەستەرە، وەرگیراوە:
https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=118024




وێنەی وەرگیراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام، لە هەژماری سەرۆکی حکومەت، مەسرور بارزانی،کە تێیدا ئاماژە بە خۆ ئامادەکردن بۆ وتارێك بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر کابینەی حکومەتەکەیدا دەدات.

## دووەم: تۆماری ١٠٠ رۆژی یەکەم، بەگوێرەی رۆژ بە رۆژ

لێرەدا لە رۆژی یەکەمەوە هەتا سەدهەمین رۆژ، تۆماری هەر شتێك کە گرنگ بێت لە ژیانی نۆیەمین کابینەی حکومەتداو لە چوارچێوەی نیشاندەرەکانی کارنامەکەدا بێت و بۆ ژیانی هاوڵاتیانی هەرێم و قەوارەی هەرێمی کوردستان کاریگەر بێت، وەك: قانون، بڕیار، کۆبوونەوە، بەشداری کۆنفرانس و وۆرکشۆپ، پێشوازیی، سەردان، هەواڵ، کار، چالاکی و رووداو، تۆماردەکرێت لەسەر بنەمای؛ بوونی پەیوەندی ئەو کار و چالاکیی و رووداوانە بە کارنامە و سیاسەتی حکومەت و کاریگەریی دانان لەسەر بەرنامەی حکومەت، هەروەك رووداو و پێشهاتە سیاسییە ناکاوەکانیش، کە لە سنووری حکومەتی هەرێم و دەرەوەی لەسەر ژینگەی سیاسیی کاریگەرن، تۆمارمان کردوون.

یەکێك لە گرفتە هەمیشەییەکانی هەر توێژەر و نووسەرێك، بە تایبەت لە بواری زانستە مرۆییەکان و لەناویشیاندا زانستە رامیارییەکان، "تۆمەتی" نەبوونی بێلایەنییە، یان لەڕاستیدا حەز و یاریکردنە بە رووداوەکان لەبەر هەستی لایەنداریی بۆ گروپ، کەس، نەتەوە و ئاینێکی دیاریکراو، بە رێگەی نووسین و زۆرجاریش گەمەی لایەنداری لەرێگەی زمان و ... تاد دەکرێت، ئەم گرفتە شتێکی ناڕاست و هەڵبەستراو نییە و بوونی هەیە، چونکە بە بڕوای ئێمە "لانیکەم بەشێوەیەکی رێژەیی" لەبەرئەوەی زانستەکان لەلایەن مرۆڤەوە بەرهەم دێن و هەر گروپە مرۆڤێکیش سەر بە نەتەوە، رەنگ، ئاین و ناوچەیەکی جیاوازە، کەواتە؛ لایەنداریی شتێکی سروشتییە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا، بەڵام لایەنداریی شتێکی زانستیی نییە، ئەم گرفتە هێشتا نابێتە "تاوان"، هەتا کاتێك کە راستی و مێژووی راستییەکان نەشێوێنێت، چونکە کاتێك توێژەر یان نووسەرێك لایەنداریی بۆ بابەتێکی دیاریکراو وای لێبکات شتی ناڕاست

بگوازێتەوە، ئەوا تاوانێکی نەخوازراوی ئەنجامداوە کە لەناو کایەی زانستدا مامەڵە لەگەڵکردنی توشی بێزاریمان دەکات.
ئێمە لێرەدا بۆ ئەوەی تووشی ئەو گرفتە نەبین و هەواڵ و بابەتەکانمان زۆر لە راستییەوە نزیك بن، پەنامان بۆ پێوەری "فرە سەرچاوەیی- Multi Resource" بردووە. مەبەست لە پێوەری فرە سەرچاوەیی؛ وەرگرتن و گواستنەوە و تۆماری سەرجەم هەواڵ، رووداو، کار و چالاکی، نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە رێگەی سەرچاوەکانی راگەیاندنی "نووسراو، بینراو، خوێنراو"ی فەرمیی حکومەت و پارتە سیاسییە بەشداربووەکانی ناو حکومەتەوە.
لێرەدا مەبەستمان لە وەرگرتنی زانیارییەکان لە سەرچاوەی فەرمیی حکومەت و سەرچاوەی پارتە سیاسییەکانی بەشداربووی ناو حکومەت، لە پێناوی مەبەستی ئەم بەشەدایە کە، ئامانجی سەرەکیی تۆمارکردنی کاری سەد رۆژی یەکەمی نۆیەمین کابینەی حکومەت و بەراوردکردنیەتی بە بەرنامە متمانە پێدراوەکەی، هەروەك وەرنەگرتنی یان بە هەند وەرنەگرتنی زانیاریی لە سەرچاوەی هەواڵی پارتە سیاسیەکانی دەرەوەی حکومەت، نیشانەی بە گرنگ نەزانین نییە، بەڵکو کارەکەی ئێمە مەبەستی نییە وەك بەرهەڵستکار – ئۆپۆزسیۆن، کارەکانی حکومەت تۆماربکات و بخوێنێتەوە و بینرخێنێت، چونکە لەبەشی دووەمدا بە گوێرەی میتۆدی زانستیی نرخاندنمان کردووە. لێرەدا تەنها مەبەست تۆمارکردنە، هەر بۆیە راگەیاندنی پارستە سیاسییە بەشداربووەکانمان کردە بنەما، چونکە بەرپرسە حکومییەکانیان کە کادری حیزبەکانیانن، هەرچی بکەن دەینووسن و بڵاوی دەکەنەوە، هەرچەندە ئەم بابەتەش بەهۆی دەستەگەرییەوە لە کەناڵەکانی راگەیاندنی هەندێك پارتی سیاسیدا، وەك کەرەستەی هەواڵ و زانیاریی و گواستنەوەی بەشێوەی پیشەی رۆژنامەوانیی بۆ خەڵك مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

هەرلێرەدا بەگرنگیی دەزانم ئاماژە بە چەند پێوەرێکی تۆمارکردن بکەم:

١- تۆمارکردنی سەرجەم کارەکانی حکومەت ئاستەکانی؛ سەرۆك، جێگر، وەزیرەکان و هەر پۆستێکی بەرامبەر پۆستی وەزیر دەگرێتەوە.

٢- مەبەست لە دیاریکردنی ئەو پۆستانە ئەوەیە کە هەر یەکێکیان بەرپرسن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی حکومەت و سوێندیان لە پەرلەمانی کوردستاندا خواردووە و کارەکانی تری دەزگەکانی حکومەت لە بەر رۆشنایی سیاسەتی گشتی حکومەتدایە کە بە واژۆی وەزیر بەرنامەکە لە وەزارەت پەسەندکراوە و براوەتە حکومەت.

٣- تۆماری کاری سەد رۆژی یەکەم، مەبەست لێی زانینی نیشاندانی هەنگاوەکانی حکومەتە بۆ دانانی بناغەی جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت، نەك تۆماری کاری رۆژانەی حکومەت و دەزگە خزمەتگوزارییەکان کە ئەرکی خۆیانە، واتە لەم تۆمارکردنەدا بۆ نیشانەی جیاوازیی کاری حکومەت لە نۆیەمین کابینەدا دەگەڕێین، نەك کاری ئاسایی هەر دەزگەیەك، واتە بەلای ئێمەوە گەر حکومەت لەم ماوەیەدا کارێکی کردبێت کە جیاوازبێت لە سروشتی کاری ئاسایی کابینەکانی پێش خۆی لەبەر رۆشنایی کارنامەکەیدا هەبێت، ئەوا ئەمە بە گۆڕانکاریی گرنگ دادەنرێت و دەکرێت لەمبوارەدا توێژینەوەی زانستی دیکە بکرێت لە سەر بنەمای تۆماری رۆژەکانی ١٠٠ رۆژی سەرەتای تەمەنی حکومەت.

## ١- تۆماری مانگی یەکەم: ٧/١٠ بۆ ٧/٣١ تەموزی ٢٠١٩

لێرەدا رۆژ بە رۆژ، بە گوێرەی مانگەکان تۆماری رووداوەکان دەنووسرێت و لەهەندێ شوێندا لێکدانەوەو رونکردنەوە لەسەر رووداوەکان دەکەین و لەهەندێك شوێنی دیکەدا تەنها تۆماری دەکەین.

**رۆژی یەکەم: ٢٠١٩/٧/١٠**

رۆژی ١٠ی تەموزی ٢٠١٩، بەدەق ئەم سوێندە قانونییە: "بە خوای گەورە سوێند دەخۆم کە، بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکێتیی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێزی قانونە رەچاوکراوەکان بگرم"، نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ١٣، لە بەردەم ئەندامانی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، سوێندی قانونی خوارد و پاش سوێند خواردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك وەزیران، سەرجەم وەزیرەکان کە لە ٢١ وەزیر پێکهاتبوون، سوێندیان خوارد و یەکەم رۆژی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد، (لە بەشی یەکەمدا بە تەواوی ناوی وەزیر و وەزارەتەکان نووسراون) لە ١٨ وەزارەت و ٢١ وەزیر پێکدێت "سێ وەزیریان بێ وەزارەتن- واتە؛ وەزیری هەرێم"ن و سەرۆکی حکومەت خۆی پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان بەڕێوەدەبات تا دانانی کەسێك بە وەزیر.

رۆژی ٢٠١٩/٧/٩ رۆژنامەی خەبات ی ئۆرگانی فەرمیی، پ.د.ك، لە ژمارە ٥٧٨٥ی رۆژی سێشەممەدا لە هەواڵی سەرەکیی لاپەڕەی یەکەمدا نووسیبووی: کابینەی نۆیەم لە "١٩" وەزیر و سێ وەزیری هەرێم پێکدێت. ئەمەش وەك هەڵەیەکی وردبینی لە ژمارە دێتە ژماردن، چونکە لە لاپەڕە سێی هەمان رۆژی رۆژنامەکەدا لە کاتی نووسینی ناوی وەزیرەکان تەنها ١٨ وەزیر و سێ وەزیری هەرێم نووسراون.

لەگەڵ ئەوەی مەسرور بارزانی، بە فەرمانی ژمارە "یەك"ی ساڵی ٢٠١٩ی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پێکهێنانی نۆیەمین کابینەی حکومەت راسپێردرابوو، بەڵام لەو رۆژەدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە سەردانێك لە فەرەنسا بوو، لەرۆژی ١٠ی تەموز ٢٠١٩، لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، لە کۆشکی ئەلیزێ کۆبوویەوەو بەشداری رێورەسمی سوێندخواردنی کابینەی نۆیەم نەبوو.

دوای سوێندخواردنی کابینەکە و متمانە وەرگرتن، سەرۆکی حکومەت هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەتەکەی خوێندەوە کە خۆی لەچەند ناونیشانێکدا دەبینییەوە وەك: چاکسازیی، حوکمڕانیی باش، پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغداد، و بواری کارگێڕیی و دارایی و ئابووریی.

**رۆژی دووەم: ٢٠١٩/٧/١١**

یەکەمین کۆبوونەوەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر ئەنجامدراو لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت داوایان لەوەزیرەکان کرد کە بە گیانێکی نیشتمانپەروەری و دوور لە هەستی حیزبی کاربکەن، هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەیەك بۆ ئاڵوگۆڕیی وەزارەتەکان لەنێو وەزیرانی کۆن و نوێ پێکهێنرا کە، بتوانن لەماوەی یەك هەفتەدا ئەو کارە ئەنجامبدەن، ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن حکومەتەوە، وەك کۆبوونەوەیەکی فەرمیی ئەنجومەنی وەزیران مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، چونکە دواتر لەراگەیاندندا وەك یەکەمین کۆبووونەوە ناوی نەهێنراوە.

لە رۆژی دووەمدا، بروسکەی پیرۆزبایی لە لایەنە سیاسییەکانەوە ئاراستەی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت کران، لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەرێگەی کونسوڵگەریی هەولێر و سەرۆك کۆماری عیراق، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی هەرێم.

**ڕۆژی سێیەم: ٢٠١٩/٧/١٢**

ڕۆژی سێیەم ڕێکەوتی "هەینی" کە پشوی فەرمییە لە هەرێمی کوردستان، هیچ کارێکی فەرمیی ڕاگەیەنراوی حکومەتی تێدا نەکراوە، هەر بروسکەی پیرۆزبایی و پەیوەندی تەلەفۆنی بۆ پیرۆزبایی لە سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت دەنێردران.

**ڕۆژی چوارەم: ٢٠١٩/٧/١٣**

١- ڕۆژی شەممە، سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت، لە سێیەمین ڕۆژی کارکردنیان لە هەولێر هەردووکیان بە جیا، پێشوازیان لە شاندێکی تورکیا بە سەرۆکایەتی فاتیح یەڵدز، باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کرد، ئەم دیدارە یەکەمین دیداری سیاسیی ڕاگەیەنراوی حکومەت بوو لە کابینەی نۆیەمدا، دوای سێ ڕۆژ.

**ڕۆژی پێنجەم: ٢٠١٩/٧/١٤**

١- بەشداریکردنی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی لە ڕۆژی نیشتمانی فەرەنسادا لە هەولێر.

**ڕۆژی شەشەم: ٢٠١٩/٧/١٥**

١- ڕۆژی دووشەممە، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەم کۆبوونەوەیدا کە یەکەمین کۆبوونەوەی دوای وەرگرتنی پۆستە وەزارییەکانە لەلایەن وەزیرە نوێکانەوە بوو ژمارەیەك بڕیاری تێدا دەرکرا، وەك:

ا- پابەندبوونی وەزیرو سەرجەم پلە باڵاکان بە کاتی چوونە سەرکار(دەوام)ی فەرمیی لە ڕۆژی یەکشەممەوە هەتا کۆتایی ڕۆژی پێنج شەممە.

ب- پابەندبوونی سەرجەم فەرمانبەران بە کاتی کاری فەڕمیی و ڕێگەنادرێت کە هیچ فەرمانبەرێك شوێنی کارەکەی خۆی جێبهێڵێت و لە دەرەوەی کاری خۆی کاربکات.

پ- ڕێگە نادرێت بە هیچ فەرمانبەرێك کە نهێنی کاروباری ئەرکەکەی بڵاوبکاتەوە لە دەرەوەی ڕێکارە قانونییەکان.

ت- لەسەر هەموو وەزیرەکانی کابینەی نۆیەم پێویستە کە، بە گوێرەی قانون و ڕێنماییەکانی دەستەی دەستپاکی هەرێم سامان و کەلوپەلەکانیان بەشێوەی قانونی دەربخەن.

ج- لەسەر سەرجەم دەزگەکانی حکومەتی هەرێم پێویستە کە، لە ڕۆتین دووربکەونەوە و ئاسانکاریی بۆ کاروبارو مامەڵەی هاوڵاتیان بکرێت و پێویستە وەڵامی سەرجەم سکاڵای هاوڵاتیان بە شێوەیەکی خێرا بدرێتەوە و هۆکاری درەنگکەوتنی کارەکەی بۆ ڕوونبکرێتەوە و ڕێزی سەرجەم سەردانیکەران بگیرێت لەلایەن فەرمانبەرانی حکومەتەوە.

چ- دانانی سنوور بۆ بەرتیل وەرگرتن لەناو دەزگە حکومییەکان و چارەسەری ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی وەزیر و پلە باڵاکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زاڵبوون بەسەر بەرتیل وەرگرتن بەشێوەی تەواوەتی و لێپرسینەوە لەسەرپێچیکاران.

- شیاوی سەرنجدانە کە، ئەم هەواڵە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستان٢٤ بە شەش خاڵ بڵاوکراوەتەوە و بڵاوکراوەی (ئینسات ئەلمەرکەزیی ی.ن.ك) لەوێوە وەریگرتووە، بەڵام لە ڕۆژنامەی خەبات ی ئۆرگانی فەرمی پ.د.ك لەلاپەڕە ٢ی ژمارە ٥٧٩٠ی ٢٠١٩/٧/١٦، تەنها پێنج خاڵی بڵاوکردۆتەوە و خاڵی چوارەم کە دەڵێت:"لەسەر هەموو وەزیرەکانی کابینەی نۆیەم پێویستە کە، بە گوێرەی

قانون و ڕێنماییەکانی دەستەی دەستپاکی هەرێم سامان و کەلوپەلەکانیان بەشێوەی قانوی دەربخەن" ئاماژە پێنەداوە.
هەرلەم کۆبوونەوەیەدا، سەرۆك وەزیران داوای لەسەرجەم وەزیرەکان کرد بەرنامەی کاری وەزارەتەکەیان لە ماوەی ٣٠ رۆژدا ئامادە بکەن بۆ پەسەندکردن و کارلەسەرکردنی.
٢- لەهەمان رۆژدا سەرۆکی حکومەت، مەسرور بارزانی، پێشوازیی لە مورتەزا عەبادی، کونسوڵی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر کرد.

**رۆژی حەوتەم: ٢٠١٩/٧/١٦**

سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، لەدوای یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و کۆبوونەوە لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتی پەرلەمان و کۆمار و حکومەت، بۆ مەبەستی دەربڕینی (نیازپاکیی)! حکومەتی هەرێم بۆ گفتوگۆی بنیاتنەر و دۆزینەوەی چارەسەری هەرەقەتی[٣٠] (جدی) بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغداد.

**رۆژی هەشتەم: ٢٠١٩/٧/١٧**

١- جێگری سەرۆکی حکومەت پێشوازی لە کونسوڵی بەرتیانی لە هەولێر کرد و لەو دیدارەدا کونسوڵی بەریتانیا پەسەندنی سەردانی شاندی هەرێمی کوردستانی بۆ بەغداد کردبوو.
٢- لە یەکێك لە چێشتخانەکانی هەولێر بەناوی "هۆقەباز" لە گەڕەکی عەینکاوە، کارمەندێکی کونسوڵگەریی تورکیا لە هەولێر کوژرا و هاوکارێکیشی برینداربوو، لە

[٣٠] هەرەقەتی، لە شێوەزاری هەورامیی دا بەمانای (جدی) دێت، بەکارهێنانی وشە کوردییەکە پەسندترە، هەرچەند هەتا ئێستا لەناو نووسینی کوردیدا زۆر بەکارنەهێنراوەو نەناسراوە.

هەمانکاتدا دوو هاوڵاتی کورد لە و چێشتخانەیە بەهۆی هێرشەکەوە گیانیان لە دەستدا.
ڕووداوەکە لەسەرئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لێدوانی جۆراوجۆری بە دواداهات و لەسەرەتاوە تۆمەت بەرەو پارتی کرێکارانی کوردستان پ.ك.ك، ئاراستەکرا، بەڵام دیار دەنیز، وتەبێژی باڵی سەربازیی ئەو حیزبە ڕەتیکردەوە هێرشەکە ئەوان ئەنجامیاندابێت.
هەمان ڕۆژ سەرۆکی حکومەت و وەزیری دەرەوەی تورکیا لەسەر ڕووداوەکە پەیوەندی تەلەفۆنیان ئەنجامدا و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت بڵاوکراوەیان دەرکرد و ئیدانەی ڕووداوەکەیان کرد و بە "تاوانکاری تێکدەرانە و ترسنۆکانە" باسیانکرد.
ئەم ڕووداوە خوێندنەوەی جۆراوجۆریی لەسەرئاستی ناوخۆیی بۆ کراو بە جۆرێك هەندێك بە بۆشایی ئاسایش لەسەردەمی حکومەتی نوێدا هەژماریانکرد. لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ئەم ڕووداوە لە هەرێمی کوردستان کە هێرش بکرێتە سەر کارمەندانی بیانی لە کونسوڵگەریی و شاندە بیانیەکان لەشێوەی نەبووە، هەرچەند لە دوایدا چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن، لەناویاندا پێگەی "ئەلمۆنیتۆر" بڵاویکردەوە کە کارمەندە کوژراوەکە سەر بە دەزگا هەوڵگرییەکانی تورکیا بووە و پلەی باڵا هەبووە، پاش چەند ڕۆژێك لە ڕووداوەکە کەسێك کە خەڵکی باکوری کوردستان بوو دەستگیرکراو بە ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان درایە قەڵەم.
٣- هەمان ڕۆژ سەرۆکی حکومەت لە هەولێر پێشوازی لەباڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و باڵیۆزی ڕووسی و شاندێکی سەربازیی بەریتانی کرد.
٤- بابەتی پلە بەرزکردنەوەی "نا قانونیی" هەزار و ٥٥٧ فەرمانبەر لەلایەن دەستەی نەزاهەوە جووڵێنرا بۆ پێداچوونەوەیان، چونکە بە گوێرەی وتەی

بەرپرسێکی دەستەکە بەناوی "موشیر ڕەشید ئیبراهیم" بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی کاروباری قانونی و لێکۆڵینەوە لە دەستەی دەستپاکی (نەزاهە) هەرێمی کوردستان، چەندین پلە بەرزکردنەوەی نا قانونیی ئەنجامدراوە، ئەم بابەتە دوای تەواوبوونی هەشت مانگیش لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێنەکراو بووە هۆی دواخستنی قانونی"چاکسازیی" لەهەرێمی کوردستان، چونکە بە گوێرەی زانیارییەکان ئەم "چاکسازییە" تەنها کادرانی پارتێکی دیاریکراو دەگرێتەوە نەك هەموو دۆسیەکانی پلە بەرزکردنەوەی ناقانونیی.

**ڕۆژی نۆیەم: ٢٠١٩/٧/١٨**

ڕۆژی پێنج شەممە، هیچ ڕووداو و هەواڵێك بۆ تۆمارکردن نییە.

**ڕۆژی دەیەم: ٢٠١٩/٧/١٩**

ڕۆژی هەینی لە هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە و هیچ ڕووداو و هەواڵێك بۆ تۆمارکردن نییە.

**ڕۆژی یازدەهەم: ٢٠١٩/٧/٢٠**

ڕۆژی شەممە، لە هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە و هیچ ڕووداو و هەواڵێك بۆ تۆمارکردن نییە.

**ڕۆژی دوازدەهەم: ٢٠١٩/٧/٢١**

١- سەرچاوەیەك لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە، ڕایگەیاند: کە ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری لە کابینەی پێشوو(هەشتەم) حکومەتی

هەرێم، لە کابینەی نۆیەم پلەیەکی باڵای پێدەدرێت و دەکرێت بە، یاریدەدەری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و راژە و هەر لە هەمانکاتدا سەرۆکی حکومەت، فەرمانێکی بە دانانی؛ عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان، ناسراو بە (ئاشتی هەورامیی)، وەزیری پێشوی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشتەم، دەرکرد بە دانانی بە؛ یاریدەدەری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری وزە و لە پێنج خاڵدا کارەکانی دیاریکردبوو، کە هەمووی لە بواری کاروباری وزەدا بوو.

دانانی یاریدەدەرەکان بۆ سەرۆکی حکومەت، یەکێك لە دیاردەکانی کابینەی نۆیەمە کە بە "حکومەتی بچووککراوە" لەناو راگەیاندنەکان ناودەبرێت و لەنێوان ی.ن.ك و بزوتنەوەی گۆڕان دا، لەگەڵ پ.د.ك ناکۆکی لەسەر ئەم بابەتە هەیە.

**رۆژی سیازدەهەم: ٢٠١٩/٧/٢٢**

رۆژی دووشەممە وەك نەریتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە ئاساییەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، بەڵام دیاریکردنی ئەم رۆژە جێگیر نییە و لە مانگەکانی دیکەدا رۆژانی چوارشەممە کۆبوونەوەکان دەکراو کۆبوونەوەکانی هەرێمیان خستە دوای کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، ئەمەش وەك جۆرێك لە پاشکۆیەتی سیاسیی و ئابووری و کارگێڕیی و بێدەسەڵاتی دەدرێتە قەڵەم.

١- دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر بەسترا، تێیدا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان هەولێر و بەغداد درا بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغداد و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان.

-هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ئەنجومەنی وەزیران دووبارە ئیدانەی هێرشەکەی چێشتخانەی "هۆقەباز"ی هەولێر بۆ سەر کارمەندێکی کونسوڵگەریی تورکیای کرد.
هەروەها کۆبوونەوەکە بڕیاریدا کە پێگەی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نوێ بکرێتەوە و بکرێتە سەکۆیەك بۆ بڵاوکردنەوەی کاری سەرجەم وەزارەتەکان بەشێوەیەکی پیشەیی، "وەك ڕاگەیاندنەکەی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی پێداوە". بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠٠ ڕۆژیش لە تەمەنی حکومەت، هێشتا هەندێك وەزارەت پێگەی فەرمییان نییە، بە نموونە: وەزارەتی تەندروستی، ڕۆشنبیری و لاوان، ... .
٢- ڕۆژنامەی "الصباح"ی عێراقی ڕایگەیاند: لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێم بۆ پێدانی ٢٥٠ بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی بەغداد پێکهاتووە، ئەم پێشهاتە دوای سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا دروستبوو، کە پێشتر ئەم پرسە یەکێك لە پرسە هەڵواسراو و جێناکۆکەکانی نێون هەرێم و عێراق بوو.

**ڕۆژی چواردەیەم: ٢٠١٩/٧/٢٣**

١- موشیر ڕەشید ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی کاروباری قانونی و لێکۆڵینەوە لە دەستەی دەستپاکی(نەزاهە) هەرێمی کوردستان، بەدەنگی کوردی ڕادیۆی ئەمریکای وتووە و لەڕۆژنامەی خەبات ی ئۆرگانی فەرمیی پ.د.ك، ژمارە ٥٧٩٦ ی ٢٠١٩/٧/٢٤ بڵاوکراوەتەوە: "بۆ جێبەجێکردنی چاکسازیی و نەهێشتنی گەندەڵیی بە نووسراو ئەنجومەنی وەزیرانمان لە گەندەڵیەکان ئاگادارکردۆتەوە و لیژنەیەك بۆ چاکسازیی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت

پێکدێت".  لەدوای ئەو هەواڵەوە هیچ هەواڵێکی تر لەبارەی دروستکردنی لیژنەکە و چۆنێتی کارەکانیان رانەگەیەنراوە.

٢- وەزیری ناوخۆی هەرێم، رێبەر ئەحمەد، لە هەولێر پێشوازی لە کونسوڵی گشتی تورکیا، هاکان کاراچای، لە هەرێمی کوردستان کرد.

٣- وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێم، د.دارا رەشید، پێشوازی لە سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان کردووە، لە کۆبوونەوەکەدا باسی هاوئاهەنگی و.پلاندان و دەستەی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان کراوە بۆ خوول و راهێنان.

**روداوێک:** عادل عەبدولمەهدی، سەرۆك وەزیرانی عێراق (٢٠١٩) رایگەیاند: "لە عێراقدا کێشەیەك بەناوی کێشەی کورد هەیە و کێشەکە پەیوەندی بە بودجە و مووچەوە نییە و موچەی خەڵکی هەرێمی کوردستان نابڕین".

- لێدوانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، لەوکاتەدا پێشهاتێکی گرنگ و جێی بایەخ بوو، چونکە دوای نزیکەی شەشە ساڵ لە سزای ئابووری و سەربازیی عێراق بۆ سەر هەرێم بوو، جگە لەوەی دانپێدانانێکی روون و رەوا بوو لەمێژووی عێراقدا کە کێشەی وردی لە چوارچێوەی خزمەتگوزاری و پارە، هێنایە دەرەوە.

**رۆژی پازدەهەم: ٢٠١٩/٧/٢٤**

١- وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان، بە بەهای یەك ملیۆن و ٤٥٠ هەزار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای "بێست"ی تورکی بۆ دابینکردنی وێستگەی کارەبایی مۆبایل"١٣٢ کەی ڤی" واژۆکردووە و کە بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی بارزۆریی، لەسەر ناوچەی شەمامك لە پارێزگەی هەولێر دابینکراوە و بڕیاربوو لە ماوەی شەش مانگدا پڕۆژەکە تەواوبکرێت.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی چوار هەزار مامۆستای هەرێمی کوردستانی، لە ٧/٢٢ تەمووز/٢٠١٩ بۆ ٣٠/ ئەیلول ٢٠٢٠/٩ نوێکردەوە.
٣- شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانی: بە گوێرەی لێدوانی ئازاد رەسوڵ، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئەندازیاری پرۆژەکە، راگەیاندووە، نەخشەی شەقامەکە وەکخۆی جێبەجێدەکرێت و کۆتایی مانگی داهاتوو، واتە مانگی ٢٠١٩/٩ دەست بە کارەکانی قۆناغی یەکەمی دەکات، ئەمەش لە کاتێکدایە بودجەی تێچوونی شەقامەکە لە ٤٠٠ ملیۆنەوە بۆ ٢٣٠ ملیۆن دۆلار کەمکراوەتەوە.
شایانی باسە، شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانیی کە بەهۆی قەیرانی دارایی ٢٠١٤-٢٠١٩ دواکەوتبوو، پرۆژەیەکی ستراتیژیی گرنگە بۆ سلێمانی دوای ٨ مانگیش لەم لێدوانە دەستی پێنەکردووە و بۆتە بابەتی لێدوان و ناکۆکیی لەنێوان لایەنە بەرپرسەکانی حکومەت و تێکەڵاو بە پرسی سیاسەتی حیزبی نێوان پ.د.ك و ی.ن.ك و بزوتنەوەی گۆڕان، کراوە.

**رۆژی شازدەهەم: ٢٠١٩/٧/٢٥**

١- کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشی نێوان حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم لە بەغداد، لە پێناو چارەسەری پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغداد و هەولێر وەك: ناوچە جێناکۆکەکان، نەوت وغاز، کێشە داراییەکان و بودجە.
٢- دیداری سەرۆکی حکومەت، مەسرور بارزانی لەگەڵ شاندی باڵای مەکتەبی سیاسی پ.د.ك.
٣- دیداری جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی لەگەڵ شاندی باڵای مەکتەبی سیاسی پ.د.ك.

**رۆژی حەڤدەهەم: ٢٠١٩/٧/٢٦**

رۆژی هەینی لە هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە، هیچ شتێکی گرنگ نییە کە شیاوی تۆمارکردن بووبێت.

**رۆژی هەژدەهەم:٢٠١٩/٧/٢٧**

١- ئەنجوومەنی رۆحانی ئێزیدی لە کوردستان و جیهان، لە دوای شەش مانگ لە کۆچی میر تەحسین بەگ، لە ٢٨/کانونی دووەمی/٢٠١٩، میری ئێزیدیانی کوردستان و جیهان، میر حازم تەحسین بەگ یان بە میری ئێزیدیان لە جیهان و کوردستان هەڵبژارد.

- میر حازم تەحسین بەگ، کوڕی میری ئێزیدیان لە ساڵی ١٩٦٣ لە باعەدرێ لە پارێزگەی دهۆکی باشووری کوردستان لە دایکبووە و هاوسەرگیریی کردووە و دوو کوڕ و کچێکی هەیە و بڕوانامەی بەکالۆریۆرسی لە کشتوکاڵ لە زانکۆی بەغدا هێناوە و لە ساڵی ١٩٨٩ وە نوێنەری باوکی واتە: میر تەحسین بووە.

جێی باسە، هەڵبژاردنی میر لە ناو کوردی ئێزیدی، لەسەر بنەمای "بۆماوەیی - میراث"هو دەبێت میر لە دایك و باوکێکی میر لە دایکبووبێت، بە پێی زانیارییەکان میر حازم، شەشەم میری ئێزیدیانە کە ناویان لە مێژووی ئێزیدیان نووسرابێت.

**رۆژی نۆزدەهەم: ٢٠١٩/٧/٢٨**

١- جووتیارعادل، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: حکومەت داوایەکی ئاراستەی سەرجەم وەزیرەکانی کابینەی پێشوو(هەشتەم) کردووە تا هەر کەلوپەلێکی حکومەت، وەك: ئۆتۆمبێل و هەر شتێك کە لەلایان بووە، بیگێڕنەوە بۆ حکومەت.

**بیستەمین رۆژ: ٢٠١٩/٧/٢٩**

١- بە گوێرەی رۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٧٩٩ لە ٢٠١٩/٧/٢٩ و لەسەر زاری سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، ئەیاد کاکەیی، رایگەیاندووە کە: رێوشوێنەکان بۆ دادگاییکردنی شەش تۆمەتباری رووداوەکەی "٢٠١٩/٧/١٦" چێشتخانەی هۆقەبازی هەولێر دەستپێدەکات.

شیاوی سەرنجدانە کە هەر لەهەمان رۆژنامە و لەلاپەڕە دوودا لە ڕاگەیاندنێکی دەزگەی دژە تیرۆری کوردستان، ناوی کەسێك بە "سیاکۆ باقی عەبدولکەریم" هاتووە کە دەزگەکە بەدوایدا دەگەڕێت و ناوبراو لە راگەیەندنەکەی دەزگەی دژە تیرۆر بە بەشداری لە رووداوەکەی چێشتخانەی هۆقەباز تۆمەتبارکراوە. بەڵام دەزگەی دژە تیرۆر رۆژی رووداوەکەی بە "١٧/تەموز/٢٠١٩" دیاریکردووە و داوا دەکات هەر کەس زانیاریی لەسەری هەیە دەزگەکانی ئاسایش لێ ئاگاداربکات. ئەمەش لەلایەکەوە نەبوونی رێکخستن لە زانیاریی لەناو رۆژنامەوانی کوردستان و نەبوونی سەرنج و لێ وردبوونەوەی تەواو لەلای رۆژنامەنووسان و بەزوویی ونبوونی مێژوو و زانیاریی رووداوەکان دەگەیەنێت، کە لەشیکردنەوە و گەیاندنی زانیاری و لێکۆڵینەوە زیانی دەبێت، راستی مێژووی رووداوەکە چوارشەممە ٢٠١٩/٧/١٧یە، نەك ٢٠١٩./٧/١٦

٢- دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، رایگەیاند: هەتا ساڵی ٢٠٢٣، رێگەی نێوان شارەکان دەکەینە دوو ساید و هێڵی ئاسن دادەمەزرێنین.

**رۆژی بیست و یەکەم: ٢٠١٩/٧/٣٠**

١- کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە کۆبووەوەکەدا سێ تەوەر باسکران:

أ- بەردەوامبوون و بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکان نێوان هەولێر- بەغداد و دەستبەکاربوونی لیژنە تەکنیکییەکان لەسەر پرسەکانی؛ ناوچە جێناکۆکان، بودجە و کێشە داراییەکان، نەوت و غاز.

ب- پرسی دروستکردنی ئەنجومەنی راژە لەهەرێمی کوردستان، کە بابەتێکی گرنگە بۆ رێکخستنەوەی فەرمانبەران و یەکێکە لەهێڵە گتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەت هەرێم.

ج- رێکخستنەوەی داهاتی ناوخۆ و یەکخستنی داهاتی وەزارەت و دەستەو لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەتەوە و گێڕانەوەی سەرجەم داهاتەکان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و پێداچوونەوە بە خەرجییەکانی وەزارەتی دارایی.

هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا، گفتوگۆ لەبارەی قانونی؛ چاکسازیی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و جیاوکەکان (امتیاز) بکرێت و دوای تاوتوێکردن بە زووترین کات بنێردرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردنی.

د- لە کۆتایی کۆبوونەوەکە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و تەندروستی و ناوخۆ و دەستەی ژینگە راسپێردران بۆ ئامادەکردنی رێنمایی پێویست لە شوێنە گەشتیارییەکان بۆ مەبەستی پاراستنی گیانی گەشتیاران.

٢- سەرۆکی حکومەت، مەسرور بارزانی، پێشوازی لە باڵیۆزی دەوڵەتی سریلانکا، ئیرانجان راناسینگا کرد و بابەتی هەمەڕەنگکردنی سەرچاوەی داهات و هاندانی وەبەرهێنەری سریلانکی بۆ وەبەرهێنان لە کوردستان تەوەری کۆبوونەوەکە بوون.

٣- سەرۆکی حکومەت" مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە شاندێکی ی.ن.ك کرد.

٤- سەرۆکی حکومەت" مەسرور بارزانی، لە هەولێر، پێشوازی لە باڵیۆزی هۆڵەندا لە عێراق کرد.
٥- وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم، لەسەر زاری لیوا بابەکر فەقێ ئەحمەد، بە پێگەی فەرمی پ.د.ك ی رایگەیاند، کە پێداچوونەوە بە ناوی کەمئەندام و خانەنشیناندا دەکەنەوە و ئەوەی تەمەنی لەگەڵ خانەنشینبوونی گونجاو نەبێت دەگێڕدێتەوە سەرکاری پێشوی خۆیان و کەمئەندامانیش دووبارە لیژنەی پزیشکی دەیانبینێتەوە.

**رۆژی بیست و دووهەم: ٢٠١٩/٧/٣١**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە شاندێکی سەربازیی ئەمریکی کرد.
٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە جێگری وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا کرد.
٣- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، پەیامێکی سەبارەت بە بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق لەبارەی کارایی مادەی ١٤٠ راگەیاند و داوای دەستپێکردنەوەی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی کرد.

## دووەم: تۆماری مانگی دووەم لە ٢٠١٩/٨/١ بۆ ٢٠١٩/٨/٣١ ڕۆژی بیست و سێیەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەت بەرامبەر ٢٠١٩/٨/١

ڕۆژی بیست و سێیەم ٢٠١٩/٨/١
١- هیچ ڕووداوێکی شیاوی تۆمارکردن نەبووە.

**ڕۆژی بیست و چوارەم ٢٠١٩/٨/٢**
١- ڕۆژی هەینی لە هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە و بابەتێکی جێ‌ تۆمارکردن نەبووە.

**ڕۆژی بیست و پێنجەم ٢٠١٩/٨/٣**
١- ڕۆژی شەممە لە هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە.
٢- پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی کردو تێیدا دەنگ لەسەر پڕۆژە بڕیاری ڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان دراو، بڕیاردرا کە ٨/٣/ ی هەموو ساڵێك ڕۆژی کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزیدی بێت.
٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی پێنجەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژیی ئێزیدیان ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە.
٤- فواد سدیق، بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم، ڕایگەیاند: بەشێوەیەکی زارەکی وەزارەتی دارایی، ڕەزامەندی لەسەر گێڕانەوەی موچە وەستێنراوەکانی ٩ نۆ هەزار کەمئەندام داوەو ئێستا خەریکی داڕشتنی ڕێوشوێنین بۆ دووبارە پشکنینەوە. لە کابینەی پێشوودا موچەی بڕێکی زۆر لە کەمئەندامان وەستێنرابوو بە بیانوی ئەوەی لە پشکنین دەرنەچوون و دواتر ناڕەزایی دەربڕاو موچەکەیان گەڕێنرایەوە.

**ڕۆژی بیست و شەشەم ٢٠١٩/٨/٤**

١- وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل، لە کۆبوونەوەیەکدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسی سەربازیی ئەمریکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان تێیدا بەشداربوون، رایگەیاند: ئامانجی وەزارەتمان بە پلەی یەکەم چاکسازیی و رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەیە لە هەموو لایەنێکەوە.

٢- کاراکردنەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغداد و دانانی، فارس عیسا، بە بەڕێوەبەری نوێنەرایەتییەکە، بە وتەی ڤیان سەبری، سەرۆکی لیستی پ.د.ک، لە پەرلەمانی عێراق کاراکردنەوەی نوێنەرایەتییەکە بە مەبەستی دروستکردنی پردێکی پەیوەندی توندوتۆڵە بەهۆی باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، کە لە ساڵانی رابردوودا بەهۆی خراپیی پەیوەندییەکانەوە نوێنەرایەتییەکە هەڵپەسێردرابوو.

**ڕۆژی بیست و حەوتەم ٢٠١٩/٨/٥**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، پێشوازی لە نەسروڵڵا رەشنوودی، کونسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر دەکات.

٢- وەزارەتی ناوخۆ، بڕیارێکی دەرکردووە کە نابێت هیچ ئوتۆمبێلێکی حکومیی لە دوای دەوامی فەرمیی بۆ کاری تایبەت بەکاربهێنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لۆگۆیەکی دیاریکراو بۆ ئۆتۆمبێلە حکومییەکان دروستدەکرێت و لێی دەدرێت تا بۆکاری تایبەت بەکارنەهێنرێت.

٣- هێزی پ.م کوردستان و هێزەکانی ئاسایش لە سنووری گەرمیان و بەتایبەت لە ناحیەی کوڵەجۆ، کردەی سەربازییان بۆ کێوماڵی تیرۆریستانی داعش، ئەنجامدا.

**رۆژی بیست هەشتەم ٢٠١٩/٨/٦**

١- وەزیری پێشمەرگەی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل، سەرپەرشتی کۆبوونەوەی دەوریی نێوان وەزارەتی پ.م و هێزەکانی هاوپەیمانانی کرد، لە کۆبوونەوەکەدا لە بارەی رەوشی ئاسایش و جوڵەی تیرۆریستان گفتوگۆ کراوە.

٢- وەزیری کارەبای هەرێم، کەمال محەمەد، لە هەولێر پێشوازی لە میشێل سقۆپۆدا، کونسوڵی وڵاتی چیك و بەرپرسی کۆمپانیای ئینفیرۆزی ئەو وڵاتە کرد، لە کۆبوونەوەکەدا باسی گەشەپێدانی بواری کارەبا لەرێگەی سەرچاوە جیاوازەکان بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتی چیك کراوە.

٣- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، بێگەرد تاڵەبانی، پێشوازی لە شاندێکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم، بە سەرۆکایەتی دارا جەلیل خەیات کرد، لە کۆبوونەوەکەدا باسی گرفت و کێشەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم کراوە و هەروەها باسی کێشەی بە بازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی کراوە.

٤- وەزیری ناوخۆی هەرێم، رێبەر ئەحمەد، پێشوازی لە د. هەیسەم ئەبو فسوڵ، کونسوڵی گشتی ئوردون لە هەرێم و شاندی یاوەری کرد، لەدانیشتنەکەدا پیرۆزبایی لە وەزیری ناوخۆ کردووە و باسی پەیوەندی مێژوویی نێوان هەردوولا کراوە.

٤- وەزیری کارەبا هەرێم، ئەندازیار کەمال محەمەد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای دهۆك گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای هێرۆ، بە گوژمەی ٧ ملیۆن و ٤٢٥ هەزار دۆلار بۆ جێبەجێکردن و تەواوکردنی سەرجەم کارەکانی هێڵی ١٣٢ کەی ڤی، نێوان وێستگەی هەڵمی خەبات - هێڵی زەنگەنان، لە دهۆك بۆ ماوەی ١٢٠ رۆژ واژۆکرد.

**رۆژی بیست و نۆیەم ٢٠١٩/٨/٧**

١- رۆژی چوارشەممە، کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە بریتیی بوون لە:

ا- دوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە(٢٠١٩/٧١) لە ٢٠١٩/٧/٢٨ لەلایەن دادگەی باڵای فیدراڵیی سەبارەت بە کارایی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، حکومەتی هەرێم بڕیاریدا لیژنەیەك بە هاوئاهەنگی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بۆ کارکردن لە گەڵ حکومەتی عێراق لەوبارەیەوە پێکبهێنێت.

ب- دارشتنی رێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی برگەی هەشتەم لە کارنامەی کابینەی نۆیەم تایبەت بە چاکسازیی و رێکخستنی سیستەمی باج بەجۆرێك کە دادپەروەریی تێدابێت.

ج- پێداچوونەوە بەناوی ئەوانەی کە بەناوی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی تۆمارکراون و هاوکات بڕیاری گێڕانەوەی مووچەی ١٣ هەزار کەمئەندام درا.

هەروەها چەند بابەتێك لە کۆبونەوەکەدا تایبەت بە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە باسکراو وەزارەتی ناوخۆ و شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارتە پەیوەندیدارەکان راسپێردران بۆ رێکخستنی پێشوازی لە گەشتیاران بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە.

٢- هەردوو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، مەبەستی کۆبوونەوەکە بۆ هاوئاهەنگی نێوان هەردوولابوو.

٣- وەزیری ناوخۆ، رێبەر ئەحمەد، پێشوازی لە نەسروڵلا خۆشنوودی، کونسوڵی گشتی ئێران لە هەولێر کرد.

**سیهەمین رۆژ: ٢٠١٩/٨/٨**

١- رۆژی پێنج شەممە، ٨/٨ هیچ ڕووداوێکی شیاوی تۆمارکردن ڕووینەداوە.

**رۆژی سی و یەکەمین ٢٠١٩/٨/٩ هەتا ٢٠١٩/٨/١٧ پشووی جەژنی قوربان**

١- لە ٨/٩ هەتا ٢٠١٩/٨/١٧ بەهۆی پشووی فەڕمیی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە هەرکارێك کە شیاوی تۆمارکردن بێت نووسیومانە، بەڵام خۆی یەکەم رۆژی جەژن ٢٠١٩/٨/١١ بوو کە دەکاتە ڕێکەوتی رۆژی یەکشەممە و هەتا رۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/١٥ پشوو بوو، لەو نێوانەدا چوار رۆژی هەینی و شەمەیشی لە پێش و پاش پشووە فەڕمییەکەی رۆشتەسەر و بە کۆی گشتی ٩ نۆ رۆژ، دەوامی فەڕمیی نەبووە، زۆربی پشووەکان لە هەرێمی کوردستان یەکێکە لە پرسەکانی جێی گفتوگۆ و تانەلێدان.

**رۆژی سی و دووهەمین ٢٠١٩١/٨/١٠**

١- پشووی فەڕمیی جەژنی قوربانی پیرۆز.

**رۆژی سی و سێیەمین ٢٠١٩/٨/١١**

١- پشووی فەڕمیی جەژنی قوربانی پیرۆز.

**رۆژی سی و چوارەمین ٢٠١٩/٨/١٢**

١- پشووی فەڕمیی جەژنی قوربانی پیرۆز.

١- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، بەبۆنەی رۆژی جیهانیی لاوان، نامەیەکی بڵاوکردەوە. دەقی نامەکە لەڕێگەی تۆمارێکی ڤیدیۆییەوە بوو کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاوکرایەوە و تێیدا باسی گرنکی رۆڵی لاوان لە بونیاتنانی نەتەوەدا دەکات.

٢- هێزی پ.م ی کوردستان، بە هاوبەشیی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی "داعش"، کۆتایی بە هەڵمەتێکی سەربازیی هێنا کە بۆ کێومالی شانەکانی داعش لەنێوان کفری و دوزخورماتوو ئەنجامیاندا بوو، وەزیری پ.م لەسەردانێکدا هێزەکانی بەسەرکردەوە و باسی ئەوەیکرد کە لە دوای جەژن لەگەڵ حکومەتی عێراقی باسی ئەو بۆشاییە ئاسایشییە دەکەن کە لە ناوچەکەدا هاتۆتەئاراوە.

**رۆژی سی و نۆیەمین ٢٠١٩/٨/١٧ (دەستپێکی دەوام دوای پشووی جەژنی قوربانی پیرۆز)**

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زاری وتەبێژەکەیەوە راگەیاندنێکی بڵاوکردەوە لەسەر بابەتی گێڕانەوەی موچەی ١٣ هەزار کەمئەندام، لە روونکردنەوەکەدا هاتووە کە هەندێك کەناڵی راگەیاندن وایان بڵاوکردۆتەوە کە گێڕانەوەی موچەی کەمئەندامان پەیوەندی بە حیزبێکی دیاریکراوەوە هەیە، بەڵام ئەو هەواڵانە دوورن لەڕاستی و ئەو بڕیارە لە کۆبوونەوەی ژمارە چواری ٤ی رۆژی ٢٠١٩/٨/٧ دا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لەسەردراوە.

٢- فواد عوسمان، وتەبێژی وەزارەتی شەهیدان، ڕایگەیاند: ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی دەرماڵەو کرێی خوێندنی کچ و کوڕی شەهیدان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨ دەرچووەو لە هەوڵیشداین بۆ خەرجکردنی کرێی خوێندنی ساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩.

**چل هەمین رۆژ ٢٠١٩/٨/١٨**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، بڕی ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی رێگەکانی دەرەوەی پارێزگەی سلێمانی تەرخانکرد. زیاد کاکە

ڕەزا، سەرۆکی لیستی پ.د.ك، لە ئەنجومەنی پارێزگەی سلێمانی رایگەیاندووە کە، پارەکە خراوەتەسەر هەژماری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی چاککردنەوەی ڕێگەوبانەکان.

٢- پەریخان نوری، بەڕێوەبەری بودجە، لە وەزارەتی دارایی هەرێم، رایگەیاند: حکومەت کار لەسەر نەهێشتنی فەرمانبەری بندیوار دەکات، پەریخان نوری، رایگەیاندووە، کە لە هەرێمی کوردستان ٨٤٠ هەزار کەس بایۆمەتریان کردووە و لەو ژمارەیەش ٦٢١ هەزار کەس فەرمانبەرن، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی حکومەت رایدەگەیەنێت دەڵێت: ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار مووچەخۆری هەیە، ئەمە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی ژمارەیەك کەس وەك کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان، بەگوێرەی قانون دووموچە وەردەگرن.

**ڕۆژی چل و یەکەم ٢٠١٩/٨/١٩**

١- وتەبێژی حکومەتی هەرێم، جووتیار عادل، رایگەیاند: حکومەتی هەرێم ئامادەیە بۆ پێدانی ٢٥٠ بەرمیل نەوتی رۆژانە بە بەغداد وەك پێشتر ڕێککەوتنی لەسەرکراوە و بەمنزیکانە شاندی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکان سەردانی بەغداد دەکەن.

- شیاوی باسە لەم ماوەیەدا چەندین لێدوانی جیاواز هەبوون سەبارەت بە پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی و لە هەمانکاتدا درەنگ ناردنی بەشە مووچەی هەرێم لە بەغداوە.

٢- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، د.جووتیار عادل، بەبۆنەی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، لە بناری قەندیل کە بووە هۆی برینداربوونی چەند هاوڵاتییەك و زیانی مادیشی بە خەڵك و ناوچەکە گەیاند، وتی: هاوخەمی خۆمان بۆ ئەم ڕووداوە دەردەبڕین و داواکارین کە چەکدارانی "پەکەکە"

ڕەچاوی دۆخی هاوڵاتیانمان و تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان بکەن و نەبنە هۆی زیانگەیاندن بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.
٣- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، د.جووتیار عادل، رایگەیاند: حکومەتی عێراق زیاتر لە بەهای ٢٥٠ بەرمیل نەوتی هەرێم لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕێت و ساڵانە تەنها بڕی ٤٤،٥ تریلیۆن دینار، لە کۆی ١٢.٨٤ تریلیۆن دیناری پشکی هەرێم دەنێرێت.
وتیشی: ساڵانە ٣٩،٧ تریلیۆن دینار لە پشکی هەرێم بڕدراوە و حکومەتی هەرێم ئامادەیە ٢٥٠ بەرمیل نەوتی رۆژانە رادەستی بەغدا بکات، هەروەها لەبارەی دواکەوتنی مووچەشەوە، وتی: حکومەتی عێراق لە کۆی زیاتر لە ملیۆنێك فەرمانبەری هەرێم، تەنها مووچەی ٦٨٢ هەزار فەرمانبەر دەنێرێت و ئەمەش کێشەی تەکنیکی بۆ حکومەتی هەرێم دروستدەکات.

**رۆژی چل و دووەم ٢٠١٩/٨/٢٠**

١- وەزیری پ.م ی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل، لە هەولێر لە دوو دیداری جیاوازدا پێشوازی لە ریکاردۆ رۆدریگز، نێردەی نەتەوە یەکگرتووکان لە عێراق و شاندێکی باڵای سەربازی ئەمریکی کرد. لە دیدارەکانیان باسی دوا پێشهاتی ئەمنی و زاڵبوون بەسەر گرفتەکان و درێژەپێدانی هاوکارییەکان کراوە.
٢- رازگر (ئەمیندار)ی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم، جەبار یاوەر، رایگەیاند: وەزارەتی بەرگری عێراق خۆیان لە دروستکردنی لیژنەی هاوبەشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی عێراقی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەدزنەوە و بەگوێرەی ئەو بەرنامەی کە دانرابوو، دەبوو وەفدێکی وەزارەتی بەرگری عێراق، بێنە هەولێر بۆ دروستکردنی ئەو لیژنە و تەواو

کردنی کارەکانی لیژنەکانی هەردوولا، بەڵام لیژنەی وەزارەتی بەرگری عێراق نەهاتن و هۆکاری نەهاتنەکەشیان رانەگەیاندووە.

٣- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د. پشتیوان سادق، لە هەولێر پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەرەنسا، دۆمینیك ماس، کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باسی هاوئاهەنگی و پەیوەندی دوولایەنەی نێوان هەرێم و فەرەنسا کراوە.

٤- وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەرێم، دانا عەبدولکەریم، رایگەیاند: دوای وەستانی پڕۆژەی هەندێك شوقەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی قەیرانی داراییەوە، لە ئێستادا پارە بۆ ئەو پڕۆژانە خەرجکراوە و دەست بەکارکردن کراوە و شوقەکانیش بۆ کەسانی هەژار و کەمدەرامەتەو لەم ماوەیەدا هەندێك لەو شوقانە، کە لە دەشتی هەولێرن و ژمارەیان ٣٦٩ شوقەیە دابەشدەکرێت. شیاوی باسە لە هەرێمی کورستان لە ساڵی ٢٠١٢وە "نۆ ٩ هەزار و ٤٠٠" شووقە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، دەستی پێکردووەو تا ئێستا تەواو نەکراون.

**رۆژی چل و سێیەم ٢٠١٩/٨/٢١**

١- وەزیری پێشمەرگەی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل، لە هەولێر پێشوازی لە وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، ئینگریت کرامپ کارنپاوەر، کرد. لەو دیدارەدا وەزیری پ.م باسی لەوەکرد کە رێکخراوی تیرۆرستی داعش بەنیازە خۆی رێکبخاتەوە، هەروەك داوای لە هێزەکانی هاوپەیمانان کرد کە هێزەکانیان لە عێراق نەکشێننەوە.

٢- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د. پشتیوان سادق، لە هەولێر پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی تورکیا هاکان کاراجای، کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە گەشەپێدانی پەیوەندی ئاینیی نێوان هەردوولا کراوە.

٣- بە سەرپەرشتی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، بێگەرد تاڵەبانی، وۆرکشۆپەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کشتوکاڵ بەمەبەستی دانانی پلانی ستراتیژیی وەزارەتی کشتوکاڵ دەستپێکرد.
٤- وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، ڕێبەر ئەحمەد پێشوازی لە مارتا رویداس، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باسی هاوئاهەنگی نێوان دەزگەکانی حکومەت و دەزگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە.

**ڕۆژی چل و چوارەم ٢٠١٩/٨/٢٢**

١- ڕۆژی پێنجشەممە، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم، سەفین دزەیی ڕایگەیاند: ڕادەستکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغداد لەڕوی سیاسییەوە یەکلاکراوەتەوە و تەنها لایەنی هونەریی ماوە.
٢- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د. پشتیوان سادق، لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتیی گشتیی ئەوقافی پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا باسی دانانی میکنیزمی نوێ بۆ ڕایکردنی کاروبارەکانی وەزارەت کراوە.

**ڕۆژی چل و پێنجەم ٢٠١٩/٨/٢٣**

١- ڕۆژی هەینی، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە بڵاوکراوەیەکی وارەیی دا (فەرمیی) ڕایگەیاندووە: بەڕێوەبەری فەرمانگە، سەفین موحسین دزەیی، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق گفتوگۆیان لەسەر پلانێکی ئایندەیی بۆ مەبەستی کۆبوونەوە و کۆنفرانس و بۆنە و چالاکییە نێودەوڵەتیەکان کردووە بۆ ئەوەی هەردوولا وەك یەك شاند بەشداری بکەن لە بۆنەو ڕێورەسمەکاندا.

٢- حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە هەرێمی کوردستان لە بۆنەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا کە حکومەتی عێراق تێیدا بەشدارە، پێکەوە بەشداربن کە لەمەوپێش نوێنەری هەرێمی کوردستان لەم کۆنفرانس و بۆنانەدا بەشدار نەدەبوو.

**ڕۆژی چل و شەشەم ٢٠١٩/٨/٢٤**

١- ڕۆژی شەممە لە هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە، بابەتێکی شیاوی تۆمارکردن نەبووە.

**ڕۆژی چل و حەوتەم ٢٠١٩/٨/٢٥**

١- لەم ماوەیەدا، لەدوای سەردانی شاندی حکومەتی هەرێم لە مانگی تەموز بۆ بەغداد، حکومەتی هەرێم دوو لیژنەی لاوەکی لەسەر مادەی ١٤٠ و ناوچە کێشە لەسەرەکان بە سەرۆکایەتی وزیری ناوخۆ و ئەندامێتی وەزیری پ.م و لیژنەیەکی دیکەی لاوەکیشی بە سەرۆکایەتی وەزیری دارایی و ئەندامێتی وەزیری پلاندانان، بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کارە هونەرییەکان دروستکردبوو، بەڵام لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هیچ زانیارییەك لەبارەی لیژنەکانی ئەوانەوە نەدراوە بە هەرێمی کوردستان، ئەم زانیارییانە لەزاری سەعدی پیرە، ئەندامی شاندی باڵای دانوستانکاری هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنراوە. لەگەڵئەوەی لە ٢٤ی تەموزی/٢٠١٩ شاندێکی حکومەتی عێراقی بۆ باسکردنی بابەتەکانی جێی مشتومڕ لە نێوان هەردوولادا سەردانی هەولێریان کردبوو، بەڵام لیژنە لاوەکییەکان هەتا ٢٠١٩/٨/٢٨ش هیچ کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامنەداوە.

٢- لەلایەن هەر سێ وەزیری ناوخۆ، ئەوقاف و کاروباری ئاینی و گواستنەوەی هەرێم، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، پێشوازی لە بەتریاك، مار

ئەغناتیوس یوسفی سێیەم، بەتریاکی سریان کاسۆلیکی ئەنتاکی و شاندێکی یاوەری کرا، دوای بەخێرهاتنی، جەخت لەوە کراوەتەوە کوردستان لانەو ماڵی هەموو پێکهاتەکانە.
٣- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، بێگەرد تاڵەبانی، سەردانی پارێزگەی دهۆکی کرد.

**رۆژی چل و هەشتەم ٢٠١٩/٨/٢٦**

١- شاندی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە لیژنە لاوەکییەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد لە بابەتی بودجە و نەوت و غاز و مادەی ١٤٠ و ناوچە کێشە لەسەرەکان گەیشتونەتە بەغداد.
٢- هەرێمی کوردستان لە دادگەی فیدراڵیی تانەی لە قانونی کارگێڕی دارایی (الأدارة المالیة) عێراقی دەدات کە لە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی بە تایبەت لە پرسی بودجەی سالانەی هەرێم کەمکردۆتەوەو پەیوەستی کردۆتەوە بە بەغداوە.
٣- لەسەر زاری نەوزاد هادی، پارێزگەی هەولێر (٢٠١٩)، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا کە پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی تێدا بەشداربوون، داوای زانیاری لەبارەی پرۆژە وەستاوەکانی کردووە تا دەست بە کارکردن بکرێتەوە تێیاندا.
٤- وەزیری ناوخۆی هەرێم، رێبەر ئەحمەد، لە هەولێر پێشوازی لە جەنەڕاڵ هێڵ، بەرپرسی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا لە سوریا وعێراق کرد.
٥- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د.پشتیوان سادق، لە هەولێر، پێشوازی لە کونسوڵی گشتی ئێران لە هەولێر،نەسروڵلا رەشنوودی کرد.

**رۆژی چل و نۆیەم ٢٠١٩/٨/٢٧**

١-  وەزیری ناوخۆی هەرێم، ڕێبەر ئەحمەد، لە ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی بە خوولێکی مەشقی سەربازیی ٤٥٠ جێگری سەردەستەی هێزەکانی زێرەڤانی بەشداربوو کە لەهەولێر سازکرا.

٢- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، د.ئارام قادر، ڕایگەیاند: دەبێت زانکۆ پۆلیتەکنیکەکان پشکی شێریان لە ریفۆرمی خوێندنی باڵادا هەبێت و هەروەها باسی گرنگیی خوێندنی تەکنیکی بۆ هەرێمی کوردستان کرد، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە سەردانێکیدا بۆ پارێزگەی دهۆك و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك وایوتووە.

٤- هیوا ئەفەندی، سەرۆکی فەرمانگەی تەکنۆلۆجیاو زانیاری ئەنجومەنی وەزیران، ڕایگەیاند: بەم نزیکانە قۆناغی دووەمی سیستەمی بایۆمەتری رادەگەیەنین و تەنها فەرمانی سەرۆکی حکومەتی ماوە، وتیشی: لەم قۆناغەدا چاکسازیی تەواو لە ناوی مووچەخۆران دەکرێت و دوو موچە نامێنێت.

**پەنجاهەمین رۆژ ٢٠١٩/٨/٢٨**

١- شاندێکی باڵای حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆی عێراق لە هەولێر لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێم تایبەت بە پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوولا کۆدەبنەوە، بەتایبەت پرسی مادەی ١٤٠ و ناوچە کێشە لە سەرەکان.

٢- لە شاری هەولێر، کۆنفرانسێك لەبارەی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێم بەسترا، ئەرخەوان حەسەن، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی قەرزە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: پشتبەست بە قانونی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٧ەوە حکومەتی هەرێم ئەم بەڕێوەبەرایەتییەی دامەزراندووە و کاری

سەرەکیی بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاریی سەبارەت بە قەرزەکانی حکومەتی هەرێم، کە لەسەریەتی، یان لەلای هاوڵاتیان و کۆمپانیاکانە. وتیشی: ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەلایەن ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە لەرووی راوێژەوە هاوکاریی دەکرێت تا بنەمای کار و دەسەڵاتی خۆی بزانێت و لەم کابینەیەشدا ئیرادەیەکی بەهێز بۆ پلانی دانەوەی قەرزەکان هەیە.

٣- وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە، بورهان ئەرگوشی، رایگەیاند: لیژنەیەکی باڵا بە سەرپەرشتی وەزیری پەروەردە، د.ئالان حەمەسەعید، بۆ پێداچوونەوە بە ئاستی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ئەهلییەکان پێکهاتووە و هەندێکیان لەبەر نزمیی کوالێتییان دادەخرێن و مۆڵەتەکانیان لێدەسەنرێتەوە.

**رۆژی پەنجا و یەکەم ٢٠١٩/٨/٢٩**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە شاندێکی باڵای حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی یاسین یاسری، وەزیری ناوخۆی عێراقی فیدراڵ کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە وەزیری ناوخۆی هەرێم رێبەر ئەحمەد-یش بەشداربوو، تێیدا باسی کەشی ئەرێیی نێوان بەغداد و هەولێر کراوە و لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی حکومەت باسی هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمی ١٠ هەزار دیناری ئیقامەی بۆ هاوڵاتیانی دەرەوەی هەرێم کرد و وتی: لەمەودوا ئەو میکانیزمە ناو دەنرێت "دڵنیایی ئاسایش" و حکومەتی هەرێم خۆی خەرجییەکانی دەدات، وەزیری ناوخۆی عێراق، خۆشحاڵی خۆی بەو بڕیارە نیشانداوە.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە ساروج کۆمار جاه، بەڕێوەبەری هەرێمی بانکی نێودەوڵەتی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەری بانکی نێودەوڵەتیی وتویەتی: "کارنامەی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمیان خوێندۆتەوە و بە نایاب دەبینن".

٣- وەزیری ناوخۆی هەرێم، ڕێبەر ئەحمەد، لە هەولێر پێشوازی لە پیر گێباور، نوێنەری ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و شاندی یاوەری کرد و لە دیدارەکەدا باسی ڕەوشی سەقامگیر و ئارامی هەرێمی کوردستان و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە کراوە.
٤- حوسێن حەمەکەریم، وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی هەرێم، ڕایگەیاندووە کە لەسەرجەم پارێزگەکان کۆنفرانسی تایبەت بە دانانی پلانی ستراتیژیی وەزارتی کشتوکاڵ دەکرێت و ڕەچاوی تایبەتمەندی ناوچەکان لەڕووی بەرهەم کشتوکاڵییەکان دەکرێت.

**ڕۆژی پەنجا و دووەم ٢٠١٩/٨/٣٠**

١- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، لە شاری هەولێر لەگەڵ شاندێکی کونسوڵگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شاندێکی دیپلۆماسی نەرویجی، گفتوگۆیان لەبارەی بودجەی عێراق، نەوت و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد کرد.

**ڕۆژی پەنجا و سێیەم ٢٠١٩/٨/٣١**

١- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جووتیار عادل، دەنگۆی بوونی سەربازگەیەکی ئیسرائیلیی لە هەولێر کە لەلایەن ژنێکەوە بە پلەی جەنراڵ بەڕێوەببرێت، ڕەتکردەوە، وتی: "ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییە و ئامانج لەو جۆرە هەواڵانە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسییە".

## سێیەم: تۆماری مانگی سێیەم لە ٢٠١٩/٩/١ بۆ ٢٠١٩/٩/٣٠ ڕۆژی ٥٤ی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ٢٠١٩/٩/١یە

**ڕۆژی پەنجا و چوارهەم ٢٠١٩/٩/١**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، پێشوازی لە جۆن ویلیکس، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا کە کونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر بەشداربوو، پەیوەندی نێوان هەردوولا تاوتوێکرا.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە کونسوڵی نوێی فەرەنسا، ئۆلیڤییە دیکۆتینی کرد. سەرۆکی حکومەت پیرۆزبایی لە کونسوڵی نوێی فەرەنسا کرد و هیوای سەرکەوتنی لە کارەکان بۆ خواست و باسی پەیوەندی مێژوویی نێوان هەردوولا کرا.

٣- ڕۆژی یەکشەممە، لە بڵاوکراوەیەکدا حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە دیوەو گفتوگۆکان بەمەبەستی چارەسەری کێشەکان بە گوێرەی دەستور بەردوامن.

٤- ڕازگری وزارەتی پێشمەرگەی هەرێم، فەریق جەبار یاوەر، ڕایگەیاند کە: هیچ نوسراوێکیان لەلایەن بەغدادەوە سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی پێشمەرگە بریندارەکانی شەڕی دژی "داعش" پێنەگەیشتووە.

لەکاتێکدا وەزارەتی بەرگری عێراقی فیدراڵ، بڕیاریدابوو کە بریندارانی شەڕی دژی "داعش" قەرەبوبکرێنەوە، لەم ڕاگەیاندنەی حکومەتی عێراقیدا هیچ ئاماژەیەك بەهێزی پ.م، نەکرابوو.

٥- د.دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم، لە وەڵامی ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵدا، وتی: حکومەتی هەرێمی

کوردستان هیچ ئاوارەیەکی بە زۆر نەناردۆتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و ڕێگریش نین لە گەڕانەوەی خەڵك بۆ ناوچەکانی خۆیان.

٦- وەزیری پلاندانانی هەرێم، د. دارا ڕەشید، لە هەولێر پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد و لە کۆبوونەوەکەدا باسی گەشەپێدانی بواری ئابوری و بازرگانی نێوان هەردوولا کرا.

٧- وەزیری کارەبای هەرێم، ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح، لە کۆبوونەوەیەکی وەزارەتدا ڕایگەیاند: پێوستە بە زووترین کات کار بۆ بەستنەوەی هەموو ئەو وێستگەی گۆڕینی کارەبایانە بکرێت کە کارەکانیان تەواوبووە.

٨- وەزیری ناوخۆی هەرێم، ڕێبەر ئەحمەد، پێشوازی لە سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، لە پەرلەمانی کوردستان کرد.

٩- وەزارەتی تەندروستی، بڕیاری قەدەغەکردنی "تناوب" کەسێك لە شوێنی کەسێکی دیکە دەوام بکات، قەدەغەکردوو، ڕێگری لە کاری پزیشك و کارمەندی تەندروستی لە کەرتی تایبەت لە کاتی دەوامی فەرمیی دا دەکرێت، فەرمانەکە بە واژۆی وەزیری تەندروستی د.سامان بەرزنجی، دەرچووە.

**ڕۆژی پەنجا و پێنجەم ٢٠١٩/٩/٢**

١- کۆبوونەوەی هاوبەشی بەردەوامیی وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرپەرشتی وەزیری پ.م، شۆڕش ئیسماعیل، لە کۆبونەوەکەدا وەزیری پ.م داوای هاوکاری لە شاندی هاوپەیمانان بۆ پ.م کردووە بە تایبەت لەڕوی ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی توانای سەربازیی هێزی پێشمەرگە.

٢- وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، د. ئارام محمد قادر، لە هەولێر پێشوازی لە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، د.بەشیر حەداد کرد،

لە کۆبوونەوەکەدا باسی پەیوەندییە زانستییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد و چارەسەری کێشە زانستییەکان و دانپێدانانی زانکۆکانی هەرێم کراوە.
٣- نوێنەرانی مامۆستای گرێبەست، لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامداو لە گردبووەنەوەکەدا داوایانکرد کە مامۆستا گرێبەستەکانی کوردستان، کە ژمارەیان زیاتر لە "شەش هەزار"، دەبێت بکرێنە هەمیشەیی، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە زاری عەبدولواحید محەمەد، سەرۆکی یەکێتییەکەوە پشتیوانی خۆی بۆ داوای مامۆستایان دەربڕی.

**رۆژی پەنجا و شەشەم ٢٠١٩/٩/٣**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە شاندێکی باڵای سەربازیی ئەمریکایی بە سەرۆکایەتی جەنراڵ پۆڵ لاکامرا، فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە سوریا و عێراق، کرد، لە کۆبوونەوەکەدا باسی بارودۆخی ئاسایش و پەیوەندیی نێوان هەردوولا کراوە.
٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە محەمەد حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باسی هەنگاوەکانی حکومەت بۆ خزمەتی خەڵك کراوە و محەمەد حاجی مەحمودیش پشتیوانی بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەت دەربڕیوە.
٣- وەزیری پ.م ی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل، لە هەولێر پێشوازی لە شاندێکی باڵای سەربازیی ئەمریکایی بە سەرۆکایەتی جەنراڵ پۆڵ لاکامرا، فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە سوریا و عێراق، کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە ژمارەیەك ئەفسەری پلە باڵای وەزارەتی پ.م تێدا بەشداربوو باسی دۆخی ئاسایش و

پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا لەڕووی سەربازیی و دۆخی ناوچە نا ئارامەکان باسکراوە.

٤- وەزیری ناوخۆی هەرێم، ڕێبەر ئەحمەد، لە هەولێر پێشوازی لە شاندێکی باڵای سەربازیی ئەمریکایی بە سەرۆکایەتی جەنراڵ پۆڵ لاکامرا، فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە سوریا و عێراق، کرد. لە کۆبوونەوەکەدا رەوشی ئاسایشی ناوچە کێشە لەسەرەکان و سەرهەڵدانەوەی داعش گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.

٥- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی، د.پشتیوان سادق، لە هەولێر سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و بۆرد و ئەنجومەنی زانستیی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کرد. کۆبوونەوەکە بە ئامادەبونی د. عەبدوڵڵا سەعید وەیسی، سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئاینی کوردستان بوو، کە تێدا باس لە هێڵە گشتییەکانی کاری وەزارەت کراوە لە کابینەی نوێدا.

**ڕۆژی پەنجا و حەوتەم ٢٠١٩/٩/٤**

١- ڕۆژی چوارشەممە، کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، لە کۆبوونەوەکەدا لیژنەیەك لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دارایی و پلاندانان پێکهێنرا بۆ دیاریکردنی پێداویستییە خێراکانی ساڵی نوێی خوێندن لە زووترین کاتدا.

هەروەها سەرۆکی حکومەت، وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی راسپاردووە بۆ دابەشکردنی نەوتی سپی بەسەر دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکاندا پێش هاتنی وەرزی زستان. هەر لە کۆبوەونەوەکەدا چەند پرسێکی تر باسکراوە کە تایبەت بووە بە وەزارەتی دارایی لە بواری باج و ڕێکخستنەوەی کاری ژمێریاریی لە حکومەتدا.

* شیاوی ئاماژە پێدانە هەردوو رۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات، کە دوو بڵاوکراوەی فەرمیی ی.ن.ك و پ.د.ك-ن، لە رووماڵی هەواڵەکانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا جیاوازییان هەیە، بەجۆرێك کە رۆژنامەی کوردستانی نوێ، دەنووسێت: کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت بەڕێوەچوو، بەڵام رۆژنامەی خەبات، دەنووسێت: ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی کۆبووەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە رووماڵیی حکومەتی هەرێم لەوەی رۆژنامەی خەبات تەواو جیاوازە، بەڵام لەوەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ نزیکترە، بەڵام لە ناوهێنانی جێگری سەرۆکی حکومەتدا لە رووماڵی رۆژنامەی کوردستانی نوێ جیاوازە[٣١].

"ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشداربوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت کۆبووەوە".

٢- وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هۆڵەندا، لە بواری چاکسازیدا لێکتێگەیشتنێکیان واژۆکرد، رێوڕەسمەکە بە ئامادەبوونی وەزیر و بریکاری وەزیری پ.م و نیکۆلاس کۆزاین، کونسوڵی گشتیی هۆڵەندا لە هەولێر بەڕێوەچوو.

٣- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێم، کرێی خوێندنی ئێواران و پارالێلی کەمکردەوە. وتەبێژی وەزارەت، رایگەیاند: بە هەوڵی راستەوخۆی د. ئارام محەمەد، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی و لە

---

[٣١] بڕوانە نموونەی سەرەتا (لیدی) هەواڵێکی حکومەت لە پێگەی فەرمی حکومەتەوە لەسەر ئەم بەستەرە لە ٢٠١٩/٤/٧ وەرگیراوە: https://gov.krd/news-and-announcements/

چوارچێوەی پلانی ریفۆڕمی خوێندنی باڵادا، کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان و کرێی خوێندنی پارالێل لە زانکۆ حکومیەکان کەمدەکرێنەوە.
٤- رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، د.دیندار زێباری، رایگەیاندووە، کە؛ لە هەرێمی کوردستان ٨٠٠ هەزار ئاوارە و پەنابەر هەن و حکومەتی هەرێم لە ساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٨ سێ ملیار دۆلاری لەو بوارەدا خەرجکردووە.

**رۆژی پەنجا و هەشتەم ٢٠١٩/٩/٥**

١- رۆژی پێنج شەممە، بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی گواستنەوەی کارەبایی ١٣٢ کەی ڤی، لە پارێزگەی دهۆك دانراوە.

**رۆژی پەنجا و نۆیەم ٢٠١٩/٩/٦**

١- رۆژی هەینی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی، لە گەرمیان کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە ئەمنی و سەربازییەکانی سنوورەکە کردو باسی دۆخی ئاسایشی ناوچە سنووریەکان و چۆنێتی پێشگرتن لە جموجوڵی تیرۆریستی پاشماوەی تیرۆریستانی داعشیان کرد.
٢- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم، د. ئالان حەمە سەعید، رایگەیاند: خەریکی دانانی بەرنامەیەکین بۆ نەهێشتنی خۆراکی زیانبەخش لەناو فرۆشگەی قوتابخانە و خوێندنگەکان.

**شەستەمەین رۆژ ٢٠١٩/٩/٧**

١- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی دوای بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی "هاکسول؛ بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا" رایگەیاند: کە پێوستە بۆ

رایکردنی کارەکانی حکومەت پشت بە حکومەتێکی ئەلیکترۆنیی ببەستین، بەجۆرێك کە کارەکانی حکومەت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ بگونجێت.

**رۆژی شەست و یەکەم ٢٠١٩/٩/٨**

١- کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەندامانی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، لە سەرەتادا سەرۆکی حکومەت وردەکاریی تەواوی لەبارەی پرۆسەی گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغداد بۆ فراکسیۆنی کوردستانییەکان خستەڕوو، لە بارەی مافە دەستورییەکانی هەرێم لە بابەتەکانی؛ بودجە، ناوچە کێشە لەسەرەکان و قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە شاندێکی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) بە سەرۆکایەتی سزایی تەمەلی، هاوسەرۆکی پارتەکە و شاندی یاوەریکرد. لە کۆبوونەوەیەکدا تەمەلیی، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتیان کرد و لەبەرامبەریشدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم، باسی لەوە کرد کە پرۆسەی دیموکراسی و گفتوگۆی ئاشتیانە باشترین رێگەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

**رۆژی شەست و دووهەم ٢٠١٩/٩/٩**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوزای لە جینین هینیس بلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد کرا.

٢- وەزارەتی کارەبای هەرێم رایگەیاند: بە مەبەستی هاوسەنگکردنی نێوان خواست و بەرهەمهێنانی کارەبا، وەزارەتی کارەبا پرۆژەی پێوەری زیرەك دادەمەزرێنێت.

**رۆژی شەست و سێیەم ٢٠١٩/٩/١٠**

١- رۆژی سێشەمە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لەگەڵ وەزیری پلاندانانی عێراق سەباح دلێمی، کۆبوویەوەو تێیدا چەند بابەتێکی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغداد تاوتوێکران، بە تایبەت پرۆسەی سەر ژمێریی کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٠ بکرێت.

٢- وەزیری ناوخۆی هەرێم، رێبەر ئەحمەد، لە هەولێر لەگەڵ کۆڵۆنێل ڤەندینباش و کۆڵۆنێڵ هۆڵدن فەرماندەی پێشوو وتازەی هێزەکانی هاوپەیمانان کۆبوویەوە. لە کۆبوونەوەکەدا کۆڵۆنێل هۆڵدن، وەك فەرماندەی نوێ ناسێنراوە و باسی رەوشی ئاسایشی ناوچەکەش کراوە.

٣- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان، د. پشتیوان سادق و شاندێکی وەزارەت سەردانی میر حازم تەحسین بەگ، میری ئێزیدی یان کرد.

٤- شاندی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی د.دیندار زێباری، بەشداری لە خوولی بیست و دووهەمی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤی سەر بە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ-ی پایتەختی سویسرا بکات، کۆبوونەوەکە تایبەت بووە بە کەمئەندامان، شاندی هەرێم لەگەڵ شاندی عێراق بەشدارن.

٣- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، لە راگەیاندنێکدا وەڵامی هەواڵێکی چەند دەزگەیەکی میدیایی عەرەبی داوەتەوە و رەتیکردۆتەوە کە پێنج هەزار

دەستگیرکراوی کەرکوك لە هەولێر و سلێمانی بێت و وتی: راپۆرتی  ئەو دەزگە راگەیاندنانە دوورن لە راستییەوە.

**رۆژی شەست و چوارهەم ٢٠١٩/٩/١١**

١- کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەجامدرا و لە کۆبوونەوەکەدا باسی کۆبونەوەی حکومەتی هەرێم و فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق کراو هەروەها بڕیاردرا کە؛

ا- شاندێك لە هەفتەی داهاتوو سەردانی بەغداد بکات سەبارەت بە درێژەدان بە گفتوگۆ و پرسە هەڵواسراوەکانی تایبەت بە بودجە و نەوت و غاز.

ب- دروستکردنی لیژنەیەك تایبەت بە هەڵسەنگاندنی پرۆسەی سەرژمێریی کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە عێراق ئەنجام بدرێت بەتایبەت لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و مەترسی لەسەر ئەو ناوچانە.

٢- جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی، بۆ بەشداریکردن لە دیداری زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت، گەیشتە لوبنان.

٣- وتەبێژی حومەتی هەرێمی کوردستان، د.جووتیار عادل، رایگەیاند: حکومەتی عێراق ٨٠ ملیار دینار قەرزاری هەرێمی کوردستانە.

**رۆژی شەست و پێنجەم ٢٠١٩/٩/١٢**

١- رۆژی پێنج شەممە، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی، لە لوبنان لەگەڵ سەعد حەریری، سەرۆك وەزیرانی لوبنان، کۆبوویەوە و لە کۆبوونەوەکەدا باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کرا.

٢- به ئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی، د. پشتیوان سادق، لە قەزای شێخان ی پارێزگەی دهۆك، لە ڕێوڕەسمێكدا چەند كتێبێك لەبارەی كۆمەڵكوژی ئێزیدیان بڵاوكرایەوە.

**ڕۆژی شەست و شەشەم ٢٠١٩/٩/١٣**

١- ڕۆژی هەینی لە هەرێمی كوردستان، پشووی فەرمییە و ڕووداوێك نەبووە كە تۆماربكرێت.

**ڕۆژی شەست و حەوتەم ٢٠١٩/٩/١٤**

١- ڕۆژی شەممە لە هەرێمی كوردستان پشووی فەرمییە.
٢- به ئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی، د. پشتیوان سادق و سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، د. سەعید گرتكی، لە ڕێوڕەسمێكدا لە پیرمام، مۆڵەتی زانستی بە دوو مەلای ئاینی بەخشرا.

**ڕۆژی شەست و هەشتەم ٢٠١٩/٩/١٥**

١- جێگری سەرۆكی حكومەت، قوباد تاڵەبانی، لە هەولێر پێشوازی لە كونسوڵی گشتیی كۆماری میللیی چین كرد، لە كۆبوونەوەیاندا باسی گەشەپێدانی پەیوەندی هەردوولا كراوە بۆ گەشەپێدانی بواری كشتوكاڵ و ئابوری.
٢- وەزیری پێشمەرگەی حكومەتی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل، پێشوازی لە كونسوڵی نوێی گشتی ئێران نەسروڵڵا زارع ڕەشنودی، كرد و لە كۆبوونەوەكەدا باسی گەشەپێدانی پەیوەندییەكانی هەردوولا كرا.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە زاری وتەبێژەکەیەوە، د.جووتیار عادل، رایگەیاند: حکومەتی عێراقی بڕی ٨٠ ملیار دۆلار قەرزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بەوردەکارییەوە سەرجەم بڕگەکانی لەلای حکومەتی هەرێم هەیە".

**ڕۆژی شەست و نۆیەم ٢٠١٩/٩/١٦**

١- سەرۆکی حکومەت، مەسرور بارزانی، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی لیژنەی کۆکردنەوەی داهاتی بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت، کرد. لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی حکومەت سیلەی لە سەرەتاکانی دادگەری لە خەرجکردنی بودجە بۆ ناوچەکان گرت و وتی:"ئەرکی ئێمە داکۆکییە لە مافی هاوڵاتیان".

٢- سەرۆکی حکومەت، مەسرور بارزانی، بەبۆنەی یادی پەنجا ساڵەی کۆمەڵکوژیی گوندی سۆریای دەڤەری زاخۆ، پەیامێکی بڵاوکردەوە، سەرۆکی حکومەت لە پەیامەکەدا دەڵێت: لە شەستەکانی سەدەی رابدوو رژێمی بەعس تاوانێکی گەورەی لە گوندی سۆریای سەر بە پارێزگەی دهۆك ئەنجامدا کە لە ئاکامدا دەیان هاوڵاتی سڤیلی مەسیحی کلدانی ئاشووری سریانی و موسڵمان، بوونە قوربانی. هەروەك لە پەیامەکەدا جەخت لە پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئاینی لە هەرێمی کوردستان کراوە.

* شیاوی باسە لە ماوەی چەند ساڵی رابردووی ئەزموونی فەرمانڕەوایی هەرێم، بە دەگمەن لەسەرئاستی سەرۆکی حکومەت، بۆ یادی کۆمەڵکوژیی گوندێك، پەیامی هاوخەمی و یاد کردنەوە هەبووە، بەڵام لەم کەیسەدا جیاوازە و وا دەخوێنرتەوە کە مەبەست گرنگیدان بێت بە پێکهاتەی مەسیحی کلدانی سریانی ئاشووری لە کوردستان و بەرز ڕاگرتنی رۆحی پێکەوە ژیان، ئەمە لەکاتێکدایە

کە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم کە وەزارەتێکی تایبەتمەندە بەو پرسە، هیچ بڵاوکراوەیەکی نەبوو!.
٣- سەرۆکی حکومەت، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە شاندێکی پەرلەمانی لوبنان بە سەرۆکایەتی پەرلەمانتار تەیموور جونبوڵات، سەرۆکی فراکسیۆنی؛ "دیداری دیموکراتی" و سەرکردە لە پارتی سۆسیالیستی پێشکەوتوخوازی لوبنانی، کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا باسی گرنگیی پەیوەندی نێوان هەرێم و لوبنان و پەیوەندی مێژوویی نێوان خێزانی جونبوڵات و گەلی کورد کراوە.
٤- رۆژی دووشەممە، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، قوباد تاڵەبانی، لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەی هەولێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یۆنامی) ریکاردۆ رۆدیجز، کۆبوویەوە و لە کۆبوونەوەکەدا باسی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد کراوە.
٥- کۆبوونەوەی هاوبەشی بەردەوامیی وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرپەرشتی وەزیری پ.م، شۆڕش ئیسماعیل، لە کۆبونەوەکەدا باسی جووڵەی نوێی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کراوە و باس لە پەیوەندی هەردوولا کراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان.
٦- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د.پشتیوان سادق، پێشوازی لە شاندی کەنیسەی (Saints Church of Juses Christ of Latter day The) ئەمریکی کرد، لە دیدارەکەدا باسی پێکەوە ژیان و کرانەوەی هەرێمی کوردستان لە بواری گرتنەخۆی ئاوارە و پەنابەران کراوە.
٧- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، ساسان عەونی، سەردانی پارێزگەی دهۆکی کرد و پڕۆژەی ئاوی دهۆك و چەند فەرمانگەیەکی سەر بە وەزارەتەکەی لەو پارێزگەیە بەسەرکردەوە.

٨- رازگری وەزارەتی پ.م   فەریق جەبار یاوەر، رایگەیاند: هەتا ئێستا (٢٠١٩/٩/١٦) هیچ فەرمانێك لە   فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، د. عادل عەبدلمەهدی، دەرنەچووە بۆ بەشداریکردنی هێزی پێشمەرگە لە کردە (ئۆپەراسیۆن) هاوبەشە سەربازییەکان و هەرکاتێك فەرمان دەربچێت، ئەوا پێویستی بەرەزامەندی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم هەیە بۆ دیاریکردنی نوێنەری وەزارەتی پ.م لەناو ئۆپەراسیۆنەکەدا. لە٢٠١٩/٦/٢٣ وەزارەتی پ.م داوایکردووە کە نوێنەری لەناو کردە هاوبەشە سەربازییەکاندا هەبێت.

**حەفتاهەمین رۆژ ٢٠١٩/٩/١٧**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە ڤێرما ڤالی مۆرالی دەهاران،   وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی هیندستان بۆ کرد.
٢- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، بێگەرد تاڵەبانی، رایگەیاند: لەئێستادا بەرهەمی ماسی لە سەدا ٤٠%ی پێداویستی ناوخۆ دابین دەکات و لە هەوڵی زیادکردنی ئەو رێژەیەداین، هەروەها وتیشی: ئەمساڵ (٢٠١٩) ١٠٠هەزار پەنجە ماسیمان داوە بەجووتیاران و رایشیگەیاند: کە هێنانی هەنگوین بۆ ناو هەرێم قەدەغە دەکرێت.
٣- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، د.ئارام محەمەد، لە هەولێر پێشوازی لە ستیڤن ڤەیگن، کونسوڵی گشتی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و شاندی یاوەری کرد. لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، سوپاسی هاوکارییەکانی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکای کرد و باسی پرۆژەکانی کونسوڵگەری ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری زانستی و بەرنامەی ئاڵوگۆڕی سەرکردەی گەنج کرا.

**رۆژی حەفتا و یەکەم ٢٠١٩/٩/١٨**

١- د. بەرهەم ساڵح، سەرۆك كۆماری عێراق سەردانی هەولێری كردوو لەگەڵ سەرۆكی حكومەت و جێگری سەرۆكی حكومەت كۆبوویەوە و ناوەڕۆكی كۆبوونەوەكە تایبەت بووە بە هەنگاوەكانی گفتوگۆی نێوان هەرێم و بەغداد و پرسە هەڵواسراوەكانی كە بۆتە كێشەی نێوان هەردوولا. هەروەك لەم كاتەدا محەمەد حەلبوسی سەرۆكی پەرلەمانی عێراق، بەسەردانێك گەیشتۆتە هەولێر و لەسەر هەمان پرس كۆبوونەوەی لەگەڵ سەركردە سیاسییەكانی هەرێم كردووە.

٢- كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، لە كۆبوونەوەكەدا باسكراوە لە:

ا- بەستنەوەی سەرجەم دەروازە گومرگییەكان بە ئامانجی رێكخستن و باش بەڕێوەچوونی كارەكانیان و لیژنەیەك بۆ ئەو مەبەست دروستكراوە.

ب- هەروەها باسی قەرزی كشتوكاڵی بۆ جووتیاران كراوە كە تێیدا ٨٨٦٨ جووتیار لێی سودمەند هبن و وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو و وەزیری دارایی بۆ ئەو مەبەستە راسپێردراون.

ج- گفتوگۆی پلانی قانوندانانی حكومی و بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەكی قانونی راسپێردراوە بۆ رێكخستنی پرۆژە قانونەكان بەپێی گرنگیان تا بنێردرێت بۆ حكومەت بۆ پەسەندكردنیان.

لە كۆتایی كۆبوونەوەكەدا گفتوگۆی "قانونی پاراستنی خاوەندارێتی بیرۆكە- حمایە الملكیة الفكریة" كراوە لە بوارەكانی هونەر و كشتوكاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و بڕیار دراوە وەزارەتە پەیوەندیدارەكان كاری پێویست لەمبارەیەوە بكەن.

٣-  سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی لەهەولێر پێشوازی لە ماتیۆ تولەر، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق کرد، لە کۆبوونەوەکەدا باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کراوە.
٤- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، لە هەولێر پێشوازی لە باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا کە سیتڤ ڤەیگن، کونسوڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەیبوو باسی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغداد کراوە.
٥- فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران بە دانانی وەزیری هەرێم، خالید شوانی، بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی گفتوگۆی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ دەرچوو.

**رۆژی حەفتا و دووهەم ٢٠١٩/٩/١٩**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لە پەراوێزی ئاهەنگی یەکەمین خوولی دەرچووانی زانکۆی ئەمریکی - کوردستان لە دهۆك، لەگەڵ محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوویەوە.
٢- وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان راگەیاندنێکی سەبارەت بە رێنەدانی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك بۆ چونە ناو هەولێر، بڵاویکردەوە: "رۆژی پێنج شەممە، لە کاتی هاتنی مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك بۆ شاری هەولێر رووبەڕووی هەڵوێستێکی ناڕەحەت بۆتەوە لە خاڵی پشکنینی سماقوڵی" هەروەها رایگەیاندووە، کە "هیچ پاشخانێکی سیاسی لە پشت رووداوەکە نییە".
* ئەم رووداوە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی نوێ لە نێوان ی.ن.ك و پ.د.ك و چەند رووداوێکی دیکەی بەدوادا هات و پاشماوەیەك بێدەنگیی لێکرا.

٢- سەرۆکی حکومەت لە ڕێوڕەسمی دەرچوانی خولی یەکەمی زانکۆی ئەمریکی-کوردستان لە دهۆك وتارێکی خوێندەوە و وتی:"ئەم کابینەیە گرنکیی زۆر بە کەرتی پەروەردە و خوێندن دەدات و لە کارە یەکەمەکانی داناوە".

**ڕۆژی حەفتا و سێیەم ٢٠١٩/٩/٢٠**

١- ڕۆژی هەینی لە هەرێمی کوردستان پشووی فەڕمییە

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، ئیدانەی تەقینەوەکەی شاری کەربەلای کرد.

**ڕۆژی حەفتا و چوارەم ٢٠١٩/٩/٢١**

١- ڕۆژی شەممە لە هەرێمی کوردستان پشووی فەڕمییە.

٢- دەستپێکی یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە پارێزگەی دهۆك بە ئامادەبوونی د.ئالان حەمە سەعید، وەزیری پەروەردە زەنگی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی لێدا.

٣- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی ٤٩ هەمین ساڵەی یادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانەوە بڵاوکردەوە.

٤- بە ئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د. پشتیوان سادق، لە هەولێر ڕێوڕەسمی کۆتایی خوولی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بۆ ٧٠٠ بەشداربوو لە سەرتاسەری هەرێم بەڕێوەچوو.

٥- وەزیری تەندروستی هەرێم، د.سامان بەرزنجی، سەردانی نەخۆشخانەی شەهید تۆفیق-ی لە قەزای دەربەندیخان کرد و چەند پرۆژەیەکی تەندروستی و دەزگەکانی سەر بە وەزارەتەکەی بەسەرکردەوە.

**ڕۆژی حەفتا و پێنجەم ٢٠١٩/٩/٢٢**

١- وەزیری ناوخۆی هەرێم، ڕێبەر ئەحمەد بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: ڕووداوەکەی بازگەی سماقوڵی بە مەبەست نەبووە و کێشەکە خەریکە چارەسەر دەکرێت و تەقەکردنیش دوورە لە سیاسەتی حکومەت و گۆڕانکاری لە پۆست حکومییەکان دەکرێت.

* ئەم لێدوانەی وەزیری ناوخۆ، لەبارەی ڕێگەگرتن لە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی ی.ن.ك، مەحمود سەنگاوی، هات لە بازگەی سماقوڵی کە نەیانهێشت بچێتە شاری هەولێر.

٢- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د. پشتیوان سادق، رایگەیاند: گۆڕانکاری لە شێوازی بەڕێوەبردنی مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئاینی دەکرێت، بەوتەی وەزیری ئەوقاف، هەنگاوەکە بە مەبەستی پاراستنی گیانی پێکەوەژیانە لە هەرێمی کوردستان کە، بە بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق لەمبوارەدا پێشەنگە.

**ڕۆژی حەفتا و شەشەم ٢٠١٩/٩/٢٣**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، پێشوازی لە شاندێکی سەربازیی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی جەنراڵ گریگۆری کرۆدەر، کرد لە دیدارەکەدا باسی نوێترین ڕووداوەکانی کوردستان و عێراق کراوە لەگەڵ هەنگاوەکانی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا، لە کۆبونەوەکەدا وەزیری پ.م، شۆڕش ئیسماعیل، بەشداربووە.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، پێشوازی لە فەرماندەی پرۆسە تایبەتەکان لە هێزی هاوبەشی هاوپەیمانان، ئیریك ت. هێڵ و شاندی یاوەری

کرد، لە دیدارەکەدا سەرۆکی حکومەت وتویەتی کە هێشتا داعش جێگەی مەترسییە.
٣- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، بەبۆنەی ١٨ هەمین ساڵیادی کارەساتی خێڵی حەمە کە لەلایەن گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلامەوە ٤٣ پێشمەرگە شەهیدکران، راگەیاندنێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتبوو کە، بۆ هەمیشە یادی ئەو قوربانییانە لە ویژدانماندا زیندووەو هەرگیز لەبیرناکرێن".
٤- وەزیری پێشمەرگەی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل، لە هەولێر پێشوازی لە فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پ.د.ك کرد. لە کۆبووەنەوەکەدا جەختیان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پرسانە کرد کە بەرژەوەندی گشتی تێدایە.
٥- وەزیری پێشمەرگەی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل، لە هەولێر پێشوازی لە وێڵ برینگ، فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا و شاندی یاوەری کرد کە تێیدا راوێژکارانی ئەڵمانیای لە هەرێم تێدابوو، لە کۆبونەوەکەدا وەزیری پ.م، ستایشی هەوڵ و هاوکاری هێزەکانی ئەڵمانیای کرد و هیوای خواست ماوەی کارەکانیان لە عێراق و هەرێم درێژبکەنەوە.
٦- وەزیری کارەبای هەرێم، ئەندازیار کەمال محەمەد، لە هەولێر لەگەڵ موراد ئارسان، بەرپرسی کۆمپانیای ئۆسکۆمی کۆبووەتەوە و لە کۆبوونەوەکەدا باسی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەی "مینی سکای" کراوە کە پڕۆژەیەکە تایبەتە بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری وێستگەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کارەبا، وەزیری کارەبا باسی گرنگیی پڕۆژەکەی کردووە بۆ وەزارەت.
٧- ئەحمەد عەبدولڕەحمان، وتەبێژی وەزارەتی دارایی هەرێم، رایگەیاندووە کە حکومەتی هەرێم لەڕێگەی لیژنەی باڵای ئامادەکاری بودجە سەرقاڵی ئامادەکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ی هەرێمی کوردستانین و کاری لەپێشینەشمان زیادکردنی داهاتە.

٨- شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی شاندی حکومەتی عێراقیدا بەشداری ٧٤ هەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانی کرد.

**رۆژی حەفتا و حەوتەم ٢٠١٩/٩/٢٤**

١- وەزیری پێشمەرگەی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل، لە هەولێر پێشوازی لە جەنراڵ گریگۆری کرۆیدەر، بەرپرسی نووسینگەی هاوئاهەنگی ئاسایشی ئەمریکی لەعێراق کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باسی بارودۆخی ئاسایشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیان کرد.

٢- وەزیری ناوخۆی هەرێم، رێبەر ئەحمەد، لە هەولێر سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی هاوبەشی هاوئاهەنگی قەیرانەکانی لە هەرێمی کوردستان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەری وەزارەتەکانی؛ دارایی، بازرگانی، تەندروستی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پلاندانان، پەروەردە، شارەوانی، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەشداربوون، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە دانانی پلانی ساڵی داهاتوو و دیاریکردنی پێداویستییەکانی ئاوارە و پەنابەران و دانیشتوانی هەرێم، لەرووی سووتەمەنی و تەندروستی و بواری دیکەو کۆبوونەوەکە بە گەڵاڵەکردنی پلانێك بۆ خستنەڕووی بۆ رێکخراوە و ئاژانسە خێرخوازییەکان و حکومەتی فیدراڵ کۆتاییهات.

٣- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د.پشتیوان سادق، لە هەولێر سەرپەرشتی کۆبوونەوەی بۆردی زانستی وەزارەتی کرد. کۆبوونەوەکە تایبەت بە رێکخستنی کارەکانی وەزارەت و وتاردان بووە.

٤- وەزیری کارەبای هەرێم، ئەندازیار کەمال محەمەد، پێشوازی لە کەمال کەرکوکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پ.د.ك کردوو، لە دیدارەکەدا باسی کێشەکانی کارەبا و چۆنێتی بەرهەمهێنانی کارەبا و پێداویستیەکانی لە هەرێم کراوە، هەروەها باسی پێدانی بڕی ١٠٠ مێگاوات کارەبا بە پارێزگەی کەرکوك کراوە کە، هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی ئەو بڕە کارەبا بە پارێزگەی کەرکوك دەدات.

٥- وەزیری کارەبای هەرێم، ئەندازیار کەمال محەمەد، پێشوازی لە شێخ جەمال، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەندیر و شاندی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا باس لە چۆنێتی بەگەڕختنی وێستگەی کارەبای ٢٩ مێگاواتی سلێمانی کرا کە بەهۆی قەیرانی دارایی نەبوونی سوتەمەنی لەئێستادا (٢٠١٩/٩) راوەستاوە، وەزیری کارەبا بەڵێنی چارەسەری کێشەکانی بە کۆمپانیاکە داوە. شیاوی باسە وێستگەی ٢٩ مێگاواتی سلێمانی لە کاتی بوونی سوتەمەنیدا، بەردەوام دەتوانێت ٢٥ مێگاوات کارەبا دابین بکات.

٦- بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی هەرێم، د. سامان بەرزنجی، کۆنفرانسێك لە هەولێر بە ئامادەبوونی رێکخراوی تەندروستی جیهانی بەڕێوەچوو، وەزیری تەندروستی هەرێم لە کۆنفرانسەکەدا رایگەیاند: مەبەستمانە سوود لە پشتیوانی و راوێژی رێکخراوی تەندروستی جیهانیی وەربگرین لە دانانی پلانی کارکردنمان بۆ داهاتوو، تابتوانین پشتیوانی ئەوانیش بەدەستبهێنین.

٧- وەزارەتی کشتوکاڵ رایگەیاند: لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، نرخی کارەبای نیشتمانی بۆ کێڵگە پەلەوەرییەکان و گەنجینە ساردکەرەوەکان لە ١٣٠ دینار بۆ ٣٠ دینار، بۆ هەر کیلۆ واتێك دابەزێنراوە و مەبەستیش لەم بڕیارە هاندانی بەرهەمی پەلەوەری خۆماڵییە.

٨- وەزیری دادی هەرێم، فەرسەت ئەحمەد، سەرباری ئەرکەکەی، لەڕێگەی بریکاری قانونییەوە لە دادگەی باڵای فیدراڵی عیراق، سکاڵای قانونیی لەسەر سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی، سەرباری ئەرکەکەی سەبارەت هەمواری قانونی هەڵبژاردنی پارێزگەکانەوە تۆمارکرد.

**رۆژی حەفتا و هەشتەم ٢٠١٩/٩/٢٥**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە مێجەر جێنراڵ جیراڵد، فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سوریا کرد، لە دیدارەکەدا باسی پەرەپێدانی میکانیزمەکانی رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش کرا.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە مارشاڵ بیلینگسلی، یاریدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمریکا تایبەت بە پارەدارکردنی تیرۆر، کرد. لە دیدارەکەدا ستیف ڤەیگن، کونسوڵی گشتی ئەمریکا بەشداربوو، تێیدا باسی گەشەکردنی هەرێمی کوردستان کراو هەروەها باسی هاوکاریکردنی هەرێم لە ڕووی سیستەمی بانکیی و گفتوگۆی نێوان هەرێم و بەغداش کرا.

٣- وەزیری ناوخۆی هەرێم، رێبەر ئەحمەد، لە هەولێر پێشوازی لە جیمس تۆرنتۆن، کونسوڵی نوێی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان، کرد. لە دیدارەکەدا کە بە بۆنەی دەستبەکاربوونی کونسوڵی نوێوە بوو باسی گرنگیدانی بەریتانیا بە هەرێم لەڕووی مرۆیی و سەربازییەوە کرا، وەزیری ناوخۆش بەڵێنی هاوکاری و خۆشحاڵی بەدەستبەکاربوونی بۆ دەربڕی.

**رۆژی حەفتا و نۆیەم ٢٠١٩/٩/٢٦**

١- وەزیری ناوخۆی هەرێم، رێبەر ئەحمەد، لە هەولێر پێشوازی لە مێجەر جێنڕاڵ جیراڵد، فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سوریا کرد، لە دیدارەکەدا باسی رەوشی ئاسایشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیان تاوتوێکرد.

٢- بە ئامادەبوون و چاودێری وەزیری تەندروستی هەرێم، د. سامان بەرزنجی و نوێنەری رێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئەدهەم عەبدولمونعیم، سێ بەشی نوێ لە نەخۆشخانەی راپەرینی منداڵان لە هەولێر کراوەتەوە.

**هەشتایەمین رۆژ ٢٠١٩/٩/٢٧**

١- رۆژی هەینی، لە هەرێمی کوردستان، پشووی فەڕمییە و رووداوێکی شیاوی تۆمارکردن نەبووە.

**رۆژی هەشتا و یەکەم ٢٠١٩/٩/٢٨**

١- رۆژی شەممە، لە هەرێمی کوردستان، پشووی فەڕمییە و رووداوێکی شیاوی تۆمارکردن نەبووە.

**رۆژی هەشتا و دووهەم ٢٠١٩/٩/٢٩**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە نی روچی، کونسوڵی گشتی کۆماری چینی میللی کرد. لە دیدارەکەدا باسی گەشەپێدانی پەیوەندی نێوان هەردوولا کرا.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە باڵێۆزی قەتەر لە عێراق کرد.

٣- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە باڵیۆزی یۆنان لە عێراق کرد.
٤- وەزیری پ.م، شۆڕش ئیسماعیل، پێشوازیی لە کونسوڵی گشتیی ئەمریکا، ستیڤن ڤەیگن، کرد، لە دیدارەکەدا باس لە هاوکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هێزی پ.م کراوە کە بەردەوام دەبێت. لە کۆبوونەوەکەدا ستیف ڤەیگن، یاداشتی درێژکردنەوەی هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بۆ هێزی پ.م بۆ ماوەی دوو ساڵ، رادەستی وەزیری پ.م کرد.
٥- وەزیری کارەبای هەرێم، ئەندازیار کەمال محەمەد، رایگەیاند: وەزارەتی کارەبا لە کابینەی نوێدا ئامانجی گەیاندنی کارەبایە بۆ سەرجەم پارێزگەکانی هەرێم بە دادپەروەرانە، وتیشی: وەزارەتی کارەبا بڕی ٩٥٢ ملیار و ٦٧١ ملیۆن و ٨٥٢ هەزار دیناری لەلای هاوبەشەکانیەتی.

**رۆژی هەشتا و سێیەم ٢٠١٩/٩/٣٠**

١- بە ئامادەبوون و چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، سێزدەهەمین پێشانگەی نێودەوڵەتیی بۆ بازرگانی گشتیی لە هەولێر کرایەوە، لە وتاری پێشانگەکەدا سەرۆکی حکومەت، وتی: "ئاسانکاریی بۆ کاری بازرگانی و وەبەرهێنان دەکەین".
٢- بەشداریکردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك و ژمارەیەك لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێم لە یادی رۆژی سەربەخۆیی کۆماری گەلی چین لە شاری هەولێر.
٣- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، پێشوازی لە باڵیۆزی یۆنان، لیۆنیداس کۆنتۆڤۆنیسیۆس و شاندی یاوەری کرد، لە کۆبوونەوەکەدا باسی

ئەنجامدانی گەشتی ئاسمانی نێوان هەرێم و یۆنان کرا و هاوکات باس لەوە کرا کە هەرێم سوود لە ئەزموونی یۆنان وەربگرێت لە بواری گەشتیاریدا.

٣- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، بڕیاریدا لە ١٠/١ ەوە هەر ئۆتۆمبێلێکی حکومی لە دوای کاری فەرمی ببینرێت لەلایەن ئاسایش و پۆلیسی هاتوچۆوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و هاوکات ئۆتۆمبێلە حکومییەکان لۆگۆی تایبەتیان بۆ دروستدەکرێت.

٤- وەزیری ناوخۆی هەرێم، ڕێبەر ئەحمەد، لە هەولێر پێشوازی لە لۆکاس گاسێر، باڵیۆزی سویسرا لە عێراق دەکات و لە دیدارێکدا باس لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کرا.

٥- وەزیری ناوخۆی هەرێم، ڕێبەر ئەحمەد، لە هەولێر پێشوازی لە ویلیام نیکۆلاس کۆزین، کونسوڵی گشتی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان کرد، لە دیدارێکدا ڕەوشی ئەمنی و پەیوەندی نێوان هەردوولا باسکرا.

٦- ئەنجومەنی وەزیران بڕی (٣) سێ ملیار دیناری بۆ پێنج (٥) پرۆژەی ڕێگا و بان لە سنووری ئیداری ڕاپەڕین تەرخانکرد و پرۆژەکە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوە جێبەجێدەکرێت.

## چوار: تۆماری مانگی چوارەم لە ١٠/١ بۆ ٢٠١٩/١٠/١٧ دەخایەنێت رۆژی ٨٤ی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم بەرامبەر ٢٠١٩/١٠/١یە

**رۆژی هەشتا و چوارهەم ٢٠١٩/١٠/١**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر بەشداری لە رۆژی نیشتمانیی کۆریای باشووردا کرد.

٢- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، سەردانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد لەلایەن وەزیری ناوخۆ رێبەر ئەحمەد، پێشوازی لێکرا.

٣- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، پێشوازی لە کونسوڵی نوێی فەرەنسا لە هەولێر ئۆلیڤیێ دیکۆتینێ کرد و لە دیدارەکە سوپاسی سەرۆك و گەلی فەرەنسای کرد بۆ ئەوەی کە لە بارودۆخی ئابڵوقەدا هاوکاری هەرێمی کوردستانیان کردووە.

٤- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، لە هەولێر پێشوازی لە باڵیۆزی یۆنان لە عێراق، لیۆنیدانس کونتوفونیسوس و کونسوڵی یۆنان لە هەرێم، وافسیموس کۆسۆپۆڵۆس کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باسی گەشەپێدانی پەیوەندی نێوان هەردوولا کراوە بەتایبەت لە بوارەکانی وەبەرهێنان و گەشتیاری و کشتوکاڵ و سیستەمی بانکیدا.

٥- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، ساسان عەونی، لە هەولێر پێشوازی لە ژمارەیەك لە پەرلەمانتاری نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکی دەڤەری زاخۆ کرد، لە دیدارەکەدا کێشەو کەموکورتییەکانی زاخۆ پەیوەست بە وەزارەتی شارەوانی گفتوگۆی لەسەر کرا.

٦- وەزیری کارەبای هەرێم، ئەندازیار کەمال محەمەد، لە هەولێر پێشوازی لە پاتریك ئێم، بەرپرسی کاروباری بەشی ئابووری لە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، لە کۆبوونەوەکەدا باسی پەرەپێدانی پەیوەندی وەزارەتی کارەبا و باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی بواری کارەبا، کراوە.

٧- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێم، بڕیاریدا لە ٤٥%ی کرێی خوێندنی پارالێڵ لە زانکۆ حکومییەکان دابەزێنێت.

**رۆژی هەشتا و پێنجەم ٢٠١٩/١٠/٢**

١- کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێم کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، بڵاوکراوەتەوە، کۆبوونەوەکە ، سێ بابەتی تێدا خراوەتەڕوو:

أ- پابەندکردنی فەرمانبەران بە پاراستنی بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەت و بەکارنەهێنانی بۆ مەبەستی دوور لە خۆی و بڵاونەکردنەوەی لە میدیادا بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

ب- خوێندنەوەی ڕاپۆرتێکی ورد و پڕ زانیاریی لەبارەی بڕی قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران (ڕاگەیاندنەکەی حکومەت ئاماژەی بەبڕی قەرزەکە نەدواە) بەڵام نووسراوە کە بەشێك لەو قەرزانە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی فیدڕاڵ.

ج- تاوتوێکردنی پڕۆژەی دامەزراندنی یەکەمەکانی زانکۆکان کە لە ساڵی٢٠١٥-٢٠١٦ دەرچوون و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕاسپێردراوە بە دروستکردنی خشتەیەك بە پۆلێنکردنی پسپۆڕیی یەکەمەکان تا بڕیاری لێبدرێت.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر، پێشوازی لە ئیرەج مەسجدی، باڵیۆزی ئێران لە عێراق کرد، لە دیدارێکدا باس لە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کرا.
٣- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر، لە کۆنفرانسی زانکۆی کوردستان - هەولێر، وتارێکی سەبارەت بە روانگە و ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیریی پێشکەشکرد.
٤- جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی، پێشوازی لە ئیرەج مەسجدی باڵیۆزی ئێران لە عێراق کرد و تێیدا تاوتوێی پەیوەندییە دوو قوڵیەکانی نێوان هەرێم و کۆماری ئیسلامی ئێران کراوە.
٥- بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم، سەفین دزەیی، رایگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان فراوانتر دەکات و وتیشی ٣٦ کونسوڵخانەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان هەن.
٥- وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، کوێستان محەمەد، لە رۆژی جیهانیی بە ساڵاچوواندا سەردانی کۆمەڵگەی بەساڵاچوانی هەولێری کرد و دیاری و خەلاتی پێشکەش بە ساڵاچووان کرد.
٦- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، د.جووتیار عادل، رایگەیاند: خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە کە موچە هەیە و لەکاتی خۆیدا دەدرێت، وتیشی: هەرێمی کوردستان نەوتەکەی رادەستی بەغداد ناکات، بەڵکو بە گوێرەی قانونی بودجەی ٢٠١٩ داهاتی نەوتی هەرێم رادەستی بەغدا دەکات و لەبارەی گفتوگۆی نێوان هەرێم و بەغدا وتی: پەیوەندیی تەلەفۆنیی لەنێوان هەولێر و بەغداد هەیە.

**رۆژی هەشتا و شەشەم ٢٠١٩/١٠/٣**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لەهەولێر، بەشداری لە رۆژی نیشتمانی ئەڵمانیادا کرد.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لەهەولێر، پێشوازی لە باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق، پۆڵ گیببارد، کرد لە دیدارێکدا باڵیۆزی کەنەدا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ هاوکاریی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە بواری ئەزمونی فیدراڵیدا دەربڕی و ستایشی کابینەی نوێەمی کرد سەبارەت بە بوونی ژن لەناو کابینەی حکومەتدا.

٣- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لەهەولێر، پێشوازی لە شاندێکی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی، تامی باڵدوین کرد و لە دیدارەکەدا کە ستیف ڤەیگن، کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەرێم ئامادەبوو باسی پەیوەندی نێوان هەرێم و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و گفتوگۆی نێوان هەرێم و بەغداد و پرسی ئاسایش و شانە نووستووەکانی داعش کرا.

٤- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د. پشتیوان سادق، لە هەولێر پێشوازی لە گیۆم پۆپۆ، بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپا و نوێنەری یەکێتییەکە لەعێراق کرد، لە دیدارێکدا باس لە پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان و داوای هاوکاری زیاتری یەکێتیی ئەوروپا کراوە.

**رۆژی هەشتا و حەوتەم ٢٠١٩/١٠/٤**

١- رۆژی هەینی لە هەرێمی کوردستان، پشوی فەرمییە و هیچ رووداوێکی شیاوی تۆمار کردن نەبووە.

**رۆژی هەشتا و هەشتەم ٢٠١٩/١٠/٥**

١- رۆژی شەممە لە هەرێمی کوردستان، پشوی فەڕمییە .

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، پیرۆزبایی لە ئێزیدییەکان بەبۆنەی جەژنی جەماوە کردوەو پەیامێکی بڵاوکردەوە.

**رۆژی هەشتا و نۆیەم ٢٠١٩/١٠/٦**

١- رۆژی یەك شەممە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لەکاتی راگەیاندنی هێڵەگشتییەکانی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی بۆ کارکردن لەسەری بە پلانی وەزارەتەکانەوە، لە کابینەی نۆیەم راگەیاند: کە بۆ وەرزی نوێی قانوندانان لە پەرلەمانی کوردستان، هەشت پڕۆژەی قانون ئامادەن کە لە پێشی هەموویانەوە قانونی چاکسازیی لە مووچە و جیاوك (امتیازات) و دەرماڵەکانە.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی روسیا کرد.

٣- وەزیری هەرێم، خالید شوانی، رایگەیاند: ناکرێت لەم دۆخەدا کە دۆخی راستەقینەی کەرکوك نییە سەرژمێریی بکرێت.

٣- وەزیری تەندروستی هەرێم، د.سامان بەرزنجی، لە هەولێر لە رۆژی جیهانی ئیفیجی منداڵاندا وتارێکی پێشکەشکرد، لە وتارەکەدا وتی: نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵان فشارێکی زۆر لەسەر خێزان دروستدەکات و خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ گرنگیی زۆر بەم نەخۆشییە دەدرێت.

**نەوەتهەمین رۆژ ٢٠١٩/١٠/٧**

١- بە سەرپەرشتی سەرۆکی حکومەت مەسرور بارزانی و ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشی نێوان پەرلەمانی کوردستان و حکومەت لە هەولێر بەڕێوەچوو، لە کۆبوونەوەکەدا گرنگیی قانونی چاکسازیی و پەسەندکردنی قانونەکە لە بەرژەوەندی گشتیی باسکراوە.

٢- کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بەسەرپەرشتی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت بەڕێوەچوو، سەرەتا محەمەد شوکری، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان لە راپۆرتێکدا زانیاری سەبارەت بە دۆخی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو، دواتر سەرۆکی حکومەت رایگەیاند: کە پێویستە پرۆسەی وەبەرهێنان بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو رێکبخرێتەوە.

٣- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە برۆنۆ ئۆبێر، باڵیۆزی فەرەنسا لەعێراق کرد، لە دیدارێکدا باسی دوایین گۆڕانکارییەکانی سوریا و عێراقیان کرد.

٤- سەرۆکی حکومەتی هەرێم مەسرور بارزانی، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆکی حکومەت پێشوازی لە سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی روسیا کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا کە ژمارەیەك وەزیری حکومەتی هەرێم و شاندی یاوەری سێرگی لاڤرۆڤ، ئامادەبوون باسی چەند تەوەرێك کرا، وەك: پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و بواری وەبەرهێنان و دۆخی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە.

٥- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێم، د.ئارام محەمەد قادر، لە شاری سلێمانی و لە کۆنفرانسی پڕۆژەی تایگرس (بەرەو بنیاتنانی ستراتیژی بۆ خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان - عێراق) دا وتارێکی پێشکەشکرد و لە

وتارەکەدا ئاماژەی بە رەهەندی بە نێودەوڵەتیکردنی زانکۆکانی کوردستاندا کە یەکێکە لە خاڵەکانی کارنامەی وەزارەت لە کابینەی نۆیەمدا.

٦- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان، د.پشتیوان سادق، لەهەولێر لەگەڵ سەرۆك و دەستەی کارگێڕیی و ئەندامانی کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان کۆبویەوە، لە کۆبوونەوەکەدا باسی پێداچوونەوە بە بەڕێوەچوونی پرسەدا کراوە.

٧- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم، ساسان عەونی، لە هەولێر لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرۆك شارەوانییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی هەولێر کۆبوویەوە، کۆبوونەوەکە بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون بوو لە کێشە و کەموکورتییەکان.

٨- وەزیری کارەبای هەرێم، ئەندازیار کەمال محەمەد، لە هەولێر لەگەڵ کۆمپانیای سەرسەنگ، بۆ مەبەستی دانانی محاویلەیەکی ١١/٣٣ کەی ڤی، قەبارە MVA١٦، بەبڕی ٣٣٢ ملیۆن و ٨٥٠ هەزار دینار گرێبەستێکی واژۆکرد، مەبەستی دانانی محاویەلەکە لابردنی بار گرانییە لەسەر وێستگەی چۆمان، بڕیارە پرۆژەکە لە ١٢٠ رۆژدا تەواو بکرێت.

**رۆژی نەوەت و یەکەم ٢٠١٩/١٠/٨**

١- وەزیری خوێندنی باڵا و نوێژینەوەی زانستیی، د.ئارام محەمەد قادر، لەبارە وەرگرتنی خوێندکارانی ١٢ی ئامادەیی لە زانکۆکانی هەرێم، رایگەیاند: ٤١ هەزار و ٨٣٣ خوێندکار لە هەرێمی کوردستان لە هەرسێ جۆر خوێندنی خۆڕایی-بەیانیان، بە پارەش لە ئێواران، پارالێڵ وەرگیراون.

٢- وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێم، د. دارا رەشید، پێشوازی لە د. ئەنساری، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ کاروباری ئابووری و شاندێکی کونسوڵگەری

ئێران لە هەولێر کرد، لەو دیدارەدا باسی پەیوەندییە ئابووری و بازگانییەکانی هەردوولا کرا.

٣- حکومەتی هەرێم، راگەیاندنێکی لەبارەی دۆخی رۆژئاوای کوردستان بڵاوکردەوە و لە راگەیاندنەکەدا دوو دڵیی حکومەتی هەرێمی لە بارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچە هێمن و ئاسایشییەکان خستۆتەڕوو، لە هەمانکاتدا داوا لە حکومەتی تورکیا دەکات خۆی لەهەر کردەیەکی سەربازیی کە ببێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی داعش بەدوور بگرێت.

**رۆژی نەوەت و دووهەم ٢٠١٩/١٠/٩**

١- کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، لە کۆبوونەوەکەد باسی دۆخی خۆپیشاندانەکانی عێراق و بارودۆخی سوریا کراوە، هاوکات باسی سەردانە گرنگەکەی وەزیری دەرەوەی روسیا کراوە.

سەبارەت بە دۆخی عێراق، حکومەتی هەرێم، پشتیوانی داوای قانونی و خۆپیشاندانی هێمنانەی کردووە و پشتیوانی خۆیشی بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق د.عادل عەبدولمەهدی، دەربڕیوە، لە بارەی دۆخی سوریا و کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێرشی تورکیاوە، حکومەت داوای چارەسەری کێشەکان بەڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆ دەکات.

هەر لەو کۆبوونەوەدا وەزیری ناوخۆ راپۆرتێکی لە بارەی ئەگەری هاتنی ئاوارەی رۆژئاوای کوردستان بۆ باشووری کوردستان خستۆتە بەردەم ئەنجومەن و باسی ئامادەکاریی پێشوەختەی کردووە.

دواتریش ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی راپۆرتێکی تایبەت بە کاروباری کرێکاران و خانەنشینان کردووە کە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کردووە.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە د. فواد مەعسوم، سەرۆك کۆماری پێشوی عێراق کرد، لە دیدارێکدا د. فواد مەعسوم، دوای پیرۆزبایی و دەربڕینی پشتیوانی خۆی بۆ کابینە نۆیەم، وتی: پێویستە هەرێمی کوردستان، رۆڵی خۆی لە هێورکردنەوەی دۆخی عێراقدا بگێڕێت.

٣- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د. پشتیوان سادق، لە ڤاتیکان لە لایەن پیترۆ پارۆلین، سەرۆك وەزیرانەوە پێشوازیان لێکرا و ستایشی هەرێمی کوردستان لە بواری پێکەوە ژیان کرا دواتر وەزیری ئەوقافی هەرێم، لە بۆنەیەکی گشتیدا چاویان بە پاپای ڤاتیکان کەوت.

٤- وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسی هاوڵاتیان، هێڵێکی پەیوەندی تەلەفۆنیی، بەناوی "هێڵی گەرم بە ژمارە ٠٧٥٠٢٦٣٥٨٥٨ " دادەنێت کە هەر هاوڵاتییەك لە سەعات ٨ ی بەیانی بۆ ٣ی دوانیوەڕۆ، لە رۆژانی دەوامی فەرمیی دەتوانێت پەیوەندی بکات و هەر زانیاریی و بەدواداچونێکی پێویست بێت، وەڵامی دەدەنەوە.

**رۆژی نەوەت و سێیەم ٢٠١٩/١٠/١٠**

١- رۆژی پێنج شەممە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، لە رێوڕەسمی خوولی ٣٨ هەمینی دەرچووانی زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر رایگەیاند: شەڕ و گۆڕانکاریی دیمۆگرافی بەرە و ئاشتیمان نابەن. لە وتارەکەیدا سەرۆکی حکومەت، لەبارەی دۆخی رۆژئاوای کوردستان و هێرشی تورکیا بۆسەر خاکەکەی، وتی: ئێمە دوودڵین و دژی هەر جۆرە توندوتیژییەکین.

٢- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، بێگەرد تاڵەبانی، لە هەلێر سەردانی عەلوەی هاوچەرخی هەولێر و بازاڕی سەوزە و میوەی بەسەرکردەوە.

٣- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم، د.پشتیوان سادق، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان و جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتالیادا کۆبوونەوەیان کردووە.

**رۆژی نەوەت و چوارەم ٢٠١٩/١٠/١١**

١- رۆژی هەینی لە هەرێمی کوردستان پشوی فەڕمییە، هیچ شتێکی وا نەبووە تۆمار بکرێت.

**رۆژی نەوەت و پێنجەم ٢٠١٩/١٠/١٢**

١- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، لە پەیامێکدا بە بۆنەی هێرشی تورکیا بۆ سەر خاکی رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند: ئیرادەی کورد بەهیچ هێزێك تێکناشکێنرێت، جێگری سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەداوە کە: پێوستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێرش بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان رابگرێت، چونکە جگە لە شەڕ و ماڵوێرانی و ئاوارەیی هیچی تری لێبەرهەم نایەت، تەنها خزمەتکردنە بە داعش کە دوژمنی هاوبەشی هەموو دنیایە.

**رۆژی نەوەت و شەشەم ٢٠١٩/١٠/١٣**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە هەولێر پێشوازی لە ئەحمەد عاسی ئەلجەربا، سەرۆکی رەوتی ئەلغەدی سوریا کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا باس لە رەوشی سوریا و دۆخی رۆژئاواوی کوردستان کرا.
٢- جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی، پێشوازی لە پارێزگاری هەڵەبجە، ئازاد تۆفیق و جێگری پارێزگار، کاوە عەلی و نوخشە ناسیح، قایمقامی هەڵەبجە کرد و وتی: وەك و حکومەت گرنگیی زیاتر بە پڕۆژەکانی هەڵەبجە دەدەین.

٣- وەزیری پێشمەرگەی هەرێم. شۆرش ئیسماعیل، سەردانی بەغدادی پایتەختی کرد و لەلایەن د. بەرهەم سەرۆکۆماری عێراق پێشوازی لێکراوە و باسی هاوئاهەنگی نێوان هەرێم و بەغداد لە بواری ئاسایش کراوە و دواتر لەلایەن نەجاح شەمەری، وەزیری بەرگریی عێراق کۆبوونەوەیان کردووە و باسی هێرشی تورکیا بۆ سەر سوریا کراوە.

٤- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، ساسان عەونی، لە هەولێر پێشوازی لە ئازاد تۆفیق، پارێزگاری هەڵەبجەو شاندی یاوەری کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا باسی رەوشی خزمەتگوزاریی پارێزگەکە کرا.

٥- وەزیری تەندروستی هەرێم، د. سامان بەرزنجی، سەردانی نەخۆشخانەی ئافرەتان و منداڵبوونیی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی نەخۆشخانەکە کۆبووەوە.

**رۆژی نەوەت و حەوتەم ٢٠١٩/١٠/١٤**

١- جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی، نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، دوناڵد ترەمپ، لە بارەی بڕیاردانی بە کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە رۆژئاوای کوردستان، کرد، لەو نامەیەدا قوباد تاڵەبانی، کە لە کۆنفرانسی (هەرێمی کوردستان و ئەمریکا، هاوبەشیکردن بۆ ئاشتی و سەقامگیریی)دا رووی لە میوانە ئەمریکییەکان کە کونسوڵ و نوێنەری ژمارەیەك کۆمپانیای ئەمریکایی ئامادەبوون، کرد، وتی: هیوادارم نامەکەم بە سەرۆك ترەمپ، بگەیەنن، لە نامەکەیدا کە بە وتار خوێندیەوە هاتبوو کە؛ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە رۆژئاوای کوردستان دەبێتە هۆی شەڕ و کوشتن و ستەم لە گەلی کورد و گەلانی ناوچەکە و بەهێزبوونی دوژمنەکانی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا.

٢- وەزیری پ.م هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل و شاندی یاوەری سەردانی بەغدادیان کرد و لەگەڵ وەزیری بەرگری عێراق کۆبووونەوە و لە کۆبوونەوەکەدا باسی شایستە داراییەکانی هێزی پ.م کراوە.
٣- بە ئامادەبونی وەزیری پ.م ی هەرێم شۆڕش ئیسماعیل و کونسوڵی وڵاتانی؛ ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و جێگری کونسوڵی هۆڵەندا، سەنتەری زمان بۆ پێشمەرگە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی لە وەزارەت لە شاری هەولێر کرایەوە. سەنتەرەکە تایبەتە بە فێرکردنی کادری هێزی پ.م ی کوردستان بۆ زمانە بیانییەکان کە رۆڵی دەبێت لە گەشەپێدانی پەیوەندی و راهێنانی نێوان پ.م و هێزە بیانییەکان.
٤- وەزیری پلاندانانی هەرێم، د. دارا رەشید، لە کۆبوونەوەی لیژی تایبەت بە سەرژمێریدا، وتی: نابێت سەر ژمێریی وەك مەبەستی سیاسیی بەکاربهێنرێت.
٥- وەزیری خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی، د.ئارام محەمەد قادر، سەردانی زانکۆی سەڵاحەدینی لە هەولێر کرد و پرۆسەی تۆمارکردنی قوتابیانی لەو زانکۆیە بەسەر کردەوە و رۆڵی زانکۆی سەڵاحەدینی بەرز نرخاند.
٦- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم بڕیارێکی تایبەت بەو کەسانە دەرکرد کە ئۆتۆمبێل لە دەرەوەی هەرێم دەهێنن و رایگەیاند: کە پێویستە سەرجەم کۆمپانیاکان پابەندی ئەو مەرجانە بن کە بۆیان دانراوە و بە پێچەوانەوە غەرامە دەکرێن. وەزارەتی ناوخۆ دەڵێت: پێویستە هەر ئوتۆمبێلێك کە هاوردە دەکرێت بڕوانامەی COCی هەبێت.

**رۆژی نەوەت و هەشتەم ٢٠١٩/١٠/١٥**

١- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، پێشوازی لە شاندێکی سەربازیی بەریتانی، بە سەرۆکایەتی سێر جۆن لوریمر، گەورە

راوێژکاری وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، کرد، لە کۆبوونەوەکەدا کونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر ئامادەبوو.

لە کۆبوونەوەکەدا باسی دوا رووداو و پێشهاتەکانی سوریا و عێراق کراوە و تێیدا باسی چارەسەری ئاشتیانە و گفتوگۆ کراوە، شاندەکە پەسنی باشکردنی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدادی کردووە و باسی چاکسازییەکانی حکومەتیش کراوە بە تایبەت لە هێزی پ.م.

٢- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، پێشوازی لە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی بزنسی ئەمریکا/ کوردستان کرد، کە لە نوێنەری ژمارەیەك کۆمپانیای ئەمریکی پێکهاتبوون، لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا بەشداربوو و تێیدا باسی گەشەپێدانی پەیوەندیی بازرگانی نێوان هەردوولا کرا.

٣- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، پێشوازی لە دەیڤد شنکەر، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەکات، لە کۆبوونەوەیەکدا باسی گۆڕانکارییەکانی سوریا وعێراق کرا.

٤- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێم، بڕیاری داشکاندنی کرێی خوێندنی بە رێژەی لەسەدا ٢٥% لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەرکرد.

**رۆژی نەوەت و نۆیەم ٢٠١٩/١٠/١٦**

١- کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونوەکەدا بە گوێرەی پێگی فەرمی حکومەت gov.krd ئەم تەوەرانە باسکراون:

ا- دامەزراندنی "سێ یەکەمەکان"ی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کە ساڵی٢٠١٥-٢٠١٦ی لە زانکۆکان بەئاستی یەکەم دەرچوون.

ب- له كۆبوونەوەكەدا وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی، پڕۆژەیەكی له بارەی بازاڕگەریی بۆ بەرهەمی ناوخۆیی و بەتایبەت گەنم خستەڕوو، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، ئاماژەی به گرنگیی كەرتی كشتوكاڵ داو كه یەكێكه له كاره یەكەمینەكانی كابینەی نۆیەم.

ج- له كۆبوونەوەكەدا، وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم، كەمال موسلیم، باسی له گرفتەكانی بەردەم كاری وەزارەتەكەی كرد و لایەنه بەرپرسەكان راسپێردران بۆ نەهێشتنی بەربەستەكان.

د- وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، د.ڤالا فەرید، پوختەیەكی له بارەی قانونی ماده بێهۆشكەرەكان خستەڕوو، هەر له كۆبوونەوەكەدا بڕیاردرا كه وەزارەته پەیوەندیدارەكان تێبینیەكانی خۆیان له زووترین كاتدا لەو بارەیەوە بنێرنه پەرلەمانی كوردستان.

**سەدهەمین رۆژ ٢٠١٩/١٠/١٧**

١- وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، جان ئیف لۆدریان، سەردانی هەولێری كرد و لەلایەن جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی، له فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر پێشوازیلێكرا و دواتر له گەڵ سەرۆكی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی به ئامادەبوونی جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی، كۆبوونەوەیان كرد و له كۆبوونەوەكەدا باسی گرژییەكانی سوریا و مەترسی بەشداریكردنی گروپه چەكدارەكانی له هێرشكردنه سەر رۆژئاوای كوردستان لەلایەن سەرۆكی هەرێمه خراوەتەڕوو.

٢- سەرۆكی حكومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، له دهۆك بەردی بناغەی پڕۆژەی ئەندەر پاسەكانی شەقامی بارزان-ی له دهۆك دانا. سەرۆكی حكومەت له وتارێكدا وتی: لەكابینەی نوێدا گرنگی زۆر به ئاوەدانی و بەهێزكردنی سەرخان

و ژێرخانی هەرێم دەدەین و لەمبوارەشدا رەزامەندیمان، لەسەر خەرجکردنی بڕی ٥٠٠ ملیار دینار داوە کە بە چەند قۆناغێك لە کوردستان بۆ چەند پرۆژەیەك خەرجدەکرێن کە بەکۆی گشتی زیاتر لە ٢٠٠ پرۆژە دەبن، کە چەندین پرۆژەی ستراتیژی وەك رێگەو بان و سایلۆ و قوتابخانە و ... تێدایە.

٢- شەپۆلی نوێی ئاوارە و پەنابەر، بۆ هەرێمی کوردستان، سەرۆکی ئەنجومەنی پەنابەران حاجی عەفرینی رایگەیاندووە، بەهۆی هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان ٣١٠٠ ئاوارە لە سنووری رۆژئاواوە هاتونەتە کەمپەکانی دهۆك و هەولێر.

## ئەنجام:

لە دوای ژماردنی رۆژ بە رۆژی ١٠٠رۆژی یەکەمی تەمەنی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەیشتینە چەند ئەنجامێك، وەك:

١- نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ١٠ی/٢٠١٩/٧ لە دانیشتنی ژمارە ١٣ی پەرلەمانی کوردستان، متمانەی وەرگرت و لە ١٧ی ٢٠١٩/١٠ ماوەی ١٠٠ رۆژ لە تەمەنی کابینەکە تەواو بوو. وەك پێشتر روونمانکردەوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم ماوەی ١٠٠ رۆژی تەمەنی یەکەمی حکومەتی بە ١٢/٤ هەژمارکردووە، ئەمەش لەڕووی تۆماری کارەکانی حکومەتەوە چەند گرفتێکی دروستکردووە، وەك:

أ- جیاوازیی لە نێوان راپۆرتی کۆتایی ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەت کە لەلایەن حکومەتەوە بڵاوکراوەتەوە و تۆماری کارەکانی حکومەت لە بڵاوکراوەکانی دیکەدا کە هەیە بە گوێرەی ئەو ماوە قانونی و راستەی کە ١٠٠ رۆژی دوای متمانە وەرگرتنی حکومەت کە پێویستە بنەمای کارنامەکەی تێدا جێبەجێبکات.

ب- حکومەتی هەرێم، لە راپۆرتی وردەکاریی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەتدا، روماڵیی سەرجەم کارە رۆژانەیی و ئاساییەکانی وەزارەت و دەزگەکانی نەبەستراو بە وەزارەتی کردووە، کە لەڕاستیدا ئەمە ناچێتە ناو چوارچێوەی مەبەستی ئەم نووسینە و کولتووری هەڵسەنگاندنی ١٠٠ رۆژەی یەکەمی تەمەنی حکومەت، چونکە لەمجۆرە نووسینانەدا جەخت لەسەر؛ کارنامەی پەسەندکراوی لایەنی پێکهێنەری حکومەت بەرامبەر کارەکانی حکومەت لەو ١٠٠ رۆژەدا، وەك بنەمای دەرخستنی (لەیزین – اداء) ی حکومەت و نیەتی

جێبەجێکردنی کارنامەکەیدا دەکرێت، واتە چی نوێی پێیە؟ کارنامەی حکومەتی نوێ چی دەگۆڕێت؟

بۆیە لێرەدا بە پابەندبوون لەسەر ئەو نەریتە و لەبەر رۆشنایی هێڵە گشتییەکانی کارنامەکەی پەسەندکراوی نۆیەمین کابینەدا، پوختەی ئەنجامی ١٠٠ رۆژی تەمەنی یەکەمی حکومەت دەخەینەڕوو، لێرەدا گرنگە کە ئاماژە بە شتێك بکەین، ئەویش ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان لەکاتی متمانەدان بە حکومەت تەنها هێڵەگشتییەکانی کارنامەکەی لەبەردەستدا بوو، نەك وردەکاریی و میکانیزمی جێبەجێکردنی کارنامەکە.

هێڵە گشتیەکان بریتین لە:"چاکسازیی، خزمەتگوزاریی، پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، ئازادی و دیموکراسیی و پێکەوەژیان، پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئابووری و دارایی، ئاستی کارگێڕیی. شیاوی باسە ئەم حەوت ناونیشانە وەك سەرناونیشانی هێڵە گشتییەکان دیاریکرابوو، بەڵام دواتر حکومەت لە ژێر پێنج ناونیشانی دیکەدا لە پێگەی فەرمیی خۆی ئامانجەکانی کابینەی نۆیەمی دیاریکردووە، ئەمەش لێکدژیی و تێکەڵاوییەك لەکاتی کارکردن بۆ نووسەر و توێژەران دروستدەکات کە نازانرێت ئایا حکومەت ئەولەوییەت بەکام بڕگەیان دەدات.

بۆنمونە لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکوممەتی هەرێم، هیچ ناونیشانێکی لەبارەی "حوکمڕانیی باش" تێدا نییە، بەڵام لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەت یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی حکومەت لە ژێر ئەم ناونیشانەدا دانراوە.

کارەکانی حکومەت، هەمەجۆر و فرە لایەنە، بە جۆرێك کە دەستتێوەردان و بەرپرسیارێتی حکومەت لە فرۆشگەی قوتابخانەکانەوە کە پڕۆژەیەکی بچووکی ئابوورییە هەتا پاراستنی سنوور و پرسە نیشتمانییەکان دەگرێتەوە، بۆیە

لەماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی تەمەنی حکومەتدا ئەوەی کە بە واقیعی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بینراوە لەوخاڵانەی سەرەوە کە تۆمارکراون و ئاماژەمان پێداوە دیارن، لەگەڵ بوونی هەندێ کێشە، ڕووداو، کۆت و بەند و ئاڵنگاریی (تحدی) کە بەربەست بوون لەبەردەم حکومەتدا، وەك:

١- کێشەکان:

- هەڕەشەی داعش لەسەر سنوورەکانی ناوچە کێشە لەسەرەکان و بوونی شەهید و بریندار لەناو هێزی.پ.م.

- قەرزاریی زۆری حکومەت.

- بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی وەك: تورکیا و ئێرانەوە بەشێوەیەکی بەردەوام.

٢- ئاڵنگارییەکان:

- خۆپیشاندانەکانی عێراق.

- کێشەی ناوخۆیی هەرێم و نەبوونی یەکدەنگیی لە ناو پەرلەمانی کوردستان.

- هاتنی شەپۆلی نوێی پەنابەر بۆ ناو هەرێمی کوردستان بەهۆی هێرشی داگیرکاریی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

- دەرچوواندنی قانونی بەڕێوەبردنی دارایی عێراق کە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم.

- هەمواری نوێی قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگەکانی عێراق.

٣- ڕووداوەکان:

- کوشتنی کارمەندێکی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر.

- ڕێگرتن لە ئەندام مەکتەب سیاسییەکی ی.ن.ك بۆ چوونە ناو شاری هەولێر.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە:

- نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی تەمەنیدا، ١٠ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەنجامداوە.

- یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمە کە لە دوای دەستبەرکاربوونی بە پێنج رۆژ، سەرۆك و جێگر و شاندێکی حکومەت سەردانی بەغدای پایتەختی عێراقی کردبێت.

- یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمە کە وەزیرێکی بۆ گفتوگۆ بۆ پرسەکانی نێوان هەرێم و عێراق دانابێت.

**راسپاردەکان:**

هەر کارێکی زانستی، لە کەموکورتیی و دەستنەگەیشتن بە هەموو لایەنەکانی تری پەیوەست بە زانیارییەکانی بەردەکەوێت و کاری هاوبەش و ئەرکی کەسانی دیکە وادەکەن وێنە گەورەکە بە جوانتر ببینرێت و کاری تاکەکەس ناتوانێت سەرجەم لایەنە تاریکەکان رۆشنبکاتەوە، بۆیە بۆ باشترکردنی ناوەڕۆك و مەبەستی ئەم توێژینەوەیە چەند راسپاردەیەك هەم بۆ حکومەت و هەم بۆ توێژەرانی دیکە دەخەینەروو:

**یەکەم: بۆ حکومەت**

١- وا باشترە کە گروپی نووسینی کارنامەی حکومەت، کەسانی شارەزا و فرەپسپۆڕیی بن و رەچاوی توانا مرۆیی و مادییەکانی بەردەستی حکومەت و بارودۆخی سیاسی و پێگەی حکومەت لە ئاست ناوچەکەو پرسی نەتەوەکەیدا لەبەرچاو بگرن.

٢- واباشترە لە نووسینی کارنامەی حکومەتدا رەچاوی باری کولتوری و زەمینەی پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵك و کاریگەریی بارو دۆخی سیاسیی جیهانی و ناوچەیی بکرێت.

٣- وا باشترە کە پابەندبوون بە کات لە ناو کارنامەدا دیاربێت، تا بەرپرسیارێتی لایەنی بەرپرس ون نەبێت.

٤- وا باشترە کە کارنامەی حکومەت، لە ناواخندا رەچاوی باری ناکاو بکات و سەرەتاکانی پلانێکی دیکە (پلان بی) لە کارنامەدا جێی بکرێتەوە.

٥- وا باشترە کە حکومەت خۆی دەزگەیەك بۆ تۆمار و بڵاوکردنەوە و پاراستنی کارە حکومییەکان (الأعمال الحکومیة) دابمەزرێنێت و سەرجەم بەڵگەکانی کارە حکومییەکان تۆماربکات.

**دووەم: بۆ توێژەران**

١- دەرخستن و دەرهێنانی زانیاری نوێ لەمبارەوە دەکرێت زۆرتر بکرێت لەرێگەی، توێژینەوە لەسەر بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێنەکردنی نیشاندەرە سەرەکییەکانی ناو کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم.

٢- واباشە کە توێژەرانی دیکە کار لەسەر بەراوردکردنی پێداویستی جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت و توانا بەردەستەکانی حکومەت بکەن.

٣- توێژینەوە لەو بوارە بکرێت کە بزانرێت بۆچی پەرلەمانی کوردستان کە لایەنی متمانە پێدەری حکومەتە هیچ گفتوگۆیەکی کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی نەکردوو لە رێکارەکانی چۆنێتی جێبەجێکردنیشی نەپرسیوەتەوە.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١) پەرلەمانی کوردستان تایبەت بەراسپاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - نۆیەمین کابینە - ٢٠١٩

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
ژمارەی بڕیار: ٧
مێژووی بڕیار: ٢٠١٩/٦/١١

**بڕیار**

پشت بە حوکمی بڕگە (٣)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨)ی رۆژی ٢٠١٩/٦/١١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** ناوزەدکردنی رێزدار (مسرور مسعود مصطفی بارزانی) بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** ئـــەم بڕیـارە لە رۆژی (٢٠١٩/٦/١١) کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان)دا بلاودەکرێتەوە.

د.ڤالا فرید ابراهیم
ســـەرۆکی پەرلەمـــانی
کـــوردســـتـــان ـ عـــیـــراق

## پاشکۆی ژمارە (٢) بڕیاری ژمارە (٩)ی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بەمتمانەدان بەنۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم - ٢٠١٩

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٩**
**مێژووی بڕیار: ٢٠١٩/٧/١٠**

### بڕیار

پشت بە حوکمی بڕگەی (٤)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، ماددەی (شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٠١٩/٧/١٠ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

یەکەم: متمانەدان و بەم بەڕێزانەی کە ناویان لەخوارەوە هاتووە بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی کابینەی وەزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی لە خوارەوە هاتووە:

| | |
|---|---|
| ١ـ مەسرور مسعود مستەفا بارزانی | سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران |
| ٢ـ قوباد جەلال حسام الدین تاڵەبانی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران |
| ٣ـ فەرسەت احمد عبداللە | وەزیری داد |
| ٤ـ شۆرش اسماعیل عبداللە | وەزیری کاروباری پێشمەرگە |
| ٥ـ رێبەر احمد خالد | وەزیری ناوخۆ |
| ٦ـ ئاوات جەناب نوری | وەزیری دارایی و ئابووری |
| ٧ـ سامان حسین محمد بەرزنجی | وەزیری تەندروستی |
| ٨ـ ئالان حەمەسعید صالح | وەزیری پەروەردە |
| ٩ـ دانا عبدالکریم حەمەساڵح | وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن |
| ١٠ـ ساسان عوسمان عەونی | وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار |
| ١١ـ ئارام محمد قادر | وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی |
| ١٢ـ دارا رشید محمود | وەزیری پلاندانان |
| ١٣ـ کوێستان محمد عبداللە | وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ١٤ـ محمد سعید علی | وەزیری روشنبیری و لاوان |
| ١٥ـ عبداللە محمود محمد | وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان |
| ١٦ـ بێگەرد دلشاد شکراللە تاڵەبانی | وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| ١٧ـ کمال موسلیم سعید قەرەنی | وەزیری بازرگانی و پیشەسازی |

١

| | |
|---|---|
| ١٨ـ ئانو جوهر عبدالمسيح | وەزیری گواستنەوە و گەیاندن |
| ١٩ـ پشتیوان صادق عبدالله | وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی |
| ٢٠ـ کمال محمد صالح | وەزیری کارەبا |
| ٢١ـ خالد سلام سعید شوانی | وەزیری هەرێم |
| ٢٢ـ ئایدن معروف سلیم | وەزیری هەرێم |
| ٢٣ـ ڤالا فرید ابراهیم | وەزیری هەرێم |

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی سوێندخواردنی یاساییانەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٠ جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**هێمن احمد حمه صالح**
**(هێمن هەورامی)**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**

# سەرچاوەکانی بەشی یەکەم:

یەکەم: قانون
١- پێگەی پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەم، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٩/٧/٢٧ سەردانیکراوە: https://www.parliament.krd/%D8%AF%DB%95%D8%B1%D8%A8%

دووەم: رۆژنامە
١- وەقایعی کوردستان، ژمارە ٢٣٣، ٢٠١٩/٢/١٨.
٢- وەقایعی کوردستان، ژمارە ٢٣١، ٢٠١٨/١١/٦

سێیەم: ماڵپەڕ
١- مێژووی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەم، پێگەی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٩/٧/٢٧ سەردانیکراوە: https://www.parliament.krd/%D8%AF%DB%95%D8%B1%D8
٢- پێگەی ئەنجوومەنی ناوەندی ی.ن.ك، یەکەمین کۆبوونەوەی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٨/١٠/٢٥ وەرگیراوە:
https://pukcc.net/%DB%8C%D9%87%E2%
٣- سەرچاوە: پێگەی پەرلەمانی کوردستان مێژووی هەلبژاردنی خوولی پێنجەم، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٩/١٠/٢٦ وەرگیراوە: https://www.parliament.krd/%D8%AF%DB%95%D8%B1%D8%A
٤- ئارێز عەبدوڵڵا، پێگەی نیشان پرێس، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ وەرگیراوە: https://nishan.org/%d8%a8%d8%a7-
.
٥- نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان هەلبژێردرا، لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە وەرگیراوە: https://kurdistantv.net/ku/2019/05/28/kurdistan/%D8%B3%D9%87%E2%8.

چوارەم: تەلەفزیۆن
١- کەناڵی تەلەفزیۆنی NRT لە 16/4/2019 وەرگیراوە.

# سەرچاوەکانی بەشی دووەم:

یەکەم: کتێب
١- د. کمال المنوفی، اصول النظم الساسیة المقارنة، کویت، شرکة الربیعان للنشر والتوزیع، ١٩٨٧.

دووەم: نامەی ماستەری بڵاونەکراوە
١- سامان ساڵح، فراوانبوونی دەزگەکانی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە هۆکار و دەرەنجام، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە کارگێڕیی و رامیارییەکان، زانکۆی چەرموو، ٢٠١٦.

سێیەم: ماڵپەڕ و سەرچاوەی ئەلیکترۆنیی
١- عادل عەبدولمەهدی، کارنامەی کابینەی حکومەت، شوباتی ٢٠١٩، لەسەر ئەم بەستەرە: www.pmo.iq › pdf › program19-22
٢- هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەت، لە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بەستەری خوارەوە:
https://gov.krd/government/agenda/
٣- شادي الخطیب، ارید معرفة کل ما یتعلق بمؤشر قیاس الأداء الرئیسي، لە پێگەی ادارة کوم، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە:
https://edara.com/Consultation/Details
٤ - د. مجید الکرخی، مؤشرات الأداء، علی الرابط التالی:
https://www.slideshare.net/moslemelmasry/ss-45986094
٥- دەقی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەماڵپەڕی سەرەکی حکومەت وەرگیراوە:
https://gov.krd/government/agenda/

# سەرچاوەکانی بەشی سێیەم:

**یەکەم: رۆژنامە**

**- کوردستانی نوێ**


١. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٢٠ ی ٢٠١٩/٧/٢٤.
٢. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٢٣ ی ٢٠١٩/٧/٢٨.
٣. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٢٦ ی ٢٠١٩/٧/٣١.
٤. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٢٨ ی ٢٠١٩/٨/١.
٥. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٣١ ی ٢٠١٩/٨/٦.
٦. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٣١ ی ٢٠١٩/٨/٦.
٧. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٣٣ ی ٢٠١٩/٨/٨.
٨. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٣٧ ی ٢٠١٩/٨/٢٠.
٩. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٣٨ ی ٢٠١٨/٨/٢١.
١٠. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٣٩ ی ٢٠١٩/٨/٢٢.
١١. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٤٤ ی ٢٠١٩/٨/٢٨.
١٢. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٤٨ ی ٢٠١٩/٩/٢.
١٣. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٥٠ ی ٢٠١٩/٩/٤.
١٤. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٥١ ی ٢٠١٩/٩/٥.
١٥. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٥٣ ی ٢٠١٩/٩/٨.
١٦. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٥٥ ی ٢٠١٩/٩/١٠.
١٧. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٥٦ ی ٢٠١٩/٩/١٢.
١٨. کوردستانی نوێ، ژمارە ١٩٥٩ ی ٢٠١٩/٩/١٥.
١٩. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٦٢ ی ٢٠١٩/٩/١٨.
٢٠. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٦٣ ی ٢٠١٩/٩/١٩.
٢١. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٦٨ ی ٢٠١٩/٩/٢٥.
٢٢. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٧٤ ی ٢٠١٩/١٠/٢.
٢٣. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٧٣ ی ٢٠١٩/١٠/١.
٢٤. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٧٥ی ٢٠١٩/١٠/٣.
٢٥. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٧٧ ی ٢٠١٩/١٠/٦.

٢٦. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٨٠ ی ٢٠١٩/١٠/٩.
٢٧. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٨٢ ی ٢٠١٩/١٠/١٣.
٢٨. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٨٤ ی ٢٠١٩/١٠/١٤.
٢٩. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٩٨٥ ی ٢٠١٩/١٠/١٥.

**- رۆژنامەی خەبات مانگی ٢٠١٩/٧**

١. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٩
٢. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/١١
٣. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/١٤
٤. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/١٥
٥. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/١٦
٦. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٢١
٧. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٢٢
٨. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٢٣
٩. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٢٤
١٠. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٢٥
١١. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٢٨
١٢. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٢٩
١٣. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٣٠
١٤. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٧/٣١

مانگی ٢٠١٩/٨

١٥. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٤
١٦. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٦
١٧. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٧
١٨. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٨
١٩. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/١٨
٢٠. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/١٩
٢١. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٢٠

٢٢. رۆژنامەی خەبات،٢٠١٩/٨/٢١
٢٣. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٢٢
٢٤. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٢٥
٢٥. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٢٦
٢٦. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٢٧
٢٧. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٢٨
٢٨. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٨/٢٩

مانگی ٢٠١٩/٩

٢٩. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/١
٣٠. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٢
٣١. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٣
٣٢. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٤
٣٣. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٥
٣٤. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٨
٣٥. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/١٠
٣٦. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/١١
٣٧. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/١٢
٣٨. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/١٥
٣٩. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/١٧
٤٠. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/١٩
٤١. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٢٢
٤٢. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٢٣
٤٣. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٢٤
٤٤. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٢٥
٤٥. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٢٦
٤٦. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٢٩
٤٧. رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/٩/٣٠

مانگی ٢٠١٩/١٠

٤٨.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/١
٤٩.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/٢
٥٠.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/٣
٥١.	رۆژنامەی خەبات،٢٠١٩/١٠/٦
٥٢.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/٧
٥٣.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/٨
٥٤.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/٩
٥٥.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/١٠
٥٦.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/١٣
٥٧.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/١٤
٥٨.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/١٥
٥٩.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/١٦
٦٠.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/١٧
٦١.	رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٩/١٠/٢٠

**دووەم: بڵاو كراوە، الأنصات المركزى، ئينسات ئەلمەركەزيى**

**١-	الأنصات المركزي ژمارە ٧١٥٤ لە ( ٢٠١٩/٧/١١)**

**٢-	الأنصات المركزي ژمارە ٧١٣٤ لە (٢٠١٩/٧/١٤) (لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەم كە دەبوو ئينسات ئەلمەركەزى ژمارە ٧١٥٥ بوايە چونكە بە گوێرەی زنجيرەكە دەبێت وابێت، بەڵام لەسەر ئينسات خۆی ٧١٣٤ نووسراوە و ئێمەش هەمان ژمارەمان نووسييەوە، بەڵام ئەم تێبينيەمان لەگەڵدا نووسی تا بۆ ئەوانيش و خۆيشمان سوودی هەبێت)**

**٣-	الأنصات المركزي ژمارە ٧١٥٦ لە (٢٠١٩/٧/١٥)**

**٤-	الأنصات المركزي ژمارە٧١٥٧ لە (٢٠١٩/٧/١٦)**

**٥-	الأنصات المركزي ژمارە ٧١٥٨ لە (٢٠١٩/٧/١٧)**

**٦-	الأنصات المركزي ژمارە ٧١٥٩ لە (٢٠١٩/٧/١٨)**

**٧-	الأنصات المركزي ژمارە ٧١٦١ لە (٢٠١٩/٧/٢٢)**

**٨-	الأنصات المركزي ژمارە ٧١٦٢ لە (٢٠١٩/٧/٢٣)**

٩-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٦٣ له (٢٠١٩/٧/٢٤)
١٠-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٦٤ له (٢٠١٩/٧/٢٥)
١١-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٦٥ له (٢٠١٩/٧/٢٨)
١٢-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٦٦ له (٢٠١٩/٧/٢٩)
١٣-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٦٨ له (٢٠١٩/٧/٣١)
١٤-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٧٠ له ( ٢٠١٩/٨/٤)
١٥-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٧١ له (٢٠١٩/٨/٥)
١٦-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٧٥ له (٢٠١٩/٨/١٨)
١٧-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٧٧ له (٢٠١٩/٨/٢٠)
١٨-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٧٩ له (٢٠١٩/٨/٢٢)
١٩-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٨٠ له (٢٠١٩/٨/٢٥)
٢٠-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٨٢ له ( ٢٠١٩/٨/٢٧)
٢١-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٨٥ له (٢٠١٩/٩/١)
٢٢-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٨٦ له (٢٠١٩/٩/٢)
٢٣-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٨٧ له (٢٠١٩/٩/٣)
٢٤-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٨٩ له (٢٠١٩/٩/٥)
٢٥-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٩٠ له (٢٠١٩/٩/٨)
٢٦-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٩١ له (٢٠١٩/٩/١٠)
٢٧-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٩٢ له (٢٠١٩/٩/١١)
٢٨-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٩٣ له (٢٠١٩/٩/١٢)
٢٩-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٩٥ له (٢٠١٩/٩/١٦)
٣٠-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٩٦ له (٢٠١٩/٩/١٧)
٣١-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٩٨ له (٢٠١٩/٩/١٩)
٣٢-	الأنصات المركزي ژماره ٧١٩٩ له (٢٠١٩/٩/٢٢)
٣٣-	الأنصات المركزي ژماره ٧٢٠٠ له (٢٠١٩/٩/٢٣)

٣٤- الأنصات المركزي ژماره ٧٢٠١ له (٢٠١٩/٩/٢٤)
٣٥- الأنصات المركزي ژماره ٧٢٠٥ له (٢٠١٩/٩/٣٠)
٣٦- الأنصات المركزي ژماره ٧٢٠٧ له (٢٠١٩/١٠/٢)
٣٧- الأنصات المركزي ژماره ٧٢١٠ له (٢٠١٩/١٠/٧)
٣٨- الأنصات المركزي ژماره ٧٢١١ له (٢٠١٩/١٠/٨)
٣٩- الأنصات المركزي ژماره ٧٢١٣ له (٢٠١٩/١٠/١٠)
٤٠- الأنصات المركزي ژماره ٧٢١٤ له (٢٠١٩/١٠/١٣)
٤١- الأنصات المركزي ژماره ٧٢١٥ له (٢٠١٩/١٠/١٤)
٤٢- الأنصات المركزي ژماره ٧٢١٦ له (٢٠١٩/١٠/١٥)
٤٣- لأنصات المركزي ژماره ٧٢١٧ له (٢٠١٩/١٠/١٦)
٤٤- لأنصات المركزي ژماره ٧٢١٨ له (٢٠١٩/١٠/١٧)
٤٥- لأنصات المركزي ژماره ٧٢١٩ له (٢٠١٩/١٠/٢٠)

سێیەم: ماڵپەڕ

١- مالپەڕی پەرلەمانی کوردستان، بڕیاری ژمارە حەوت (٧) لە ٢٠١٩/٦/١١، لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە وەرگیراوە:
https://www.parliament.krd/media/1823.

٢- ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، بڕیارەکان، بڕیاری ژمارە ١٣ی پەرلەمانی کوردستان، عێراق، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.parliament.krd/media/2601.وەرگیراوە

٣- لە پێگەی کەناڵ ٢٤ لەسەر بەستەری خوارەوە لە ٢٠٢٠/٣/٢٣، وەرگیراوە:
www.kurdistan24.net/so/news/.

٤- لە پێگەی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠٢٠/٣/٢٣ لەسەر ئەم بەستەرە، وەرگیراوە:
https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=118024.

چوارەم: نامەی ماستەری بڵاونەکراوە

١- سامان ساڵح، فراوانبوونی دەزگەکانی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە هۆکار و دەرەنجام، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە کارگێڕیی و رامیارییەکان، زانکۆی چەرموو، ٢٠١٦.

# سوپاس:

سەرەتا؛ سوپاس بۆ خودای گەورە و میهرەبان کە توانیم ئەم کارە تەواوبکەم
١- سوپاس بۆ مامۆستا شۆخان، هاوسەرم کە لەم کارەدا یارمەتی زۆریدام.
٢- سوپاس بۆ مامۆستا و برای خۆشەویستم زانا کەریم نەجم، بۆ تێبینی و سەرنج و راوێژو هاوکاریەکانی لەسەر ئەم توێژینەوەیە.

## نووسەری ئەم توێژینەوەیە:

- ناو: سامانساڵح فەرەج، لە دایکبووی شارەدێی عەربەت سەر بە پارێزگەی سلێمانی، لەهەرێمی کوردستان.

- بڕوانامە: ماستەرلە زانستە رامیارییەکان

- تێزی نامەی ماستەر بەناونیشانی: فراوانبوونی دەزگەکانی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە هۆکار و ئەنجامەکان.

ماستەرنامەکە گفتوگۆی فراوانبوونی دەزگەکانی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، هەر لە بەرەی کوردستانییەوە ساڵی ۱۹۹۱ تا کابینەی هەشتەم ۲۰۱۹ دەکات، بە شێوەی زانستیی دەستدەخاتە سەر هۆکار و ئەنجامەکانی فراوانبوونی دەزگە حکومییەکان و کاریگەرییان لەسەر لەیزین و چوستیی حکومەت.

- مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لقی سلێمانی

- ئەندامی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان، بە پلەی راوێژکاری سیاسیی

- راهێنەری پێشکەوتوو "Master Trainer"ی ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی لە پرۆگرامی: "چاکسازیی لە خوێندنی تەکنیکی و راهێنانی پیشەیی" (TVET) لە هەرێمی کوردستان.

- ئەزموونی کاری رێکخراوە ناحکومییەکان لە ساڵی ۲۰۰۸ وە و ئێستا بەڕێوەبەری رێکخراوی کورد-ماد بۆ گەشەپێدانی کولتوری و دیموکراسی‌یە.

Democratic Party (KDP) holds 45 seats, the Patriotic Union of Kurdistan (PUK) 21 seats, and the Gorran (Change) Movement holds 12 seats.
Christian and Turkman minorities' quota at the Parliament is 11 seats, which they have took part in government. The opposition parties occupy 20 seats of which 12 are held by the two Islamic parties: The Kurdistan Islamic Union (KIU) and Kurdistan Islamic Movement (KIM).
During the fifth round of the parliamentary election in Kurdistan, 73% of those who participated in the elections voted for the parties that formed the 9th cabinet of the government. This constitutes 59% of the eligible voters numbering at 1,845,979 voters.
To reach an academic and independent result for this assessment, we have used Key Performance Indicators (KPI)s to measure the effectiveness of government and its commitment to the agenda.
The 9th Cabinet has presented its agenda, during its endorsement by the Kurdistan Parliament. The agenda focuses on seven major areas: reform, services, the relationship between the Kurdistan Regional Government and the Iraqi Federal Government, 'freedom, democracy, and coexistence', Kurdistan's relations at the regional and international level, 'economy and finance' and regulation of the administration. This was a high-level agenda and did not include the mechanism of implementation.
This research has looked at analyzing each section of the agenda to understand if the government was able to work towards what is stated on the agenda.
As a result of classifying the points of the agenda, it is evident that the government has identified 59 indicators for measuring its performance and achieving the goals. As an academic culture, in the political sciences, the first 100 days of the 9th cabinet has been looked at to assess government performance according to its agenda.
After comparing the government work to the points of its agenda, it is evident that the government did not follow the agenda and was not able to perform the tasks that will lead to strengthening Kurdistan.
During the first 100 days of its term, the Government has focused on the public administration reorganization. A focus was on the reorganization of the government institution's working hours and reviewing roles and responsibilities that had been disorganized due to an unpopular salary-saving system.
After the escalation of the problems between the Government of Iraq and KRG, on July 15, 2019, the 9th Cabinet of KRG has opened a new page. Five days after its formation a high-level delegation at Prime Minister level visited Baghdad to show KRG's goodwill and open talks on the disputed topics such as oil and gas, disputed areas, KRGs share in Iraq budget and several other areas. The talks started and several main and subcommittees were formed to follow up on each file.
These developments have witnessed another setback when Mr.Adil Abul Mahdi, as the Iraqi Prime Minister, resigned from its position, after one of its term, under the pressure of the protestors.
This political incident has disturbed the talks and all the disputes between the two sides reemerged. The government of Iraq halted sending the KRG share of budget one more time, which is an unconstitutional political pressure applied by the Iraqi Government against Kurdistan, using oil and gas file as an excuse.
During its first 100 days, the 9th Cabinet of the Kurdistan Regional Government has held 10 Council of Ministries meeting and taken some steps towards employing lecturing teachers, extending the contracts of the medical workers, restoration of roads, lowering the tuition fees and rebuilding new road infrastructure. Also, continued its collaborations with the Coalition Forces and performed several military operations in Kirkuk and Garmian areas.

# The 9th Cabinet of the Kurdistan Regional Government-Iraq
# Introduction, Assessment and Measuring Performance of the First 100 days
# Summary of this research:


This research assesses and discusses the performance of the 9th Cabinet of the Kurdistan Regional Government-Iraq. In the first part, the cabinet and its forming parties is discussed. In the second part, an assessment of the Cabinet Agenda is done to evaluate the performance of the cabinet. To achieve a scientific, methodical and unbiased result Key Performance Indicators (KPI) s used to measure the performance. In the third part, a timeline of the activities of the cabinet during the first 100 days is recorded to enable assessing whether the government has met its agenda objectives, or the agenda is shelved.

The dialogue and negotiations among the political parties of the Kurdistan Region to form the 9th cabinet after the September 30th, 2018 elections was one of the longest government formations since 1992. It took nine months to form the new cabinet and the agreement reached on July 10th, 2019.

Consequently, after such a long time on May 28, 2019, during the sixth seating of the first year, according to the points (5 and 6) of Article number 4 of law No. 1 of 2019, the reactivation of the functions of the Presidency of the Kurdistan Region, was enacted until the constitution is passed. Among five competing candidates, Nechirvan Barzani was voted the President. Out of 81 present members of parliament 68 voted in his favor. After Masoud Barzani was holding the Presidency Position in Kurdistan Region for 12 years, from 2005-2017, Nechirvan Barzani has become the second president of Kurdistan Region in May 2019.

The 9th Cabinet of the Kurdistan Regional Government, was formed and confirmed by the Kurdistan Parliament after gaining majority of votes on July 10, 2019. The government cabinet consists of The Prime Minister, Deputy Prime Minister and 21 Ministers, of which 3 are region Ministers without Ministries.

The political system of Kurdistan region is a Federal System which has a two executive authority layers:

1- The President or the Presidency of the Region.

2- The Prime Minister or the Council of Ministries.

Both layers of authority are considered executive, but the real executive authority exercising authority in and holding responsibility for the governance of the region and accountable in front of Parliament, lies with the Council of Ministries. The Council of Ministries is the direct responsible for executing the public policy of the Kurdistan region and its implementation.

While forming the 9$^{th}$ Cabinet of the Kurdistan Regional Government – Iraq, geographical distribution of the five Governorates of the Southern Kurdistan has been considered through appointing ministers from each of the Governorates: Erbil, Sulaymaniyah, Kirkuk, Duhok and Halabja.

Additionally, minority representation in forming the Cabinet has been considered. Each of Christian and Turkman minority groups hold a ministry and are included in the executive wing. As well as, women represent 13.4% of the Cabinet, in which three ministries are held by woman ministers. This makes the 9$^{th}$ Cabinet the first to hold that number of the executive authorities held by women since 199.

The 9th Cabinet is primarily formed by the top three major political parties and 13 other smaller political party. Out of the 100 seats, the three major parties hold 78 of the seats: the Kurdistan

Democratic Party (KDP) holds 45 seats, the Patriotic Union of Kurdistan (PUK) 21 seats, and the Gorran (Change) Movement holds 12 seats.

Christian and Turkman minorities' quota at the Parliament is 11 seats, which they have took part in government. The opposition parties occupy 20 seats of which 12 are held by the two Islamic parties: The Kurdistan Islamic Union (KIU) and Kurdistan Islamic Movement (KIM).

During the fifth round of the parliamentary election in Kurdistan, 73% of those who participated in the elections voted for the parties that formed the 9th cabinet of the government. This constitutes 59% of the eligible voters numbering at 1,845,979 voters.

To reach an academic and independent result for this assessment, we have used Key Performance Indicators (KPI)s to measure the effectiveness of government and its commitment to the agenda.

The 9th Cabinet has presented its agenda, during its endorsement by the Kurdistan Parliament. The agenda focuses on seven major areas: reform, services, the relationship between the Kurdistan Regional Government and the Iraqi Federal Government, 'freedom, democracy, and coexistence', Kurdistan's relations at the regional and international level, 'economy and finance' and regulation of the administration. This was a high-level agenda and did not include the mechanism of implementation.

This research has looked at analyzing each section of the agenda to understand if the government was able to work towards what is stated on the agenda.

As a result of classifying the points of the agenda, it is evident that the government has identified 59 indicators for measuring its performance and achieving the goals. As an academic culture, in the political sciences, the first 100 days of the 9th cabinet has been looked at to assess government performance according to its agenda.

After comparing the government work to the points of its agenda, it is evident that the government did not follow the agenda and was not able to perform the tasks that will lead to strengthening Kurdistan.

During the first 100 days of its term, the Government has focused on the public administration reorganization. A focus was on the reorganization of the government institution's working hours and reviewing roles and responsibilities that had been disorganized due to an unpopular salary-saving system.

After the escalation of the problems between the Government of Iraq and KRG, on July 15, 2019, the 9th Cabinet of KRG has opened a new page. Five days after its formation a high-level delegation at Prime Minister level visited Baghdad to show KRG's goodwill and open talks on the disputed topics such as oil and gas, disputed areas, KRGs share in Iraq budget and several other areas. The talks started and several main and subcommittees were formed to follow up on each file.

These developments have witnessed another setback when Mr.Adil Abul Mahdi, as the Iraqi Prime Minister, resigned from its position, after one of its term, under the pressure of the protestors.

This political incident has disturbed the talks and all the disputes between the two sides reemerged. The government of Iraq halted sending the KRG share of budget one more time, which is an unconstitutional political pressure applied by the Iraqi Government against Kurdistan, using oil and gas file as an excuse.

During its first 100 days, the 9th Cabinet of the Kurdistan Regional Government has held 10 Council of Ministries meeting and taken some steps towards employing lecturing teachers, extending the contracts of the medical workers, restoration of roads, lowering the tuition fees and rebuilding new road infrastructure. Also, continued its collaborations with the Coalition Forces and performed several military operations in Kirkuk and Garmian areas.

# The 9th Cabinet of the Kurdistan Regional Government-Iraq
# Introduction, Assessment and Measuring Performance of the First 100 days
# Summary of this research:

This research assesses and discusses the performance of the 9th Cabinet of the Kurdistan Regional Government-Iraq. In the first part, the cabinet and its forming parties is discussed. In the second part, an assessment of the Cabinet Agenda is done to evaluate the performance of the cabinet. To achieve a scientific, methodical and unbiased result Key Performance Indicators (KPI) s used to measure the performance. In the third part, a timeline of the activities of the cabinet during the first 100 days is recorded to enable assessing whether the government has met its agenda objectives, or the agenda is shelved.

The dialogue and negotiations among the political parties of the Kurdistan Region to form the 9th cabinet after the September 30th, 2018 elections was one of the longest government formations since 1992. It took nine months to form the new cabinet and the agreement reached on July 10th, 2019.

Consequently, after such a long time on May 28, 2019, during the sixth seating of the first year, according to the points (5 and 6) of Article number 4 of law No. 1 of 2019, the reactivation of the functions of the Presidency of the Kurdistan Region, was enacted until the constitution is passed. Among five competing candidates, Nechirvan Barzani was voted the President. Out of 81 present members of parliament 68 voted in his favor. After Masoud Barzani was holding the Presidency Position in Kurdistan Region for 12 years, from 2005-2017, Nechirvan Barzani has become the second president of Kurdistan Region in May 2019.

The 9th Cabinet of the Kurdistan Regional Government, was formed and confirmed by the Kurdistan Parliament after gaining majority of votes on July 10, 2019. The government cabinet consists of The Prime Minister, Deputy Prime Minister and 21 Ministers, of which 3 are region Ministers without Ministries.

The political system of Kurdistan region is a Federal System which has a two executive authority layers:

1- The President or the Presidency of the Region.
2- The Prime Minister or the Council of Ministries.

Both layers of authority are considered executive, but the real executive authority exercising authority in and holding responsibility for the governance of the region and accountable in front of Parliament, lies with the Council of Ministries. The Council of Ministries is the direct responsible for executing the public policy of the Kurdistan region and its implementation.

While forming the 9$^{th}$ Cabinet of the Kurdistan Regional Government – Iraq, geographical distribution of the five Governorates of the Southern Kurdistan has been considered through appointing ministers from each of the Governorates: Erbil, Sulaymaniyah, Kirkuk, Duhok and Halabja.

Additionally, minority representation in forming the Cabinet has been considered. Each of Christian and Turkman minority groups hold a ministry and are included in the executive wing. As well as, women represent 13.4% of the Cabinet, in which three ministries are held by woman ministers. This makes the 9$^{th}$ Cabinet the first to hold that number of the executive authorities held by women since 199.

The 9th Cabinet is primarily formed by the top three major political parties and 13 other smaller political party. Out of the 100 seats, the three major parties hold 78 of the seats: the Kurdistan

ئەم کتێبە:

ئەم کتێبەی لەبەردەستتدایە، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەتوێژینەوەیەك کە لەرێگەی پرەنسیپی زانستییەوە باسی ماوەیەکی دیاریکراوی کارەکانی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر رۆشنایی کارنامەکەیدا دەکات.

نووسینی کارنامەو پلان یان وەك دەڵێن "پلانی ستراتیژیی"، لەلایەن دەزگە فەڕمییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆتە شتێکی باو و ئاسایی، بەڵام لە کرداردا بەکەمترین شێوە، یان بەهیچ جۆرێك کاری پێناکەن، لەمبارەیەوە نمونەیەك لەو چەند نمونەیەی کە لەناو توێژینەوەکەدایە، دەخەینەڕوو:

لە ١٩٩٢/٧/٤کاتێك یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم دامەزرا، جووتیارانی هەرێمی کوردستان کێشەی ساغ نەبوونەوەی بەرهەمی دانەوێڵە (گەنم و جۆ)یان هەبوو، لەوکاتەدا پەرلەمانی کوردستان لەسەر پرسەکە کۆبوویەوەو بەهۆی سیاسەتی رژێمی بەعس و ئابڵوقەی هەمەلایەنی ئابوری و سیاسی و.... کێشەکە هەروەك خۆی بەچارەسەرنەکراویی مایەوە. ئێستاش کە نۆیەمین کابینەیی حکومەتی هەرێم لەتەموزی ٢٠١٩وە بەرکارە، جووتیاران دیسانەوە کێشە کۆنەکەی ٢٨ساڵ پێش ئێستایان بەچارەسەرنەکراویی ماوەتەوە. لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم لە "کارنامەکەیدا" پلانی بۆ چارەسەرکردنیشی داناوەو ژمارەی سایلۆ و تواناکانی حکومەتیش بەراورد بە ٢٨ساڵ پێش ئێستا، زۆر زیاتری کردووە. لەم توێژینەوەیەدا چەندین نمونە و باسی لەمجۆرە دەخوێنیتەو.

14301
9 789922 206868

2020